وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
کۆلێژی ئاداب
بەشی مێژوو – قۆناغی سێیەم (ئێواران)
سمستەری دووەم

# مێژووی نوێی ئەوروپا لەسەدەی ١٩

مامۆستای بابەت: بارزان محمد علی

٢٠٢٣ -٢٠٢٤

## بارودۆخی ئەوروپا پێش کۆنگرەی ڤیەننا

گـــــــــــەمــــــــــارۆدانی کـــــــیـــــــشـــــــــــوەری
وازهێنانی ناپلیۆن لە دەسەلات و ڕووخاندنی ئیمپڕاتۆریەتی فەڕەنسی

**کۆنگرەی ڤییەنا ١٨١٥**

**ئەوروپا لەبەردەم پەیماننامە و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان**

**شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا**

**هۆیەکانی دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا**
**دەرئەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازی**
**شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٣٠**
**شۆڕشەکانی ١٨٤٨**

**پرسی رۆژهەڵات (المسالة الشرقية)**

**یەکێتی ئیتاڵیا ١٨٦٠ – ١٨٦١**

**بارودۆخی ئیتاڵیا بەر لە یەکێتی**
**ڕۆڵی (کافور) لە یەکێتی ئیتاڵیا**
**ڕاگەیاندنی یەکێتی ئیتاڵیا**

**یەکێتی ئەڵمانیا ١٨٧٠ – ١٨٧١**

**بارودۆخی ئەلمانیا بەر لە یەکێتی**
**ڕۆڵی (بسمارک) لە یەکێتی ئەڵمانیا**
**ڕاگەیاندنی یەکێتی ئەڵمانیا**

**بارودۆخی ئەوروپا لە نێوان ساڵانی ١٨٧٠ – ١٩١٤**

بارودۆخ لە بەریتانیا
بارودۆخ لە فەرەنسا
بارودۆخ لە روسیا
بارودۆخ لە ئەڵمانیا

# لـيـستى سـەرچـاوەكـان:

## سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:


١- عبدالحميد البطريق          تاريخ الاوروبي الحديث من عصور النهضة حتى موتمر فينا
٢- تايلر          الصراع على السيادة في أوروبا ١٨٤٨ – ١٩١٨
٣- هارولد ئيمپرلى          أوروبا في القرنين التاسع عشر و العشرين (١٧٨٩ – ١٩٥٠)
٤- حاطوم          تاريخ الحركات القومية في اوروبا
٥-فيشر          تاريخ اوروبا الحديث (١٧٨٩ – ١٩٥٠)
٦- د. فاضل حسين          تاريخ اوروبا الحديث (١٨١٥ – ١٩٣٩)
٧- براون          المكتبة الاوروبية في القرن التاسع العشر
٨- عبدالعزيز سليمان نوار          التاريخ المعاصر الاوروبية من الثورة الفرنسية الى الحرب العالمية الثانية
٩- گراند          تاريخ اوروبا الحديث في القرنين ١٩ – ٢٠
١٠- كرلتون هز          تاريخ اوروبا الحديث
١١- أمال السبكي          أوروبا في القرن التاسع العشر
١٢- محمد صبري          الثورة الفرنسية و ناپليون
١٣-عبدالمجيد النعنعي          أوروبا في بعض الازمنة الحديثة و المعاصرة
١٤- خليل علي مراد والاخرون          دراسات في التاريخ الاوروبي الحديث و المعاصر
١٥- على حيدر سليمان          تاريخ حضارات اوروبية الحديثة
١٦- احمد مظفر الدهيمي          تاريخ اوروبا الحديث


## سەرچاوە بە زمانی كوردی:


١- عەبدولعەزیز سلیمان نوار: مێژووی نوێی ئەوروپا لە چەرخی ڕێنیسانسەوە تا کۆنگرەی ڤـیـەنــا. وەرگێر: خالید هەركی

٢- ئەحمەد نقیب زادە          سیاسەت و حكومەت لە ئەوروپا

٣- عومەر عەبدولعەزیز          ئەوروپا لە نێوان ساڵانی ١٨١٥ – ١٩١٩

٤- عەبدولعەزیز سلیمان نوار          مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا لە شۆڕشی فەڕەنسییەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی. وەرگێر: خالید هەركی

٥- فازڵ حوسێن، كازم هاشم نعمە          مێژووی نوێی ئەوروپا ١٨١٥ – ١٩٣٩. و: مستەفا سەعید

# بارودۆخی ئەوروپا پێش کۆنگرەی ڤیەننا

ڕووداوە مێژووییەکانی ئەوروپا لە دوای شۆڕشی فەڕەنسیەوە پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو بە بەستنی کۆنگرەی ڤیەننا بۆیە پێویستە تیشکێکی خێرا بخەینە سەر فراوانخوازییەکانی ناپلیۆن لە ئەوروپا.

لە ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەکدا(١٧٩٢-١٨١٥) فەڕەنسا چەندین جەنگی کردو، لە سەردەمی ناپلیۆن دا فەڕەنسا بەشێکی زۆری ئەوروپای داگیرکردو پارسەنگی نێودەوڵەتی تێکدا ئەوەش مەترسیەکی زۆری خستە دڵی وولاتانی گەورەی وەک ڕوسیاو پروسیاو نەمساو بەریتانیاوە.

ناپلیۆن کاری لەسەر گۆڕینی نەخشەی سیاسی ئەوروپا کرد خاکی فەڕەنسا لە سەردەمی ناپلیۆن بەڕێژەیەک فراوان بوو کە پێشتر وای بە خۆوە نەدیبوو جگە لە خاکی خۆی بەلجیکاو هەموو زەوییەکانی نێوان فەڕەنساو ڕووباری(راین)ی دەگرتەوە، دواتر کاری بۆ ئەوەکرد کەنارەکانی ئەڵمانیا تا دەریای بەلتیکی ڕۆژئاوا بخاتە ژێر دەستی جگە لەوەش دەستی بەسەر هەموو کەنارەکانی ئیتاڵیا داگرت لە سنوری فەڕەنساوە تاوەکو ڕۆما.

ناپلیۆن هەر بە فراوانکردنی سنوری فەڕەنسا نەوەستا بەڵکو بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەوڵی گۆڕینی سیماکانی ئەوروپای دا بۆ نموونە سویسرا هەر بە ناوی کۆمارێکی سەربەخۆ بوو بە ڕواڵەت سەر بە فەڕەنسا بوو، جگە لەوەی هەڵسا بە دامەزراندنی میرنشینی ڤێرسۆفیا لە پۆلۆنیا کە بە مەلیکی سەکسۆنیای بەخشی کە دۆستی خۆی بوو بەبێ گوێدان بە بەرژەوەندی و مافەکانی بروسیاو نەمساو روسیا.

لە نێوان ساڵانی **(١٨٠٥-١٨٠٧)** ناپلیۆن زنجیرەیەک سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەری بەدەست هێنا لە ناوچەکانی (ئۆلم-ئۆستەلیتز-یەننا-فرید لَند) ئەم سەرکەوتنانە سەرەتا نەمساو دواتریش برووسیایان ناچارکرد بۆ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەو ڕێکخستنی بارودۆخ لە **(تلست)** لە نێوان ناپلیۆن و ئەسکەندەری قەیسەری ڕووسیا کە لە ٨ی تەمموزی ١٨٠٧ بەسترا، کە تێدا سزای قورس بەسەر بروسیا سەپێندرا لەوانە:

١- لە رۆژئاوای ئەڵمانیا ناپلیۆن میرنشینێکی دروست کرد بەناوی وستگالیا و براکەی خۆی تێدایکردە دەسەڵاتدار،

٢- لە خاکی بروسیا لە پۆلۆنیا دەوڵەتێکی بەناوی دۆقیەی ڤێرسۆفیای دروستکرد و خستیە سەر پادشای سەکسۆنیای هاوپەیمانی فەرەنسا .

٣- ژمارەی سەربازەکانیشی سنورداركرد

٤- سوپایەكی داگیرکاریشی لەسەر خاکەکەی دانا

هاوکات لە ئەڵمانیا لە نێوان ئەو خاکانەی بە فەرەنسای لکاندبوون لەگەڵ هەندێک لە خاکەکانی بروسیاو نەمسا دەوڵەتێکی لە چەند دەوڵەتۆکە دروست کردبوو ناوی نابوو(**یەکێتی راین**) ئەم دەوڵەتەشی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ئەمەش گورزێکی ئیمپراتۆری فەرەنسی بوو بەسەر ئەورووپای ناوەڕاستدا.

## گــەمــارۆدانی کـیـشــوەری

فەرەنسا لە دەریادا توانای ئەوەی نەبوو بەسەر کەشتیگەلی بەریتانیا زاڵبی، ئەمەش پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی لە ڕێگای سەپاندنی گەمارۆیەکی کیشوەری لە ساڵی ١٨٠٦ کاربکات بۆ لێدان لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بەریتانیا، بەتایبەتی کەرتی بازرگانیەکەی. مەبەست لە گەمارۆدانی کیشوەری ڕیگەگرتن بوو لە وڵاتە ئەوروپییەکان لە دروستکردنی و بەردەوامیدان بە پەیوەندییە ئابورییەکان بە تایبەتیش پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ ئینگلیز. لەو کاتەی زۆربەی بازارەکانی ئەوروپا پشتیان بە کاڵا و شتومەکی بەریتانیا دەبەست و پێداویستیەکانی بازاڕیان پڕدەکردەوە. لەو سۆنگەیەوە بە هاوکاری هێزە نێودەوڵەتییەکانی بۆ سەپاندنی ئەو گەمارۆیە چوونە پاڵ فەرەنساوە، ڕێگایان لەتەواوی جموجۆڵە بازرگانییەکانی کەشتیگەلی بەریتانیا لە ئاوە نێودەوڵەتییەکاندا گرت.

دوای ئەوەی لە ساڵە ١٨٠٦ بەپێی ڕاگەیەنراوێک ناپلیۆن لە بەرلین **(گەمارۆی کیشوەری)** لە دژی بەریتانیا ڕاگەیاند. لەو ڕاگەینراوە هۆشداری دایە تەواوی وڵاتە ئەوروپیەکان لە ئەگەری مامەڵە کردنی بازرگانی لەگەڵ بەریتانیا، ڕووبەڕووی دژایەتیکردنی حکومەتی فەرەنسی دەبنەوە، بڕیارەکە ڕێگای گرت لە لەنگەرگرتنی کەشتیگەلی ئینگلیزی لە کەنارە ئاوییەکانی فەرەنسا و بەندەرەکانی دیکەی سنووری وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانی فەرەنسا. لە ئەگەری شکاندن و

سەرپێچێکردنیش لەو بڕیارە، هێزی دەریایی فەڕەنسی دەست دەگرێ بەسەر هەموو ئەو کاڵاو شتومەکانی لەسەر کەشتی گەلەکەدایە.

ناپلیۆن لە ڕێگای سەپاندنی گەمارۆدانی کیشوەری، ئامانجی ئیفلیج کردن و سڕکردنی بازرگانی و پیشەسازی بەریتانیای هەبوو، لە ڕێگای داخستنی دەرگای بازاڕەکانی ئەوروپا لە بەردەم کاڵا بەریتانییەکان. بەڵکو لەو ڕێگایەوە شکست بە ئابووری بەریتانیا بهێنێ و دواتر ناچاری بکات ملکەچی خواستەکانی فەڕەنسا ببێ.

جێبەجێکردنی بڕیاری گەمارۆدانی کیشوەری بەسەر بەریتانیا بۆ وڵاتانی ئەوروپی کارێکی زەحمەت و دژوار بوو، بە تایبەتی لەو قۆناغە کە پیشەسازی بەریتانیا لە پێشکەوتن دابوو بە شێوەیەک تەواوی بازاڕەکانی ئەوروپای پڕکردبۆوە. بەدوورکەوتنەوەی بەریتانیا لە بازارەکان بۆشایی گەورە لە بازاڕەکانی ئەوروپا دروست بوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپی پەنایان بۆ بازرگانیکردنی قاچاغ برد لەگەڵ بەریتانیا.

بەریتانییەکان هاوشێوەی فەڕەنسیەکان لە ساڵی ١٨٠٧ گەمارۆیەکی کیشوەرییان لە دەریادا خستە سەر بازرگانی فەڕەنسییەکان و هەموو وڵاتانی هاوپەیمانی فەڕەنسا، بێگومان ئینگلیزەکان لە دەریادا باڵا دەستربوون، وەتوانای زیاتریان هەبوو لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان.

هەردوو وڵات لە ئەنجامی جێبەجێکردنی گەمارۆدانی کیشوەری تووشی زەرەرو زیانی ئابووری زۆر بوونەوە، لەبەریتانیا بەسەدان دەوڵەندو کۆمپانیای گەورە مایە پوچ بوون، هاوکات لە فەڕەنساش قەیرانی ئابووری دەستی پێکرد. بێکاری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوندا بوو، چەندان کۆمپانیا هاوشێوەی بەریتانیا مایە پوچ بوون. وێرای ئەوەی ئەو وڵاتاتەی سەر بە ناپیلۆن بوون بەو گەمارۆیە ڕازی نەبوون. بۆ نموونە کاتێک ناپیلۆن داوای لەپاپا بیۆسی حەوتەم کرد گەمارۆی کیشوەر لە ناوچەکەی خۆی لە ئیتاڵیا جیبەجێبکات، پاپا ڕەتیکردەوە بڕیارەکە جێبەجێبکات، بۆیە ناپلیۆن سوپای ناردە سەری و بۆ ماوەی (٥) ساڵان لە (١٨٠٩ – ١٨١٤) لە فەڕەنساش دەستگیری کرد، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ناو و ناوبانگی ناپلیۆن هەبوو لەلای کاسۆلیکەکان. لەلایەکی دیکە هیچ لایەنێک لە وڵاتانی ئیسپانیا و پورتوگال ڕازی نەبوون بڕیاری گەمارۆی کیشوەری جێبەجی بکەن. بۆیە ناپلیۆن ناچار بوو لە ڕێگای بەکارهێنانی هێز ئەوانیش مل کەچ بکات بۆ بڕیارەکەی خۆی. ئەوەبوو دوای ڕێککەوتن لەگەڵ پاشا (گـــــــــــۆدۆ)ی

ئیسپانیا، ناپلیۆن لە ساڵی ١٨٠٧ هێزێکی سەربازی بەسەرکردایەتی (جـــینوا) لە ڕێگەی ئیسپانیا ڕەوانەی پورتوگال کرد، توانی بەبێ بەرگری داگیری بکات و بەندەرەکانی دەست بەسەردابگرێ. دوای داگیرکردنی پورتوگال ناپیلۆن بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی ئیسپانیای داو توانی لە ڕێگای ڕەوانەکردنی هێزێک بەسەرکردایەتی (مـــــــــــورا) ئەو وڵاتەش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و کۆتایی بە حوکمی بنەماڵەی ئال بۆربۆن بهێنێ و پاشا (شارڵی چوارەم ١٧٨٨ – ١٨٠٨) لەدەسەڵات دووربخاتەوە و برایەکەی خۆی (جـــــــــــۆزێـــف پۆنـــــاپـــــــــــارت) بکاتە پادشای ئیسپانیا.

لە ڕێگەی ئەم نەخشەیەوە دەبینین ئەورووپای سیاسی سەردەمی ناپلیۆن زۆر جیایە لە ئەورووپای بەر لە شۆڕش ناهاوسەنگی و خۆسەپاندنی فەڕەنسای بە ڕوونی پێوە دیارە کە ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی وڵاتە زلهێزەکانی وەکو ئینگلتەراو ڕوسیا یەک ناگرێتەوە.

لەو کاتەدا کە جیهان بە چاوی گەشەسەندنەوە دەیڕوانیە ئیمپراتۆریەتەکەی ناپلیۆن بەڵام خۆری ناپلیۆن خێرا بەسەر ئاوابوون داکەوت ئەمەش **لەبەر چەند هۆکارێکی نابەرچاو** کە هێزەکەیان داماڵی و بەرەو لێکهەڵوەشان و لەناوچوونیان برد.

**گیانی نەتەوایەتی** لە ئەورووپا کە دەیانوویست لە دەست ناپلیۆن ڕزگاریان بێت هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆلاوازبوونی دەسەڵاتی ناپلیۆن و پاشەکشەکردنی هێزەکانی کە دواتریش کاریگەری هەبوو لەسەر تێکچوونی پەیوەندی هاوڕێیەتی ناپلیۆن و ئەسکەندەری قەیسەری ڕووسیا، چەند هۆکارێک بوونە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەو دوو هاوڕێیە لە یەکتر تا ئەوەی دواتر بڕیاریاندا شمشێر دادگاییان بکات، ئەو هۆکارانەی کە دەستێکی باڵایان هەبوو لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دوو کەسایەتیە بریتی بوون لە:

١- گەمارۆدانی کیشوەری کە زیانی بێ بەرامبەری بە بەرژەوەندییەکانی ڕووسی دەگەیاند.

٢- ترسی ڕووسیا لەوەی ناپلیۆن پۆلەندا بکاتە دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێزی وا کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا بکات.

٣- ناپلیۆن بە نهێنی کاری دەکرد بۆ ئەوەی پڕۆژەکانی ئەسکەندەری قەیسەری ڕووسیا هەڵبوەشێنێتەوە کە بریتیی بوو لە گرتنەخۆی هەرێمەکانی دانوب و فنلندا بۆ لای ڕووسیا.

له (١٢/نیسانی/١٨١٢) قەیسەری ڕووسیا هەموو ئامادەباشیەکی تەواوکردبوو ئەوسا نامەیەکی بۆ ناپلیۆن نارد کە دەست لە ڕێکخستنەکانی ئەڵمانیا هەڵگرێت و فەرمان بە لەشکرەکەی بدات لە بروسیا بکشێتەوە بەڵام ناپلیۆن لەو سەرکردانە نەبوو گوێ لەم فەرمانانە بگرێ بۆیە بە فەرماندایەتی خۆی لەشکرێکی مەزنی پێکهاتووە لە (٧٠٠,٠٠٠) حەوت سەد هەزار شەڕکەری لەفرە نەتەوەکان ئامادەکردو فەڕەنسای جێهێشت بەڵام لاوازییەکی زۆر لە پێکهاتەی ڕیزی سوپای ناپلیۆن دەبینرا ئەویش بەهۆی بوونی سەربازی فەڕەنسی و ئەڵمانی و پۆلۆنی و تلیانی و ئیسپانیی و سویسری و پرتوگالی کە ئەمەش وایکردبوو لە ڕووی زمان و شێوازی ژیانیان نەگونجێن و لە یەک تێنەگەیشتنیان پێوە دیاربوو، لە بەرامبەردا سوپای ڕووسیا هەڵگری یەک بڕواو بۆچوون بوون بە ئامانجی بەرگری لە خاک و نیشتمان هاتبوونە مەیدانی جەنگ.

هێزەکانی ڕووسیا لەم شەڕەدا پلانی کشانەوەی پێ بەپێ بەرەو ڕۆژهەلات جێبەجێکرد تا هێزەکانی فەرەنسی لە بنکەکانیان دوورکەونەوەو ڕێگەی هاتووچۆکردنیان بە ئاستەنگ بکەوێت لە مانگی ئاب یەکەم بەگژیەکداچوون لە شاری **(سمولنسک)ی** ڕووسی ڕوویدا لەم شەڕەدا فەڕەنیسەکان توانیان شارەکە داگیر بکەن و ڕووسەکانیش بەرەو ناوەوەی ڕووسیا پاشەکشەیان کرد ناپلیۆن بەدوایاندا هێرشی برد تا **لە (١٨١٢/٩/١٤) مۆسکۆشی** داگیرکرد، بەڵام شارەکە تەواو سوتێنرابوو ئەویش بە فەرمانی فەرمانڕەوای شار ناپلیۆن هەوڵیدا چاوەڕوانبێت تا ملکەچی ڕووسەکان ببینێت، بەڵام قەیسەری ڕووسیا بڕیاری خۆڕاگری و بەرگریکاری دابوو وە بە هەموو شێوەیەک ڕێککەوتنی لەگەڵ فەڕەنسیەکان ڕەت دەکردەوە.

ناپلیۆن بڕیاری کشانەوەی لەشکرەکەیدا ئەویش :

١- لە ترسی ئەوەی ڕووسیا لە لایەن وڵاتانی تری ئەوروپی هاوکاری پێ بگات

٢- هەروەها لە ترسی هەڵگەڕانەوەی خەڵک و ترسی بەرپابوونی شۆڕش لە ناوەوەی فەرەنسا

٣ - دواجار خەریک بوو سوپا ئازووقەی نەمێنێت

٤- وەرزی زستان نزیک بوویەوەو بەفری زەوی داپۆشی بوو، لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بە دەیان هەزار سەرباز لە برسان و لەسەرمان ڕەق بوونەوە هەر لەو گەڕانەوەشیاندا سوپاکەیان بە درێژایی ڕێگادا کەوتە بەر هێرشی هۆزەکانی قەوقاز و زیانی زۆریان لێدان بەم شێوەیە ئەم لەشکرە تا گەیشتە سنوری پروسیا تەنها سەد هەزارێکی لێ مایەوە.

به مەبەستی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکان لە ناوەوەی فەڕەنسا ناپلیۆن سوپاکەی لە بروسیا بەجێهێشت و خۆی گەڕایەوە پاریس ئەمەش بۆ ئەوەی لە کاتی گەیشتنەوەی سوپاکەی هەواڵی زیانەکان لە ناو خەڵک کە بڵاودەبنەوە نەبنە هۆی نانەوەی ئاژاوەو گێرەشێوێنی، بوونی خۆی لە پاریس بەهۆی ناوبانگی باشی دەتوانێ کۆنترۆڵی دۆخەکان بکاو فەرامۆشی ئازارەکانی سەرنەکەوتنەکانیشیان بکات.

لە کانوونی دووەمی ١٨١٣ ڕووسەکان ڕاوی لەشکرە هێرشبەرەکەی فەڕەنسایان دا توانیان بچنە ناو خاکی بروسیا و **دۆقیەی (ڤێرسۆفیا)** داگیر بکەن، بەم شێوەیە ڕووسەکان لە سەنگەری بەرگرییەوە چوونە سەنگەری هێرش بردن.

لە ئەنجامی ئەمەدا دەرگای ئومێد لەبەردەم ئەوروپییەکان والاکرا ئیتر ئەو کۆتە شکا کە پێشتر ئاستەم بوو شکست بە ناپلیۆن بهێنرێت بۆیە هێزی هاوپەیمانان کە پێکهاتبوون لە: **(ڕووسیا، پروسیا، نەمسا)** توانیان ببنە یەک و هەوڵ دەن ڕێ لە فەڕەنسا بگرن کە دەیویست ڕووەو ئەڵمانیا هەڵکشێ ئەوە وای لە فەڕەنسا کرد خێرا پاشەکشە بکات ئەم پاشەکشەیەش پاش جەنگێکی سێ ڕۆژە لە نزیک **(لینریک)** لە ڕێکەوتی (١٦-١٩) تشرینی یەکەم ١٨١٣ کە بە شکستێکی سەخت بۆ فەڕەنسا کۆتایی هات ئەم جەنگەش پێی دەوترێت (**جەنگی گەلان**).

سەرەڕای ئەم شکستە ناپلیۆن ئامادەنەبوو ڕێککەوتن بکات، ئەو ڕێککەوتنەی کە دەیگوت فەڕەنسا بە تەنها خاکی خۆی بۆ بمێنێتەوە بۆیە هاوپەیمانان بەرەو پاریس چوون بە سوپایەکی (٤٠٠,٠٠٠) توانیان لە ٣١/ئاداری/١٨١٤ دەس بەسەر پاریس دابگرن و ناپلیۆنیش دەستی لە کارکێشایەوەو دەست بەرداری تەختی ئیمپراتۆریەت بوو ئەویش بەپێی **بەڵێنامەی (فونتبلو)** کە لەگەڵ سەرکردەی هاوپەیمانییەکاندا بەستی لە بەرامبەردا هاوپەیمانان دوورگەی (ئەلب)یان بە ناپلیۆن بەخشی و دەرماڵەیەکی سالانەشی پێ دەدرا کە یەک ملیۆن فرانک بوو هەروەها ڕەزامەندی درا لەسەر مانەوەی نازناوی ئیمپراتۆر بۆ ناپلیۆن.

دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانان، پادشاو سەرۆکی وولاتان لە **کۆشکی (تالیران)** · کۆبوونەوەو بانگەوازێکیان بۆ گەلی فەڕەنسا بڵاوکردەوە تیایدا داوایان لە فەڕەنسیەکان کرد شێوازی حکومڕانی بۆ خۆیان دیاری بکەن وە پێشنیاریشیان بۆ کردن کە ڕژێمی پادشایەتی بگەڕێننەوە

ئەنجوومەنی پیران کۆبوونەوەی خۆی لە ٢/نیسانی/١٨١٤ بەست بڕیاریدا بە پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی کاتی بە سەرۆکایەتی تالیران، بەڵام تالیران پێی وابوو کە پێویستە بنەماڵەی بۆربۆن حکومی فەرەنسا بکەن کە بە هاتنی ناپلیۆن ئەم بنەماڵەیە هەموو ماف و ئیمتیازاتێکیان لە فەرەنسا لێوەرگیرابۆوە بۆیە تالیران لەگەڵ ئەسکەندەر قەیسەری رووسیا رێکەوت لەسەر ئەوەی لویسی هەژدەهەم برای لویسی شازدەهەم دەسەڵات بگرێتە دەست.

لە ٣٠/ئایاری/١٨١٤ پەیماننامەیەک بە ناوی (**پەیماننامەی یەکەمی پاریس**) لە نێوان فەرەنساو هاوپەیمانان بەسترا، بەپێی ئەم پەیماننامەیە فەرەنسایان بۆ سنوری (١٧٩٢ز) پێش شۆڕشی فەرەنسی گەڕاندەوەو کە هەندێک لە ناوچەکانی ئەلزاس و لایەکی رووباری راین و زۆربەی خاکی ساڤوای و ئەڤینون یان بۆ هێشتەوەو رێگەشیان پێدا کە داگیرگەکانی بگەڕێنێتەوە بەردەستی خۆی جگە لە دورگەی ئەنتیل و هەندێک دوورگەی تر لە زەریای هێمن وە هیچ باجێکیان بەسەر فەرەنسا نەهێشتەوە، دیارە ئەم نەرم و نیانیە بۆ ئەوە کرا تا یارمەتی فەرەنسیەکان بدەن وە خەڵکی فەرەنساش هاوکاری پادشا بکات و بۆ قایمکردنی پێگەی حکومڕانی.

لە کاتێکدا سیاسەتمەدارانی دەوڵەتە سەرکەوتووەکان خەریکی بەستنی کۆنگرەیەک بوون بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە ئەنجامی جەنگەکانی ناپلیۆنەوە هاتبوونە کایەوە هەروەها ئەو زەوییانەی کە ناپلیۆن داگیری کردبوون دابەشی بکەن، ناکۆکی و ملمڵانێیەکی زۆر کەوتە نێوانیان بۆیە ناپلیۆن دوای ئەوەی لە لایەن میرانی پادشای ناپۆلی ئەم هەواڵەی پێگەیشت بڕیاری گەڕانەوەی بۆ پاریس دا لە ٢٦/شوباتی/١٨١٥ لە دورگەی ئەلبا رایکرد بە نهێنی لە کەنارەکانی فەرەنسا لە نزیک شارێک دابەزی بە سوپایەک کە لە رێگادا پێ پەیوەستی بوون.

لە دوای ئەوەی نوێنەری وڵاتانی هاوپەیمان کە لە ڤیەننا خەریکی بەستنی کۆنگرەبوون، بە هەواڵی گەڕانەوەی ناپلیۆنیان زانی و ڕایانگەیاند کارەکانی کۆنگرە بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕابگرن و بەیاننامەیەکیان دەرکرد تێدا هاتبوو کە ناپلیۆن کەسێکی گوماناوی و لە دەرەوەی یاسایە تالیران بە ناوی فەرەنساوە واژووی لەسەر کردوو، بەپێی ئەوە ناپلیۆنیان بە دوژمنی هەموو جیهانی شارستانی داناو تەواوی گەلانی ئەورووپایان بانگهێشتکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی و لەناوبردنی.

لە ١٧/حوزەیرانی/١٨١٥ لە جەنگێک بە ناوی **جەنگی (واترلۆ)** ناپلیۆن ڕووبەڕووی ئینگلیزەکان بۆوە و لە سەرەتای جەنگەکە ناپلیۆن زۆر بەهێزی دەرکەوت و بەڵام لە دوای ئەوەی (بلوفەر)

سەرکردەی لەشکری بروسیەکان فریای ئینگلیزەکان کەوت و هاوسەنگی جەنگەکەی بەلْی ئینگلیزەکان داداو و سەرکەوتن بەسەر سوپای ناپلیۆن و سەرەڕای تێکشکانی ناپلیۆن سی هەزار(٣٠،٠٠٠) کوژراویان لە مەیدانی جەنگدا بەجێهێشت و ناپلیۆنیش خۆی تەسلیمی سەرکردەیەکی کەشتی دەریایی بەریتانی کرد بەڵام حکومەتی بەریتانیا قایل نەبوو کە مافی پەنابەری پێبدات و لە بری ئەوە بە کەشتیەکی جەنگی بەریتانی گوازرایەوە بۆ **دوورگەی (سنت هیلْنەی بەردی)** لە باشوری زەریای ئەتلەسی هەر لەوێ ژیانی بەسەر برد تاوەکو لە (٥/ئایاری/١٨٢٦) کۆچی دوایی کرد.

لە ٧/تەمووزی/١٨١٥ز نوێنەرانی هاوپەیمانەکان بۆ جاری دووەم چوونە پاریس و لویسی هەژدەهەمیان لەگەڵدا بوو لە پاشان لە ٢٠/تشرینی دووەمدا ڕێککەوتنامەی دووەمی پاریسیان واژوو کرد لەگەڵ فەرەنسادا، مەرجەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیە زۆر توندتر بوو لە مەرجەکانی ڕێککەوتنامەی یەکەم بە شێوەیەک سەپاندنی بەسەر فەرەنسادا کە دەبێ زیانە جەنگییەکان قەرەبوو بکاتەوە کە دەگەیشتە (٧٠٠)ملیۆن فرەنکی زێڕین و هەروەها دەبێ فەرەنسا ڕازی بێت بۆ ماوەی (٥)سال سوپای داگیرکەری هاوپەیمانان لە هەندێ هەرێمەکانی فەرەنسا بمێننەوەو ژمارەی ئەم هێزەش دەگەیشتە (١٥٠،٠٠٠) هەزار سەرباز وە دەبێ گەنجینەی فەرەنسایش خەرجییان لە ئەستۆدا بگرێت ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی گەلی فەرەنسا، بەپێی ئەم ڕێککەوتنامەیە سنوری فەرەنسا گەڕایەوە بۆ سەردەمی لویسی شانزەهەم و ڕێگەشیان پێ نەدرا هیچ زەوییەکان لە دەست بمێنێتەوە کە لە سەرەدمی شۆڕش دەستیان بەسەرداگرتبوو جگە لە شاری (نیس) و هەندێک لە خاکی سافوای نەبێ.

# ڕاگەیاندنی کۆنگرەی ڤیەننا

کەم بەشی مێژووی سیاسی ئەوروپا هەیە لە گرنگیدا بگاتە باسی ئەو کۆنگرەیەی کە لە ڤیەننا بەسترا بە مەبەستی گێڕانەوەی ئەو نەخشەیەی ئەوروپا کە ناپلیۆن ماوەی چەندین ساڵ دەستکاری کردبوو، ئەو کۆنگرەیە زۆربەی سەرکردەو پاشاو سیاسەتمەدارە گەورەکانی لەخۆگرتبوو لە بنەڕەتیشدا مەبەستیشی گێڕانەوەی نەخشەی ئەوروپا نەبوو بۆ ئەو بارەی کە لە پێش ناپلیۆن لە سەری بوو چونکە ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو بەڵکو هەریەک لە دەوڵەتە گەورەکان بە خەیاڵی نەخشەیەکی تایبەت بۆ دابەشکردنی هاتبوونە پێشەوە کە بەو هۆیەوە گەورەترین پشکیان دەست بکەوێت.

لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ناپلیۆن وڵاتە سەرکەوتووەکان دەبوایە کار بۆ گەڕاندنەوەی نەخشەی ئەوروپای سیاسی بکەن بۆ ئەوەی بیگێڕنەوە بۆ سەردەمی بەر لە شۆڕش یان هەر نەبێ لێەنی کەم لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیان بگونجێنن و بەسەر هەموو بزوتنەوە نەتەوایەتی و پێشکەوتن خوازەکانی ئەو وڵاتانەدا زاڵ بن.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لە پەیمانی پاریسی یەکەم داهاتبوو کە بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی لە سەرتاسەری ئەوروپاو چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان کۆنگرەیەک لە ڤیەننا ببەسترێت، دیارە هەڵبژاردنی شاری ڤیەننا بۆ ئەوە نەهاتبوو کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەوروپا، بەڵکو وەکو قەرەبوویەک بوو بۆ ئەو زیانانەی فەرەنسا لە نەمسای دابوون لە زیانی ماددی و سیاسی و دابڕاندنی خاک و سامانی، دواتر چوونە بن باری ئەو زیانانەی لە سەردەمی شۆڕشەوە کە لە هەموو وڵاتانی هاوپەیمان لێی کەوتبوو بۆیە هەموو لێەک ڕازی بوون شوێنی ئەو کۆنگرەیەی ڤیەننا بێ.

لە سەرەتایی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی ڤیەننا وڵاتانی هاوپەیمان لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە نابێ فەرەنسا هیچ ڕۆڵێک ببینێت لەم کۆنگرەیەدا، بەڵام تالیرانی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ناکۆکی و ڕای جیاوازی هاوپەیمانەکانی قۆستەوەو بە دیمەنێک خۆی دەرخست کە دەیەوێت پارێزگاری لە هاوسەنگی ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان دەکات بۆیە لە ئاکامدا فەرەنساش بانگهێشت کرا بۆ کۆنگرەکە.

له مانگی ئەیلولی ساڵی ١٨١٤ پادشاو سەرۆک و وەزیرەکان ڕوویان لەم شارەکرد بە مەبەستی بەستنی ئەم کۆنگرەیە ژمارەی شاندەکان گەیشتە (١٤٠) شاند، ئەوەی ڕاستی بێت پایتەختی نەمسا لەم ساڵەدا لەخۆشترین کات و سات دا بوو وە بۆ نەمساییەکان شانازی بوو کە خاوەن شکۆیەکی وەکو قەیسەری ڕوسیا ئەسکەندەری یەکەم خاوەن بەهێزترین سوپای دونیاو باشترین ئیمپراتۆریەت و فریدریک گلیۆن ی سێیەم پادشای بروسیاو بەهێزترین فەرمانڕەوای ئەڵمانیەکان و کالیسریی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، لەو کاتەدا ئامادە دەبن.

بە یەکگەیشتنی ئەم ژمارە کەسایەتیە پایە بەرزەی ئەوروپا بۆ وەزیری دەرەوەی نەمسا مەترنیخ دەرفەتێکی باش بوو دبلۆماسیەتی خۆی لەم ڕۆژەدا دەربخا بە تایبەت بە حوکمی ئەوەی خۆی وەزیری دەرەوەی وڵاتی خاوەن میوانە مافی خۆیەتی سەرپەرشتی کۆنگرە بکاو بۆچوونە پادشا خوازیەکانی خۆی و بیرە کۆنە پەرستیەکەی وردکاتەوە تەنانەت بۆ دوای کۆنگرەش کاریگەریان هەبێ.

## ئامانج و بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا

### یەکەم/ ئامانجەکانی کۆنگرە:

سیاسەتمەدارانی ڤیەننا لەسەر نەخشەکە کەوتنە گفتوگۆ و قسەیان لەسەر ئاشتی و پێویستی گێڕانەوەی ئاشتی کرد پاش ئەوەی نزیکەی بیست و سێ ساڵ جەنگ درێژەی کێشابوو، بەڵام بەهۆی بۆچوونی جیاو بەرژەوەندی جیاوە ئەم شاندە زۆرانە نەیانتوانی بگەنە هیچ ڕێککەوتنێک بۆیە بڕیاریان دا چوار وڵاتە مەزنە سەرکەوتووەکە بەجیا (ڕوسیا، بەریتانیا، بروسیا، نەمسا) لە لیژنەیەکی چوار قۆڵیدا کۆببنەوەو لە هەموو کێشەکان بکۆڵنەوەو چارەسەریان بۆ دیاری بکەن و پێشکەشی خاوەنی پەیوەندیدار بکەن ئەمە لە ڕووی شێوەی کێشەکان بەڵام لە ڕووی جێبەجێکردنەوە وڵاتە مەزنەکان سووربوون لەسەر ئەوەی دەستکەوتەکان لە نێوان خۆیان دابەش بکەن و نەخشەیەکی نوێش بۆ ئەوروپا دابڕێژن کە لەگەڵ بەرژوەندییە بنەڕەتیەکان یەک بێ، دەوڵەتە بچووکەکانیش ئەوەندەیان لەسەر بوو گوێڕایەڵی بڕیارەکانی چوار وڵاتە مەزنەکە بن.

لە سەرەتادا فەڕەنساش لە وڵاتە بچووکەکان بوو بەڵام بۆ قایم کردنی پێگەی لویسی هەژدەهەم لە ڕووی ناحەزانیدا فەڕەنساش خرایە ناو لیستی وڵاتە مەزنەکان دەبێ ئەوە بڵێین زیرەکی و بلیمەتی تالیران بووە هۆی ئەوەی کار بکاتە سەر کۆنگرە تا فەڕەنساش لە وڵاتە مەزنەکان ئەژمار بکرێت.

گفتوگۆی وڵاتانی هاوپەیمان ڕایکرد ئامانجەکان دابەش بکرێنە سەر دوو بەش(گشتی و تایبەتی) ئامانجە گشتیەکان هەموویان لە سەری ڕێک کەوتبوون کە لە سەرتاسەری ئەوروپا ئەنجام بدرێت، هەرچی تایبەتیش بوو هەر دەوڵەتە بەجیا دەبێ ئەمەیان ناکۆکی لێ کەوتەوە.

## أ- ئامانجە گشتیەکان:

### ١- پارسەنگی جیهانی:

مەبەست لە پارسەنگی جیهانی دەستکەوتنەوەی ئەو زەویانە بوو بۆ هەر ولاتێکی زلهێز کە لە سالّی (١٨٠٥) لە ژێر دەستی دابووە، ولاتانی دوژمنی فەرەنساو ناپلیۆن هەستیان کرد کە ناپلیۆن پارسەنگی جیهانی تێکداوە بۆیە پێویستە فەرەنسا بگەرێتەوە بۆ سنوورە کۆنەکانی و بە ولاتانی بەهێز دەورە بدرێت و رێگە بە فەرەنسا بگیرێت ئەمەش لە ترسی پێشرەوی لە داهاتوودا، نەوەکو جارێکی تر پارسەنگی جیهانی تێکبدات، بەمەش کۆنگرەی ڤیەننا تا ئەندازەیەک پارسەنگی جیهانی گەراندەوە.

### ٢- شەرعیەت:

شەرعیەت ئەو بنەمایە بوو کە فەرەنسا پێداگری لەسەر دەکردو قۆستیەوە بۆ گەراندنەوەی پێگەی خۆی کە بریتی بوو لە گەراندنەوەی بنەمالّەکانی پادشایەتی کۆن بۆ ولّتەکانیان لەگەل تەواوی ئیمتیازاتەکانیان و گەراندنەوەی حوکمی رەها بەپێی توانا لە فەرەنسادا بنەمالّەی (بۆربۆن) گەراندنەوە بۆ دەسەلات هەروەها بنەمالّەی بۆریۆن گەرانەوە بۆ (ناپۆلی و سقلیە)و مولّکەکانیان وەرگرتەوە، بنەمالّەی (سافۆ)یش گەرانەوە بۆ (سەردینیا)، بنەمالّەی (ئۆرانج)یش گەرانەوە بۆ هۆلّەنداو بەلجیکاش خرایە سەر، پاپاش گەرایەوە بۆ سەر مومتەلەکاتە زەمینەکانی لە ئیتالّیا.

### ٣- قەرەبووکردنەوە:

ئەمەش تایبەت بوو بە ولاتە بچووکەکان کە لە لّیەن ولاتە گەورەکان قەرەبوو دەکرانەوە لە بری بەشداریکردنیان لە رووخانی ناپلیۆن، سزای هەندێ ولاتیشیان دا کە لەگەڵ ناپلیۆندا وەستابوون وەک سەکسۆنیاو دانیمارک و دۆقی وارشۆی گەورە.

نەمسا بەوازهێنانی لە مافەکانی لە زەوییە نزمەکانی باشوری (بەلجیکا) بە مەرکەزێکی سەرکردایەتی لە ئیتالّیا قەرەبوو کرایەوە، جگە لەوەش کۆماری بوندوقیەی درایە پالّ.

دۆقیەی میلّنۆ (لۆمباردیا) بە شێوەیەکی راستەوخۆ درا بە ئیمپراتۆریەتی هایسبۆرگ و ئەندامانی بنەمالّەی هایسبۆرگ لەسەر عەرشی دەولّەتۆکەکانی ئیتالّیای ناوەراست (توسکانیا، پارما، مۆدنیا) دانران، سەرکردایەتی ئەم بنەمالّەیەش لەژێر قەلّەمرەوی نەمسابوو.

پروسیاش هەموو ئەو زەوییانەی بۆ گەڕایەوە کە ناپلیۆن لێی دابڕاندبوو سەرەڕای ئەوەش بومیرانیای سویتو بەشێکی زۆری زەوییەکانی سەکسۆنیا و هەموو (پاستڤالیا)و زۆربەی زەویەکانی (ڕاین)ی دەستکەوت، بەمەش لەبەر دەرگای فەڕەنسا وەستاو بوو بە هەڕەشە بۆی و لە پارێزگاریکردنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوایدا شوێنی نەمسای گرتەوە.

پۆڵەنداو فلندا ڕاستەوخۆ درایە ڕووسیا لەبەر ڕۆڵی گرنگی لە ڕووخاندنی ناپلیۆن دا، هەروەها ناوچەی (ساربیا)ی تورکیای بەدەست هێنا.

کۆنگرە بڕیاری گەورەکردنەوەی و بەهێزکردنی سەردینیادا بۆیە (سافۆی و بیدمۆنت)ی بۆ گەڕێنرایەوەو(جەنەواش)ی خرایە سەر.

هەرچی سەبارەت بە بەریتانیایە لە ئاهەنگی دابەشکردنی زەوییە ئەوروپیەکاندا بەشداری نەکرد، بەڵام هەوڵی خۆی بەرتەسک کردەوە لە فراوانکردنی داگیرگە دەریاییەکانی خۆیدا توانی ماڵتەو دوورگەکانی ئایۆنیاو هلیکۆلندو داگیرگەی ئالکاب و مۆرتینۆس و گیناو تۆباکۆ و ترنداد بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

ئەو دابەشکردنەی دەستکەوتەکان کە ئاماژەمان پێکرد بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو گیانەی ئەو کۆنگرەیە لە خۆی دەگرت چۆن بووە سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی ئامادەبوانی نوێنەران لە کۆنگرەکەدا کەچی خێرا ئەوە ڕوون بووەوە کە هەموو کارەکان بەدەست دەوڵەتە گەورەکانەو دەوڵەتە بچووکەکان هیچ بەدەستن.

**ب- ئامانجه تایبەتیەکان:**

له تەک ئامانجه گشتیەکان هەر وڵاتەو ئەجنداو مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو دەیویست به ئەنجامی بگەیەنێ که ئەمەش بووه هۆی لەیەک هەڵقۆزینەوەو بەیەک نەگەیشتن و هەڕەشەی جیابوونەوەی له ئامادەبوانی کۆنگره دەکرد، له خوارەوه به کورتی باس له بنەماکانی سیاسەتی هەریەک له وڵاته مەزنەکان له کۆنگرەی ڤیەننا دەکەین.

**١- ئامانجەکانی نەمسا:**

مەتریيخ وتووێژکاری نەمسایی و سەرۆکی کۆنگره ئەوەی لەڵ ڕوون و ئاشکرابوو، ئەو گورزو زیانانەی که وڵاتەکەی تووشی هاتبوو لەسەر دەستی ناپلیۆن، به میوانداری کردنی وڵاتەکەی بۆ کۆنگره قەرەبوو ناکرێتەوه، بۆیه مەترنیخ ئەو ئومێدانەی که چاوی لێ بوون بریتی بوون له:

١- گەڕاندنەوەی خاک و هەرێمه داگیرکراوەکان له لێەن فەڕەنساوه.

٢- پاراستنی بەرژەوەندییه کۆنەکانی له ئیتالیا.

٣- ڕووسیاش له چارەنووسی پۆلۆنیاو دەستێوەردان له کاروباری ئەڵمانیا سەرفراز نەکەن.

٢- ئامانجەکانی بەریتانیا:

ئینگلیزەکان داواکاری سەرەکیان له کیشوەری ئەوروپا بریتی بوو له پاراستنی پارسەنگی هێزەکانی له نێوان وڵاته ئەوروپییەکاندا به شێوەیەک هیچ لێەنێک نەتوانێ ئەویتریان پەراوێز بکا هەروەها له ڕێگەی ئەم هاوسەنگیەش دەتوانێ ئارامی و ئاشتیەکی تەبا له ئەوروپا بەرقەرابێ، ئەمه جگه لەوەی لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێ چاودێری فەڕەنسا بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر ئارامی و ئاسایشی وڵاتەکان نەشێوێنێ و وه سنور دانانیشه بۆ چاوتێبڕینەکانی ڕوسیا له ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، له لێەن دەریایشەوە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (کاسلریه) لەسەر قۆرخکردنی دەریا پێی داگرت و سەروەری دەریایی به مافی خۆیانی دەزانێ.

### ٣- ئامانجەکانی ڕوسیا:

ڕوسیا ئەو کات بەهێزترین وڵات بوو لە ڕووی سوپاییەوە هەر بۆیە بە مافی خۆی دەزانیٰ ڕۆڵێکی سەرەکی لە سیاسەتەکانی کیشوەر هەبیٰ بەتایبەتی کە ڕوسیا بەشداریەکی کارایی هەبووە لە لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتی فەڕەنسا، بۆ ئەم مەبەستەش لە پێناو پاراستنی باری ئارامی کیشوەر داوای هاوپەیمانێتیەکی لە نێوان وڵاتە مەزنەکان کرد بە سەرۆکایەی خۆی.

جگە لەمە ڕووسیا چاوی لە پۆلۆنیاش بوو کەچی پێشتر ئەسکەندەری قەیسەری ڕووسیا بەڵێنی بە پروسیادابوو کە دۆقیەی وارشۆی گەورە کە ناپلیۆن دروستی کردبوو لە ناوببات و نەمسای بداتیٰ بەڵام بە سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە جەنگی نەتەوەکاندا لە ساڵی (١٨١٣) قەیسەری ڕووسیا لەبەر بەرژەوەندییە تایبەتەکانی بۆچوونی گۆڕی لە بەرامبەر ئەمەدا سەکسۆنیای بە پروسیای بەخشی، بەڵام (مەترنیخ) لە بوونی ڕوسیا لە ئەوروپای ناوەند بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەترسا بۆیە لە دژی پێشنیارەکانی وەستا، (کاسلێری) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بە شێوەیەکی گشتی بڕوای بە ڕووسیاو بە شێوەیەکی تایبەتی بڕوای بە قەیسەر نەبوو بۆیە چووە پاڵ(مەترنیخ) بەم جۆرە کێشە لە نێوان (روسیاو پروسیا) لە لێیەک و(نەمساو بەریتانیا) لە لێیەکی ترەوە دروست بوو.

### ٤- ئامانجەکانی پروسیا:

ئامانجی سەرەکی پروسیا بریتی بوو لە دەست بەسەرداگرتنی خاکەکانی سەکسۆنیا ئەمەش لەبەر ئەوەی لە سەردەمی ناپلیۆن پادشای سەکسۆنیا لێەنگری فەڕەنسا بووە و زیانی زۆری بە پروسیا گەیاندووە لە بەرامبەر ئەمەشدا نایەویٰ فردریکی سێیەم سزابدات تەنها ئەوەنەبیٰ لەسەر تەختی پادشایەتی دابەزێنیٰ و دەست بە خاکیەوە بگریٰ.

لە پاڵ ئەم داواکارییە شاندی بروسی لەسەر ئاستی فەرمی دەوڵەت هەندێک داواکاری تری قورسی هەبوون کە بریتی بوون لە دەستگرتنی بەسەر هەرێمی ئەلزاس و لۆرینی فەڕەنسی، هەروەها پروسیا داوای یەکخستنی هەموو دەوڵەتۆکەکانی ئەڵمانیایان لە ناویەک دەوڵەتی مەزنی بەهێزدا دەکرد.

### ٥- ئامانجەکانی فەڕەنسا:

فەرەنسا تاکە وڵاتی دۆڕاو بوو کە بەشداربوو لەو کۆنگرەیە بۆیە داواکاریەکانیش زۆر سادە بوو ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ (تالیران) کە سەرۆکی شاندی فەرەنسا بوو کە زۆر بە نیانی و دبلۆماسیانە ڕەفتاری دەکرد بۆ ئەوەی لەم کۆنگرەیە فەرەنسا لە نامۆیی بەدەرنێ چونکە وڵاتانی هاوپەیمان دەیانویست فەرەنسا وەکو وڵاتێکی بێ هێز بمێنێتەوە لە ترسی ئەوەی جارێکی تر ئاژاوەو سەریەشە بنێتەوە، داواکارییەکانی بریتی بوون لە:

١- گەڕاندنەوەی پێگەی سیاسی فەرەنسا وەکو وڵاتێکی مەزن.

٢- دەست هەڵگرتن لەو شوێنانەی کە ناپلیۆن داگیری کردبوون کە ئەمەش زیاتر لە پێناو بەدەست هێنانی متمانەی وڵاتانی هاوپەیمان بوو.

٣- پشتگیرکردنی سیستەمی بۆماوەیی پاشایەتی.

٤- تەنها داوایەکی کە زۆر بە کارامەیی و شاراوەیی دەربڕی بریتی بوو لەوەی کە پێویستە چاوتێبڕینەکانی نەمساو هەوڵەکانی بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئیتاڵیا بەپێی توانا سنوردار بکرێت.

## دووەم/ بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا:

١- کۆنگرە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بازرگانیکردن بە بەندەو کۆیلە دەکرد بەو پێیەی لەگەڵ بنەما مرۆڤایەتیەکاندا ناگونجێت و لەگەڵ ئاکارە گشتیەکاندا یەکناگرێتەوە بۆیە هەریەک لە فەرەنساو ئیسپانیاو هۆڵەنداو سوید قەدەغەیان کرد.

٢- بە چاوی دادپەروەرییەوە سەیری ئەو کەسانە بکات کە لە جەنگدا زیانیان لێکەوتووە.

٣- ڕێککەوتن لەسەر بنەمای ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕووبارە نێو دەوڵەتیەکان.

٤- چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتان لە ڕێگەی دبلۆماسی .

## سێیەم/ گرنگترین ئەو ڕەخنانەی لە کۆنگرەی ڤیەننا گیرا:

سەرکردەکانی کۆنگرەی ڤیەننا بەدواکەوتوو و داخراو وەسف کران کە گوایە لە پیاوانی سەردەمی کۆنن ئەوانن کە تا ئەندازەیەکی زۆر بیرو بۆچوونی نویٚ کاریان لیٚ ناکات، سەرەڕای ئەو چارەسەرەی کە دایනابوو بۆ ماوەی نزیکەی چل ساڵ پارێزگاری لە ئاشتی کرد، چەند ڕەخنەیەک لەو چارەسەرەگیرا.

١- چارەسەرەکە هەوڵیدا ئەو پارسەنگە نێو دەوڵەتیە تێکچوەی کە ناپلیۆن دروستی کردبوو بگەڕێنێتەوە بەڵام پارسەنگی نێودەوڵەتی نوێش ڕوسیا زەوتکردنی پۆڵەنداو فنلەنداو نزیک بوونەوەی لە ئەورووپای ناوەڕاست بەتایبەتی ترسی خستبووە نێو دڵی نەمساو بەریتانیاوە تێکدا.

٢- بڕیارەکانی کۆنگرە جەنگ بوون بۆ سەر بیروبۆچوونە ئازادو دیموکراتیەکان، چونکە مافە شەرعیەکان گەڕانەوە بۆ پاشاو گەلیش بیٚ بەش کرا لە بەشداریکردن لە فەرمانڕەواییدا.

٣- جێبەجێکردنی بنەمای شەرعیەت هەندێک لە حاکمە دیکتاتۆرەکانی گەڕاندەوە سەر دەسەڵاتی وڵاتەکەیان سەرەڕای ناڕەزایی گەلەکانیان وەک ئەوەی لە نەمسا ڕوویدا بەبیٚ ڕەزامەندی گەلەکەی (تیرون) گەڕێنرایەوە بۆ سەر دەسەڵات.

٤- کۆنگرە هەندێک لە داخوازیەکانی دەوڵەتە بچووکەکانی پشتگویٚ خست و گرنگی پێنەدا وە هەندێک مافەکانیانی کردە قوربانی لە پێناو بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکاندا.

## دەرئەنجامی کۆنگرە:

١- کۆنگرەی ڤیەننا هەوڵیدا ئەوروپا بگێڕیتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم بەوەی سەردەمی سەرکردەو بنەماڵە و پاشاکان بگێڕیتەوە.

٢- چارەسەریەکی سیاسیانەی بۆ کێشەی پۆڵۆنیا دۆزیەوە کە بە درێژایی سەدەی هەژدەهەم جێی مشتو مڕی نێوان ڕوسیاو نەمساو بروسیا بوو.

٣- کۆنگرە هیچ بایەخ و گرنگیەکی نەدا بەو گیانە نەتەوایەتیەی کە لە کاتی شۆڕش و جەنگەکانی ناپلیۆندا بە ناو گەلانی ئەوروپادا بڵاوببۆوە و پشتگوێیان خست.

٤- کۆنگرەی ڤیەننا دەستی بروسیای لە ڕۆژهەلاتی ئەوروپا والاکرد.

٥- بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرە دەریاو زەریاکان و هاتووچۆی نێوان ولاتان بۆ ئینگلتەرا قۆرخ کران.

٦- کۆنگرە دەستێکی بالای هەبوو لە دابینکردنی سەقامگیری و ئارامی بۆ ئەوروپا.

# ئەوروپا لەبەردەم پەیماننامە و کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان

ماوەی نێوان ساڵانی (١٨١٥-١٨٢٣) جیادەکرێتەوە بە باڵادەستی رژێمە کۆنەپەرستەکان (الرجعیة) لە ئەوروپا. بەشێوەیەک پاشاکان دەسەڵاتیان گەڕایەوە بە گوێرەی بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا و هەروەها سیاسەتێکی توندوتیژی سەریهەڵدا بە جۆرێک هەوڵیاندا هەموو جۆرە بنەما و پەیڕەوێکی بیروباوەڕی شۆرشی فەرەنسی کە بەخۆیەوە بینی بوو کۆتایی پێ بهێنن. ئەمەش بە ئامانجی ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانی هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە، بۆ ئەمەش ڕاوێژکاری نەمسا (مەترنیخ) کارێکی خۆبەختکەرانەی کرد لە پێناوی پارێزگاریکردن لە رژێمی پاشایەتی لە ئەوروپا، دیارە بەهۆی هەوڵەکانی مەترنیخ مێژوونووسان ئەم سەردەمەیان ناوناوە (چەرخی مەترنیخ) ئەم کەسایەتیە بەدوژمنی سەرسەختی شۆڕشگێرەکان و بانگەشەکارانی گۆرانخوازان دادەنرا. تاوەکو ساڵی ١٨٤٨ لەدەسەڵاتەکەی دەمێنێتەوە و بەدیاترین سیاسەتمەداری ئیمپراتۆریەتی نەمساوی بە تایبەت و ئەوروپا بەگشتی لەو قۆناغە مێژووییە دادەنرێت .

## ١- ڕێکەوتننامەی ئەکس لاشابیل :

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ئەیلولی ساڵی ١٨١٨ لەشاری ئەکس لاشابیل لە ئەلمانیا بەسترا، مەبەست لەم ڕێکەوتنەش دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەرێک بوو بۆ کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە خاکی فەرەنسی کە دوای شکانی ناپلیۆن لەشەڕی واترلۆ تیایدا مابوونەوە، هەروەها چاوخشاندنەوە بە وەرگرتنی فەرەنسا لە ( کۆمەڵەی بیروڕای ئەوروپی ). ئەوەش دوای ئەوەی کە خەرجیەکان دەداتەوە و رەزامەندە بە پارێزگاریکردن لە هێمنی و ڕێزگرتن لە پەیماننامەکان، بەشداربووانی کۆنگرەکەش بریتی بوون لە ( روسیا – پروسیا- بەریتانیا- نەمسا ) ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە سوپای هاوپەیمانەکان لە فەرەنسا بکشێنەوە پێش تشرینی یەکەم ١٨١٨، بەڵام پرسی وەرگرتنی فەرەنسا لە کۆمەڵەی بیروڕای ئەوروپی یەکدەنگ نەبوون بەتایبەت رووسیا و نەمسا، فەرەنساش داوایکرد هاوبەشی وڵاتان بکات لە پاراستنی هێمنی و ئاسایش لەسەر بناغەی ڕێکەوتننامەکان. هەر لەم کۆنگرەیەدا باس لە کێشەی نێوان ( دانیمارک و سوید ) کرا، هاوکات پرسی دەستوەردانی وڵاتان لەکاروباری یەکتر لە کاتی پێویست لە نێوان رووسیا و نەمسا لە لایەک و ئینگلتەڕا لە لایەکی دیکەوە خرایە بەرباس، لەم بارەیەوە ئینگتەرا سەرکەوتنی بەدەست هێنا .

## ٢- کۆنگرەی تروباو ١٨٢٠

ئەم کۆنگرەیە لە تشرینی یەکەمی ١٨٢٠ لە شاری (تروباو) لە سیلیزیا بەسترا، وولاّتانی بەشداربووی کۆنگرەکە بریتی بوون لە ( ئینگلتەرا ، نەمسا، روسیا، پروسیا، فەرەنسا) لەم کۆنگرەیەدا ئەم وولاّتانە بەسەر دوو لایەن دابەش بوون بە شێوەیەک ( نەمسا و رووسیا و پروسیا) لە لایەک و ( فەرەنسا و ئیمگلتەڕا) لە لایەکی دیکەوە. فەرەنسا دژی دەست تێوەردانی مترنیخ بوو لە ناردنی هێز بۆ ئیتالّیا کە خۆپیشاندان و کوشت و بڕی و کاری توند و تیژی تیایدا دژی دەسەلاّتی نەمساوی ئەنجام دەدرا و کە بزوتنەوەیەکی نیشتمانی سەرکردایەتی دەکرد. بەلاّم ئەو سێ دەوڵەتە سەرەڕای نارەزایی فەرەنسا و ئینگلتەڕا توانیان لە نێوان خۆیاندا ڕێک بکەون بەوەی کە دەستور و یاسا بگێڕنەوە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە مەترسیان هەیە جگە لەو وولاّتانەی کە بەهۆی شۆڕشەکانەوە یاسای حوکمڕانی تێدا گۆڕاوە، هەر لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری دەست تێوەردانی نەمسا بۆ ناپۆلی درا هەرچەندە فەرەنسا و ئینگلتەرا لەسەر ئەو بڕیارانە ڕازی نەبوون کە ئەو سێ دەوڵەتە داویانە .

## ٣- کۆنگرەی لایباخ ١٨٢١

ئەم کۆنگرەیە بەتەواوکەری کۆنگرەی تروباو دادەنرێت کە لە ساڵی (١٨٢١) لە شاری (لایباخ)ی نەمساوی بەسترا، بە ئامادەبوونی پاشای ناپۆلی بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی کێشەی نەمساوی، هەموو ئەو وولاّتانەش ئامادەی کۆنگرەکە بوون کە پێشتر لە کۆنگرەی تروباو بەشداربوون، ئامادەبوانی کۆنگرە بڕیاری دەستوری ناپۆلی تازەیان ڕاگەیاند بەجۆرێک لە (٣/ شوباتی ١٨٢١ بڕیاردرا کی هێزێکی نەمساوی ڕەوانەی ئەو وولاّتە بکات بۆ لەناوبردنی بزوتنەوە نیشتمانیەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا فەرەنسا دەیویست ڕێگری لەم لەشکرە سەربازییە بکات، بەریتانیاش بە بێ لایەنی مایەوە لەم پرسەدا، لەگەڵ ئەوەش بە ناڕاستەوخۆ پشتگیری فەرەنسای دەکرد .

لەدوای ئەوەی مترنیخ راوێژکاری نەمسا پالپشتی هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی بەدەست هێنا لە دەست تێوەردانی سەربازی لە ناپۆلی بۆ لێدانی شۆڕش و گێڕانەوەی کورسی پاشایەتی بۆربۆنی، توانی بە ئاسانی بەرگری ناپۆلی بشکێنێت لە ( بیدمۆنت) لە (٢١/ ئازاری ١٨٢١) کۆنگرەی لایباخ بە

سەرکەوتنێکی گەورە داندرا بۆ سیاسەتی مترنیخ کە رووسیا و پروسیاش پشتگیریان دەکرد" لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاشکرا بووە هۆی دوورکەوتنەوەی هەریەک لە فەرنسا و بەریتانیا لە نەمسا و رووسیا و پروسیا .

## ٤- کۆنگرەی ڤیرۆنا ١٨٢٢

لە حوزەیرانی ١٨٢٢ ژمارەیەک لە ئەفسەرانی پاشا لە سوپای ئیسپانیدا هەڵسان بە یاخیبوون لە ناوچەکانی ( کاتالانیا- ناڤاری باکور ) دژی لایەنگرانی ( فردیناندی حەوتەم) پاشای ئیسپانیا، لە تەمموزی ١٨٢٢ پاسەوانانی پاشاش هەڵسان بە ئەنجامدانی هەڵگەڕانەوە لە شاری مەدرید دژی ئەنجوومەنی نوێنەران کە لایەنگری پاشا بوون، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە مەدرید، لە هەمان کاتیشدا شۆڕش لە یۆنان سەری هەڵدا بۆ ڕزگاربوون لە حوکمی عوسمانی، مترنیخ راوێژکاری نەمساش لەدەست تێوەردانی قەیسەری رووسیا دەترسا، چونکە نەمسا و بەریتانیا دەیانویست کاریگەریان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی بمێنێتەوە، بۆ ڕێگەگرتن بەروی رووسیا لە گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست دەبوایە کۆنگرەی ڤیرۆنا ببەسترایە، بۆیە لە (٢٢ تشرینی یەکەم ١٨٢٢) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیسپانیا و یۆنان، نوێنەری فەرەنسا ( شاتوبریات) توانی رەزامەندی دەوڵەتە گەورەکان بەدەست بهێنێت وەک رووسیا و پروسیا و نەمسا بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ چوونە ناو ئیسپانیا، بەڵام بەریتانیا ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەکارهێنانی هێز لە لایەن فەرەنسا دەربڕی و کشانەوەی نوێنەرەکەی لە کۆنگرەی ڤیرۆناش ڕاگەیاند .

شۆڕشی پیشەسازی :

١- پێناسەی شۆڕشی پیشەسازی :

زنجیرەیەک لە گۆڕانکاری لە بواری پیشەسازی، وە بەرهەم هێنان دا وە ئەم گۆڕانکاریانە ڕۆڵی هەبوو لە گۆڕینی کۆمەڵگاکانی کشتوکاڵی بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی یان بۆ شێوازە ژیانێکی نویَ لە بواری بژێوی وە گواستنەوە وە کارکردن دا، وە لە هەمان کاتدا چاکسازی وە داهێنان لە چەند ئامێرێکی بەرهەم هێنان، لەوانەش داهێنانی وزەی هەڵم، وە چاکسازی و داهێنان لە بوارەکانی گواستنەوە و ڕستن و چنین، وە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانە زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا لە پێش کەوتن دابوو، وە ئەم شۆڕشە لە سەدەی ١٨ دەست پێدەکات، لە ماوەی ساڵانی ١٧٧٠ تا ١٨٣٠، وە دواتر گەیشتە ئەوپەڕی پێش کەوتن لەنێوان ١٨٣٠ – ١٨٧٠ وە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریە دەرکەوت لە دوای ١٨٧٠.

٢- هۆکارەکانی دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا پێش دەوڵەتەکانی تری ئەوروپا :-

أ- بارودۆخی ڕامیاری بەریتانیا جیاواز بوو لەگەڵ دەوڵەتەکانی تری ئەوروپا بەهێمنی و ئارامی، وە ئەم بارودۆخە دەستی پێکرد لەم دەوڵەتە دوای شۆڕشی مەزنی بەریتانیا لە ١٦٨٨ز، وە دوای ئەم شۆڕشە ڕژێمی فەرمانڕەوایی گۆڕا لە پاشایەتی ڕ’ها بۆ پاشایەتی سنوردار، وە ئەم ڕژێمە بەناوبانگە بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئازادی بەتایبەتی لە بواری ڕامیاری، وە لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی سیاسەتی گۆشەگیری لەلایەن پاشاکانی بەریتانیا. واتا دەست درێژی نەکردن بۆ کاروباری ناوخۆی ئەوروپا، ڕۆڵی هەبوو لە پاراستنی ئەم دەوڵەتە لە ڕووداوەکانی ئەوروپا بەتایبەتی لە ڕووداوەکانی شۆڕشی فەرەنسی، وە شەڕەکانی ناپلیۆن پۆناپارت، وە ئەم بارودۆخە ڕۆڵێکی یەکجار زۆر گەورەی هەبوو لە دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لەم دەوڵەتە.

ب- گەشەسەندنی سەرمایە : بۆ گەشەسەندنی پیشەسازی پێویستە سەرمایەکی باش هەبێ، وە ئەم سەرمایە بەکاردێت بۆ دروست کردنی کارگەکان وەگرینی ئامێرەکان، وە بەکارهێنانی کرێکاران، وە کرینی کەرەستەی خاو، وە بەریتانیا لەم دەوڵەتانە بوو کە سەرمایەکی باشی هەبوو، وە ئەمەش لە ئەنجامی زۆری مستعمەراتی بەریتانیا بوو لە سەدەی ١٨ و ١٩ز، هەروەها لە بەرهەمی کشتوکاڵی ئەم دەوڵەتە بۆیە پیشەسازی گەشەی کرد لە بەریتانیا.

ج- کارکردن، وە دەستکەوتنی کاری هەرزان : زۆری ڕێژەی کرێکاران لە بەریتانیا ڕۆڵی هەبوو لە دەرکەوتنی لە بواری پیشەسازی، وە ئەم ڕێژە زۆرە لە کرێکاران لە ئەنجامی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی ئەم دەوڵەتە لە سەدەی ١٨ز، هەروەها لە کۆچکردن لە گوندەکان بۆ شارە گەورەکان بۆیە ئەم شارانە بوون بە بنکەی پیشەسازی، وە لە ئەنجامی زیاد بوونی ڕێژەی کرێکاران ئەمە وای کرد کە کارکردن بە نرخێمی هەرزان بڵاوبێتەوە.

د- تەکنیک، وە دەرکەوتنی بزوتنەوەی داهێنان : لەگەڵ کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ز، وە سەرەتای سەدەی ١٩ز بەریتانیا پێش کەوت لە بواری تەکنیک، وە شێوازی ئامێرەکان، وە کۆمەڵێک ئامێری نوێ بەکارهات بەتایبەتی دوای دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ پاراستنی مافی داهێنان، هەروەها لەڕووی تەکنیک کۆمەڵێک ئامێرێ نوێ بەکارهات لەم دەوڵەتە، ئەمە ڕۆڵی هەیە لەو پیشەسازیەی لە بەریتانیا دەرکەوت.

ە- سروشتی ئەم دەوڵەتە : واتا هۆی جوگرافی، وە ئاوو هەوا ڕۆڵ هەبوو دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا بەهۆی شوێنی جوگرافی ئەم دەوڵەتە کە دوورگەیەک بوو لەناو دەریا، وە بوونی بە دوورگەیەک ڕۆڵی هەبوو لە ئاسانکردنی گواستنەوە لە نێوان ئەم دەوڵەتە و دەوڵەتەکانی تر، هەروەها ئاو و هەوای شێدارە، وە ئەم جۆرە ئاو هەوایە ڕۆڵی هەیە لە زۆربوونی کەرەستەی خاو لە مانەوەی کەل و پەلەکان بۆ ماوەیەکی زۆر.

و- بوونی بازارەکانی بەریتانیا لەو دەوڵەتانە بوو کە بازاڕێکی باشی هەبوو بۆ ساغ کردنی بەرهەمی پیشەسازی، وە ئەمەش لە ئەنجامی دەرکردنی یاسایەکی تایبەت لەگەڵ سەرەتای سەدەی ١٨ز، وە ئەم یاسایە تایبەت بوو بە ئازادی بازرگانی، وە هەروەها لە هەمان کاتدا بوونی مستعمەراتی زۆر ڕۆڵی هەبوو لەم بوارە بۆ ساغ کردنی کەل و پەلەکانی پیشەسازی.

ح- بوونی کانزا و سوتەمەنی لە بەریتانیا : بەریتانیا بەناوبانگ بوو لە نێوان دەوڵەتەکانی ئەوروپا بەزۆری کانزاکانی، وە ئەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پێش کەوتنی شۆڕشی پیشەسازی بەتایبەتی دوای ئەوەی کە بەریتانیەکان توانیان سوود لە سوتەمەنی وەربگرێ، وە بەکاری بهێنن، بۆ نموونە بەکارهێنانی خەڵوز لە جیاتی تەختە و دار لە کارگەکان، وە ئەم دەوڵەتە بەناوبانگ بوو بە زۆری ئاسن لە بەشەکانی بەریتانیا.

بڵاوبوونەوەی شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا وە بۆ دەوڵەتەکانی تری ئەوروپا :

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا، وە گەشەسەندنی ئەم شۆڕشە بووە هۆیەکی گرنگ بۆ خێرایی بڵاوبوونەوەی لە وڵاتانی تری ئەوروپا وە جیهان. وە دوای بەریتانیا یەکەم وڵات لە ئەوروپا کە پیشەسازی پێگەیشت بەلجیکا بوو، وە هۆی گەیشتنی بەخێرایی بۆ ئەم دەوڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری گرنگ :

١- نزیکی ئەم دەوڵەتە لەڕووی جوگرافیەوە لە بەریتانیا، چونکە کەنارەکانی بەلجیکا بەرامبەر کەنارەکانی بەریتانیایە.

٢- بوونی پەیوەندی بازرگانی لەنێوان بەلجیکا و بەریتانیا.

وە پیشەسازی گەیشتە ئەم وڵاتە پێش ساڵی ١٨٣٠، وە لەگەڵ هاتنی ١٨٧٠ بوو بە دەوڵەتێکی پیشەسازی پێش کەوتوو بە یارمەتیدانی ئەندازیارانی بەریتانیا، وە ژمارەی دانیشتوانی

بەلجیکا لە ئەنجامی ئەم پیشەسازیە زیادی کرد وە زۆربەی دانیشتوان لە شارە پیشەسازیەکان بوون.

دوای بەلجیکا فەرەنسا دەوڵەتی دووەم بوو، بەڵام کەمێک گەیشتنی پیشەسازی بۆ ئەم دەوڵەتە دواکەوت، هۆی دواکەوتنی گەیشتنی پیشەسازی بۆ فەرەنسا دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی نائارامی ئەم دەوڵەتە بەهۆی زۆری شەڕەکانی لەکاتی ڕووداوی شۆڕشی فەرەنسی، وەهەروەها شەڕەکانی ناپلیۆن پۆناپارت، بۆیە لە ئەنجام دا پیشەسازی گەیشتە فەرەنسا دوای بەلجیکا، وە بەتایبەتی دوای جێگیر بوونی بارودۆخی هێمنی و ئارامی لە فەرەنسا، وە بەتایبەتی لەسەردەمی لویش فیلیپ، وە ناپلیۆنی سێ یەم، وە پیشەسازی گەشەی کرد لەم دەوڵەتە، وە لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٨٤٠ز فەرەنسا بوو بە دەوڵەتێکی پیشەسازی پێشکەوتوو.

دوای فەرەنسا پیشەسازی گەیشتە ئەلمانیا پاش ساڵی ١٨٦٧ز، وە گەشەی پیشەسازی لەم دەوڵەتە دوای یەکێتی المانیا بوو، وە لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز المانیا بوو بە گەورەترین دەوڵەتەکانی پیشەسازی ئەوروپا.

دوای بڵاوبوونەوەی پیشەسازی لەم دەوڵەتانە گەیشتە دەوڵەتەکانی تری ئەوروپا وەکو (هۆڵندا، سوید، ڕوسیا، ئیسپانیا، پۆڵندا، نەمسا، ئیتاڵیا)، وە دوای ١٨٧٠ گەیشتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

دەرەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازی :

١- زیادبوونی سەرمایە لە ئەنجامی گەشەکردنی پیشەسازی، وە بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتوو، ئەمە بووە هۆیەکی گرنگ بۆ زیادبوونی بەرهەمی پیشەسازی، هەروەها بووە هۆیەک بۆ زیادبوونی سەرمایە، وە لە سەدەی ١٩ز زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەوروپا وە بەتایبەتی بەریتانیا بوو بە خاوەن سەرمایەکی باش، بەڵام ئەنجامی زیادبوونی ئەم سەرمایە دەرئەنجامێکی خراپی

بەجێهێشت سەر دەوڵەتەکانی جیهانی سێ یەم چونکە بووە هۆیەکی گرنگ بۆ دەستپێکردنی ململانێ لەنێوان ئەم دەوڵەتانە لە بواری بزوتنەوەی ئیستعماری.

٢- زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان : شۆڕشی پیشەسازی هۆیەکی گرنگ بوو بۆ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان لە ئەوروپا بەشێوەیەکی گشتی وە بەریتانیا بەشێوەیەکی تیبەتی وە ئەمەش لە ئەنجامی بایەخ دان بە لایەنی ئابووری ژیانی مرۆڤ، وە بووە هۆیەک بۆ زیاد بوونی ڕێژەی لە دایک بوون وە کەمی ژمارەی مردن. وە ئەم زیادبوونە لە دانیشتوان لە بەریتانیا زۆر بەرچاو بوو لە ساڵی ١٨٠٠ز ژمارەی دانیشتوانی بەریتانیا (٩) ملیۆن کەس بوو، لە ١٩٠٠ز لە ئەنجامی پێش کەوتنی پیشەسازی ڕێژەی دانیشتوان گەیشتە ٣٦ ملیۆن کەس. وە ئەم زیادبوونە لایەنی باشی هەبوو چونکە ئەم ڕێژە زۆرە بەکاردەهات وەک دەستی ئیشکەر لە کارگەکان.

٣- پێش کەوتن لە بواری هاتووچۆ و گواستنەوە : بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی نوێ لە گواستنەوە بەتایبەتی لە ڕێگای وشکانی و دەریایی بووە هۆیەکی گرنگ بۆ پێشکەوتن لە ڕێگاکانی گواستنەوە، بۆ نموونە لە بەریتانیا بەکارهێنانی وزەی هەڵم لە گواستنەوە ڕۆڵی هەبوو لە پێش کەواتنی گواستنەوە لەم وڵاتە، وە هەرزان بوونی نرخی گواستنەوە.

٤- زیاد بوونی ژمارەی کرێکاران : یەک لە ئەنجامە گرنگەکانی شۆڕشی پیشەسازی زیادبوونی ژمارەی کرێکاران، وە نیشتەجێ بونیان لە شارە پیشەسازیەکان بوو بەڵام وادیارە لە سەرەتادا ژیانیان باش نەبوو، بەڵام دواتر دوای ١٨٧٠ بارودۆخی کرێکاران بەرەو باشی چوو، وە ئەمەش لە ئەنجامی بەدەست هێنانی کۆمەڵێک چاکسازی کۆمەڵایەتی لەلایەن حکومەتی و{تە پیشەسازیەکان، وە لەگەڵ کۆتایی سەدەی ١٩ز بایەخێکی زۆر درا بە کرێکاران بە پێگەی دامەزراندنی سەندیکای تایبەت بە کرێکاران.

٥- فراوانبوونی بازرگانی : له ئه‌نجامی شۆڕشی پیشه‌سازی بازرگانی گه‌شه‌ی کرد له هه‌موو به‌شه‌کانی جیهان، وه به‌تایبه‌تی له ئه‌وروپا، وه ئه‌مه‌ش بۆ فرۆشتنی که‌ل و په‌له‌کانی به‌رهه‌می پیشه‌سازی، وه‌هه‌روه‌ها له ئه‌نجام دا کۆمه‌ڵێک بازاڕی نێو ده‌وڵه‌تی دروست بوو له ئه‌وروپا.

٦- پێش که‌وت له بواری چه‌ک : له ئه‌نجامی پێش که‌وتنی پیشه‌سازی جۆری چه‌که‌کان به‌ره‌و پێش چوون و چه‌نده‌ها جۆری چه‌ک دروست کرا.

## شۆڕشەکانی ١٨٣٠ لە فەرەنسا و دەوڵەتەکانی تری ئەوروپا:

لە مانگی تەموزی ١٨٣٠ز. ئازاد خوازەکان لە فەرەنسا دەستیان کرد بە شۆڕشێکی گرنگ ئەنجامەکەی لابردنی پاشا شارلی دەیەم لە دەسەلات وە هەڵبژاردنی لویس فلیپ بورجوازی بۆ دەسەڵات لەم کەسایەتیە ئەندام بوو لە خێزانی (ئۆرلیان) کە بەشێک بوو لە خێزانی بۆربۆن لە فەرەنسا وە خزمایەتی هەبوو لە نێوان هەردوو لا، وە لویس فلیپ لە دەرەوەی فەرەنسا بوو دوای ڕووخانی ڕژێمی ناپلیۆن گەڕاوە بۆ وڵات لە ساڵی ١٨٣٠ز، بو بە پاشای فەرەنسا.

هۆی هەڵبژاردنی ڕژێمی پاشایەتی دوای شۆڕشی ١٨٣٠ز؟ چونکە فەرەنسیەکان دڵنیا بوون کە وڵاتانی ئەوروپا ڕازی نابن بە دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری لە وڵاتیان، وە وادیارە چینی ناوەند وە کۆماریەکان سەرکرداریەتی ئەم شۆڕشەیان کرد لە ئەنجامی دامەزراندنی ڕژێمی پاشایەتی دەستووری بوو.

سەبارەت بە سیاسەتی پاشای نوێ دوای وەرگرتنی دەسەلات کۆمەڵێک بریاری گرنگ دەرچوو لە لایەن ئەم پاشایە بۆ ڕاکێشانی میللەتی فەرەنسی بۆلای خۆی، گرینگترینیان:

١- گەڕاندنەوەی ئالای شۆڕشی فەرەنسی لە جیاتی ئالای خێزانی بۆربۆن.

٢- دانی ئازادی ڕۆژنامەگەری

٣- ئەم پاشایە هەوڵی دا بە دامەزراندنی ڕژێمی پاشایەتی دەستووری لە فەرەنسا وەک شێوازی فەرمانڕەوایی بەریتانیا.

وە سەرەتای دەسەڵاتی ئەم پاشایەسەرکەوتوبوو لە ڕاکێشانی میللەتی فەرەنسا بۆلای خۆی بەلام ئەم سیاسەتە بەردەوام نەبوو. دواتر ئەم سیاسەتە نەگۆڕا لەلایەن لویس فلیپ لە ئەنجامی دژایەتی زۆر بوو لە فەرەنسا دژی ئەم پاشایە ئەم دژایەتی کردنە لە لایەن کۆمەڵە کەسانێک بوون کە جیاواز بوون لە ئامانجەکان و بیرو باوەڕیان:

گرینگترینیان لە لایەن لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتی ڕەهای (بۆربۆن). وە کۆماریەکان. وە بۆنە پارتیەکان. ئەم دژایەتەیە بەردەوام بوو دژی پاشا لوی فلیپ. بۆیە لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی ئەم پاشایە بارودۆخی فەرەنسا تێک چوو، سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا لەم سەردەمە ناوی (گیزو) بوو کە ڕۆلێکی گرنگی هەبوو لە تێک چوونی بارودۆخی فەرەنسا، چونکە ئەم کەسایەتیە بە

هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا بۆ پاراستنی پاشایەتی وە لێدانی ئەزاد خوازەکان لە ئەنجامدا دوو کۆمەڵەی گرنگ دەرکەوت لە فەرەنسا لەو قۆناغەدا:

(پۆنەپارتیەکان) (ئیشتراکیەکان) ڕۆڵی ئەم دوو کۆمەڵەیە زۆر بوو لە هاندانی میللەتی فەرەنسی بۆ شۆڕشکردن، وە چەند شاعیرو ئەدیبێک ڕۆڵیان هەبوو لە هاندانی فەرەنسیەکان بۆ شۆڕشکردن لەمانە (ڤکتۆر هیگۆ) و (لامارتین) ئەم دوو کەسایەتیە هەوڵێکی زۆریان دا بۆ دەست پێکردنی شۆرش لە فەرەنسا، کێشەکانی ئەم وڵاتە زیادی کردبە تایبەتی کێشەی ئابووری ڕوویدا لە فەرەنسا، بۆیە خەڵکی فەرەنسا داوای چاکسازییان دەکرد، لە ئەنجامدا شۆڕشێکی گرنگ دەستی پێکرد لەم وڵاتە، وە یادی ناپلیۆن هەر مابوو لەلایەن فەرەنسیەکان بۆیە بڕیاردرا بە هەڵبژاردنی (ناپلیۆنی سێیەم) کە برازای ناپلیۆن بوو وەک سەرۆک هەڵبژێردرا لەلایەن خەڵکی فەرەنساوە.

لەپاڵ شۆڕشی ساڵی ١٨٣٠ لە فەرەنسا لە چەند وڵاتێکی تری ئەورووپا شۆرش ڕوویدا، لەوانە هەریەک لە وڵاتانی (بەلجیکا و پۆڵەندا و ئیتاڵیا) بوو، ئەمەش لە ئەنجامی کاریگەری شۆڕش لە فەرەنسا وە بوو.

## شۆڕشی بەلجیکەکان دژ بە هۆلەندییەکان

پێشتر یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤییەنا ئەوەبوو کە دەوڵەتێکی دامەزراند کە پێکهاتبوو لە هۆڵەندیەکان و بەلجیکەکان، ئامانجی کۆنگرە ئەوەبوو کە دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنێ دژی فەرەنسا، بەڵام ئەم دوو نەتەوە جیاواز بوون لە زمان و ڕەگەز و مەزهەب. هۆڵەندییەکان لەسەر مەزهەبی پرۆستانت بوون لە کاتێکدا زۆربەی بەلجیکەکان لەسەر مەزهەبی کاسۆلیک بوون، زمانی بەلجیکی فەرەنسی بوو، هی هۆڵەندیەکان زمانی هۆڵەندی بوو، بۆیی ئەم بڕیارە هەر لە بنەڕەتەوە هەڵە بوو، لەبەر ئەوە پاش چەند ساڵیک کێشە پەیدا بوو. لە هەمانکاتدا لە ساڵی ١٨٢٥ هۆڵەندا سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستی لە دژی بەلجیکەکان پەیرەو دەرکرد، بە نموونە ئەو بەلجیکیانەی لە دەرەوە دەیانخوێند کاتێ دەگەڕانەوە مافی دامەزراندنیان نەبوو، هەموو حوکم لەدەستی هۆڵەندا بوو، وەکو ئەوەی هەموو کارە گرنگەکانی حکومەت لەدەست هۆڵەندا دابوون هەرچی دەزگا لە بوارەکانی سەربازی و دیبلۆماسی و لە بواری زانکۆ هەبوو هۆڵەندییەکان بەڕێوەیان دەبرد.

هەموو ئەمانە وای کردە لە ساڵی ١٨٢٨ بەلجیکەکان ڕێکەوتن لەسەر پرۆگرامێکی هاوبەش، دەسپێکی لە هەردوو شاری (بروکسل و لییج) بوو، پاش ئەوە فکرەی پرۆگرام لە هەموو بەلجیکا بڵاوبۆوە، بۆیە داوای وڵاتێکی سەربەخۆییان کرد، لەسەرەتا نارەزایەتییەکان لە شێوەی خۆپیشاندان بوو، دواتر سەری کێشا بۆ شەڕی چەکداری، لە ٢٥ی ئەیلول ١٨٣٠ بەلجیکەکان حکومەتێکی نیشتمانی کاتییان دامەزراند، لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا ڕایانگەیاند کە دەوڵەتێکی سەربەخۆن، دەرچوون لەناو هۆڵەندیەکان. لەپاش ئەوە کۆنگرەیەک لە ئەورووپا بەسترا لە تشرینی ١٨٣٠ ئەوان بە شێوەیەکی فەرمی دانیان نا بە سەربەخۆیی بەلجیکا وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ.

## شـــۆرشی پـــۆڵەنـــدا دژ بـــە ڕوســـەکـان

پۆڵەندا لەژێر دەسەڵاتی قیصری ڕوسیا دا بوو لە کاتێکدا کە (ئەسکەندەری یەکەم) کە هاتە سەر دەسەڵات لەنێوان ساڵانی (١٨٠١ – ١٨٢٥) دەستورێکی دانا بەپێی ئەم دەستورە کیانێکی نەتەوەیی بۆ پۆڵەندیەکان دانا لەژێر دەسەڵاتی قیصری ڕوسیا. دەسەڵاتی ڕوسیا ڕەها بوو ڕۆشنبیرەکانی پۆڵەندا ڕازی نەبوون لەژێر دەسەڵاتی ڕەها، بۆیە ڕۆشەنبیران و چینی ناوەڕاست دەستیان کرد بە دامەزراندنی کۆمەڵەی نهێنی بە ئامانجی خەبات کردن بۆ دامەزراندنی حوکومەتێکی پۆڵەندی.

لە سەردەمی ( نیکۆلای یەکەم ) لە ساڵی ( ١٨٢٥ – ١٨٥٥ ) هاتە سەر دەسەڵاتی ڕوسیا ئەو کە کەسێکی زۆر کۆنە پەرست بوو دەسەڵاتی ڕەهای زیاتر بوو لەوەی پێشە خۆی، لەپاش ئەوەی شۆڕشی فەرەنسا ١٨٣٠ لەژێر هزری ئەو شۆڕشە کاریگەری هەبووە لەسەر ڕەوشی پۆڵەندیەکان لەبەر ئەوە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٨٣٠ پۆڵەندیەکان نوێنەری ڕوسیایان دەرکرد لە پۆڵەندا وە حوکومەتێکی کاتی نەتەوەیی نیشتیمانی بۆخۆیان دامەزراند. لە ئەنجامی ئەوە ڕوسیەکان ئیعتیرافیان نەکرد بەو حوکومەتە، ئامادە نەبوو ئامادەی گفتوگۆ بێت، بۆیە پۆڵەندیەکان بڕیاریان دا کە بنەماڵەی (ڕوما نۆف)یان ڕووخاند لە پۆڵەندا بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیان دا پشتگیری لە وڵاتانی ئەورووپی وەرگرن ئەو کات فەرەسا پشتگیری لە شۆڕشی پۆڵەندا کرد پشتگیری ڕۆژنامەگەری خۆپیشاندان و تەنها لایەنی مەعنەوی یارمەتی پۆڵەندایان دا نەک یارمەتی سەربازی بۆیە شۆڕشەکە سەر نەکەوت.

هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە شۆڕشی پۆڵەندیەکان: بەڕیتانیا پێی خۆش بوو ڕوسیا وەکو خۆی بمێنێت دژی شۆرشەکە بوو ئەمەش بۆ ئەوە بوو هاوسەنگی هێز تێک نەچێت.

هەڵۆیستی ئەڵمانیا و نەمسا: هەردووکیان پێیان خۆش بوو شۆڕشی پۆڵەندا سەرنەکەوێت لەبەر ئەوەی ئەوان دژی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوون، ئەگەر میللەتێکی وەکو پۆڵەندا ببێتە دەوڵەت ئەوە میللەتانی تر ئەم داوایە دەکەن. وە لە کۆنگرەی ڤیەننا بڕیار درابوو دەوڵەتی نەتەوەیی دروست نەبێت.

لە ئەنجامدا سوپای ڕوسیا هێرشیان کردە ناو خاکی پۆڵەندا لە مانگی شوبات لەساڵی ١٨٣١ز ئەو حوکومەتەی کەوا دامەزرابوو بەشێوەی کاتی ڕووخا. ئەوە بوو پۆڵەندا لەسەر نەخشەی دونیا نەما دابەش بووە سەر سێ وڵات ئەوانیش: ئەڵمانیا، نەمسا و ڕوسیا. بەڵام پۆڵەندیەکان هەر بەردەوام بوون لەسەر داواکردنی مافی خۆیان.

## شۆڕشی ئیتالیا بەرانبەر بە نەمسا

لە سەدەی ١٩ ئیتالیا وڵاتێکی دابەشکراو بوو، پێش شۆڕشی فەرەنسی ١٨٣٠ چەند کۆمەڵەی نهێنی لە ئیتاڵیا دامەزرا، هەروەها لە ئەوروپا دەستیان کرد بە خەباتی سیاسی، گرنگترین کۆمەڵە (کـــاربۆنای) بوو کە لەساڵی ١٨٢٠ دامەزرا بوو، ڕۆڵی ئەم کۆمەڵەیە ئەوەبوو خەڵکی خۆیان هۆشیار بکەن، بۆیە چەندین شۆڕش پەیدابوو، گرنگترینیان ئەو شۆڕشە بوو کە لەشاری ناپۆلی بەرپا بوو، بەڵام هەر زوو شۆڕشەکە لەلایەن نەمساوە سەرکوت کرا، سەرکوت کردنی ئەم شۆڕشە لە ساڵی ١٨٢١ لە کۆنگرەی (لایــبــاخ) بڕیاری لێدرا بوو، بەهۆیەوە نەمسا فردیناندی گەڕاندەوە سەر دەسەڵاتی خۆی.

ئامانجی ئەو شۆڕشانە کە هەردوو شۆڕشی ناپۆلی و بیرمونت بوو، سەربەخۆیی ئیتاڵیا بوو. هەموو ئیتاڵیا کەوتە دەست نەمسا، ئەو کات کۆمیتەیەکی ئیتاڵیای دامەزرا زیاتر ڕۆڵیان بڵاوکردنەوەی پشتگیری کردن بوو لە شۆڕشی ئیتاڵی، لە ناوەی فەرەنسا ئەم کۆمیتەیە پشتگیریان لە مللەتی خۆیان دەکرد. ئەنجامی ئەو شۆڕشانە لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە نەگەیشتبووە ئەو رادەیەی کە وڵاتی خۆیان رزگار بکەن، ئەوەبوو نەمسا بە شێوەیەکی ڕەها دەستی خستبووە سەر ئیتاڵیا.

## سـەربــەخۆیی یــۆنـــان

لەو سەردەمە لە یۆنان مامۆستایەک بە ناوی (کـــوریس) لە جەزیرەی (کورفە) هەستا بە وەرگێرانی ئەدەی یۆنانی کۆن بۆ زمانێکی تازە، کە هەموو خەڵک لێی تێبگات، ئەمە بۆتە دەسپێکەک بۆ پەیدابوونی زمانێکی نوێ هەروەها دەست پێکی نەتەوەیەکی نۆێ.

پەیدابوونی شۆرشی ١٨٣٠ فەرەنسا کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی نەتوایەتی لە یۆنان وەک هەموو وڵاتانی ئەوروپا، لەو بارودۆخە چینی ئۆرستۆکرات کە خۆی لە هەردوو چینی ڕۆشنبیران و دەوڵەمەندان دەبینەوە کاریگەری بەرچاویان هەبوو لە هەموو ئەوروپا بۆ بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی. ئەمانە وادەکات مللەتی یۆنانی بکەونە ئاستێکی بەرزی بەرگریکردن دژ بە دەوڵەتی عوسمانی. هەڵوێستی بەریتانیا پاراستنی هاوسەنگی هێز بوو. هەولۆێستی هەریەک لە بروسیا و نەمسا ئەوە بوو کە دژی شۆرشی یۆنانی بن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هەردووکیان لەگەڵ پەیدابوونی هزری نەتەوەیی بوون، چونکە نەمسا چەندین نەتەوەی جیاجیای تێدابوو هزری نەتەوایەتی کاریگەری، کە دەبووە هۆی تێکچوونی ئیمپراتۆریەتی نەمسا.

فەرەنسا پشتگیری شۆرشی یونانی کردووە، تەنها لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پشتگیری کردووە، بەڵام هەرچی لە ڕووی ماددیەوە یارمەتی ئەم شۆرشەی نەداوە. دوای ئەوەی شەڕ دروست دەبێت هەریەک لە بەریتانیا و ڕوسیا و نەمسا هاتنە ناو شەرەکەوە، پاش ئەوەی (محمد عەلی پاشا) هاتە ناو شەرەکە، ئەمانە دژی هێرشی دەوڵەتی عوسمانی و محمد عەلە پاشا بۆ سەر یۆنان لە ساڵی ١٨٢٢، سەرەتا دەوڵەتە زلهێزەکان داوایان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد، کە حوکمی زاتی بدات بە یۆنان، بەڵام ئەم داوایە ڕەتکرایەوە، پاش ئەوەی شەڕ لە دەریای ئەدرنا دروست دەبێت، ئەنجامی شەرەکە لە ساڵی ١٨٣٠ (ڕێککەتننامەی ئەدرنا)ی لێکەوتەوە، بەپێی ئەم ڕێککەوتنامە ناچار بوو دان بە دەسەڵاتی یۆنان دابنێت.

## شـــــۆرش و پەرچـــەکـــردارەکـــانی (ئیسپانیا و پورتوگاڵ و نەمسا) دژی فـــەرەنـــســا

ئیسپانییەکان داگیرکاری فەرەنسایان لەسەر خاکی خۆیان قبوڵ نەکرد، ئەوەبوو بزوتنەوەیەکی بەرگریکاری دژی فەرەنسیەکان دەستی پێکرد. حکومەتی ئینگلیزی هاوکاری و کۆمەکی سەربازی

بۆ ئیسپانیا و پورتوگال ڕەوانە کرد، لە ئەنجامی گەیشتنی ئەو هاوکارییانە، ئیسپانییەکان توانییان باڵا دەستی جۆزیفی برای ناپلیۆن و حکومەتی فەڕەنسا لەسەر وڵاتەکەیان دووربخەنەوە.

ناپلیۆن بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوەی سەربازی ئیسپانییەکان بڕیاردرا لە ڕێگای هێزەوە ئەو بابەتە چارەسەر بکات، بەڵام پێش ئەوەی بچێتە ئیسپانیا، داوای لە قەیسەری ڕۆسیا (ئەلکسەندەری یەکەم) کرد لە شاری (ئارفورت)ی ئەڵمانیا لەگەڵیدا ڕێکبکەوێ، تاوەکو لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکەی بۆ سەر ئیسپانیا و پورتوگال، ڕوسیا دەرفەت وەرنەگرێ لەسەرقاڵبوونی هێزەکانی فەڕەنسا بە وەشاندنی گورزێکی سەربازی، ئەوەبوو ئەو ڕێککەوتنە ئەنجامدرا. ناپلیۆن لەو ڕیککەوتنە تەنازولێکی زۆری بۆ قەیسەری ڕوسیا کرد، دوای مسۆگەرکردنی بەرەی ڕوسیا ناپلیۆن لە ڕێگای جولاندنی هێزێکی سەربازی لە ساڵی ١٨٠٨ توانی بۆ جاری دووەم (جۆزێف)ی برای بگەڕێنێتەوە سەر تەختی پاشایەتی لە ئیسپانیا. پاشان بڕیاریدا هەندێک چاسازی لە ئیسپانیا ئەنجام بدات، بەڵام ئەم ڕێککارانە هیچ لە تێڕوانینی ئیسپانیەکانی بەرامبەر فەڕەنسیەکان نەگۆڕی.

## شـــۆڕشـــی ١٨٤٨ی فـــــەڕەنـــسا

لە ساڵی ١٨٤٨ لە فەڕەنسا شۆڕش دەستی پێکرد، دژی دەسەڵاتی پاشا لویس فلیپی بورجوازی. هەرچەندە ئەم پاشایە هەوڵێکی زۆریدا بۆ چاککردنی بارودۆخی فەرەنسا، بەڵام هەوڵەکانی بێ

سوودبوون. پێش بەجێ هێشتنی دەسەڵات بڕیاری دا بەلابردنی سەرۆک وەزیران (کـــیـزۆ) لە شوێنی ئەو کەسایەتییەکی تر دادەمەزرێنێ بە ناوی (مــولـیـە)، ئەم سەرۆک وەزیرانە هەوڵی زۆریدا بۆ چاککردنی بارودۆخی فەرەنسا، بەڵام بە هەمان شێوە سەرکەوتوو نەبوو. ئیتر ناڕەزایی دەستی پێکرد دواتر بەرەو شۆڕشێکی سەتاسەری چوو، لەژێر فشاری شۆڕشگێڕان لویس فلیپ ناچار بوو دەسەڵات بەجێ بهێڵێت، حکومەتێکە کاتی دامەزرا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

نوێنەری هەموو لایەنەکانی ناڕازی بەشداریان لەم حکومەتە کرد، یەک لە کەسایەتییەکان بو ناوی (لامــارتـــن) بوو بە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا. گرنگترین کارەکانی ئەم حکومەت کاتییە بریتی بوون: ١- دانانی دەستورێکی کاتی. ٢- هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەی ئابووری و دارایی فەرەنسا. ٣- ئەم حکومەتە هەوڵیدا بۆ گۆڕینی سیستەمی پاشایەتی لە فەرەنسا بۆ سیستەمی رژێمی کۆماری.

دوای دانانی ئەم دەستورە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژاردن دەستی پێکرد، ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە گەیشتنی (٥٠٠) ئەندام لە لایەنگرانی کۆماری، وە (٢٠٠) ئەندام لە لایەنگرانی رژێمی پاشایەتی دەرچوون، بەهۆی زۆری رێژەی ئەندامە کۆمارییەکان لە پەرلەمان، بڕیاردرا بە لابردنی رژێمی کۆماری دووەم، بەپێی ئەم رژێمە پێویست بوو سەرۆکی دەوڵەت دەست نیشان بکرێت، بۆیە لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٨٤٨ هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات دەستی پێکرد، کە بەشێوەی دەوری دەبێت بۆ ماوەی ٤ ساڵ، سێ کەسایەتی خۆیان کاندید کرد: یەکەمیان (لامارتین) بوو دووەمیان ژەنەڕاڵ (کافنیال)ی سەرۆکی هێزەکانی فەرەنسا بوو، هەرچی سێیەمیان بوو (لویس پۆناپارات)ی برازای ناپلیۆنی یەکەم بوو. ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە لە نێوان (٧) ملیۆن کەس (٥) ملیۆن دەنگیان دا بە لویس پۆناپارت دا. بەم شێوەیە لویس پۆناپارت بۆ ماوەی ٤ ساڵ بوو بە سەرۆکی فەرەنسا.

## لویس پۆناپارت ١٨٤٨ – ١٨٥٢

هەروەکو ئاماژەمان پێکرد ئەم کەسایەتییە برازای ناپلیۆنی یەکەم بوو، لە ساڵی ١٨٠٨ لەدایک بووە. تەمەنی منداڵی فەرەنسای جێهێشتبوو، تا ئەو کاتەی گەڕایەوە فەرەنسا، پێشتر زۆربەی

ژیانی لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا بەسەر بردبوو. بەپێی دەستوری فەرەنسا ناپلیۆن تا ساڵی ١٨٥٢ دەبوایە لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە، بەڵام ناپلیۆن بمە ڕازی نەبوو، لە ساڵی ١٨٥١ دەسەڵاتی تەواوی وڵاتی گرتە دەست و دیکتاتۆرانە کۆمەڵێک چاکسازیکرد لە دەوڵەتدا بەبێ ئەوەی گوێبداتە (ئەنجوومەنی نەتەوەیی فەڕەنسی)، پاشان لە ساڵی ١٨٥٢ پاش ئەوە ئەنجوونەکەی سەرکوتکرد و دەستورێکی نوێی دانا و کە خۆی بە ئیمپڕاتۆری فەڕەنسا ناساند و کۆماری دووەمی فەڕەنسای گۆڕی بۆ ئیمپڕاتۆریەتی دووەمی فەڕەنسا، ناوی لە خۆشی نا (ناپلیۆنی سێیەم).

## کارەکانی ناپلیۆنی سێیەم

ناپلیۆن گرنگیەکی زۆری بە بوژاندنەوەی ئابوری فەڕەنسادا و زیاتری کاریشی لەسەر بیروڕای خەڵکی دەکرد و بەردەوام پڕوپاگەندەی خۆی بلاو ئەکردەوە، چەندین سکەی شەمەندەفەری لە فەڕەنسا دروستکرد لەگەڵ کارگە و بەتایبەتی شاری پاریسی ئاوەدان کردەوە، لە دەرەوەی فەڕەنساش دەستێوەردانی کرد و خۆشی وەکو پارێزەری تەواوی مەسیحیە کاتۆلیکیەکانی ناو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی ناساند، لە شەڕی (قــەرم) ١٨٥٣ هاوپەیمانی لەگەڵ بەڕیتانیا بەست دژی ئیمپڕاتۆریەتی ڕوسیا کە دەستێوەردانی کردبوو لە دەریایی ناوەڕاست، جەنگەکەیان دژی ڕوسیا بردەوە ئەمەش زیاتر دەسەڵاتی فەڕەنسای زاڵکرد بەسەر دەریایی ناوەڕاستدا، لەسەردەمی حوکمڕانی ناپلیۆنی سێیەمدا فەڕەنسا دووبارە بوو بە زلهێزێکی جیهانی و دەستێوەرداری لە تەواوی جیهاندا ئەکرد. شایانی باسە پێشتر بەریتانیا دانی نابوو بە کۆماری دووەمی فەڕەنسا، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە بەریتانیا نەیدەویست هیچ دەوڵەتێک دەست درێژی بکات بۆ کاروباری ناوخۆی فەڕەنسا. هەرچی نەمساش بوو هەمان هەلوێستی بەریتانیای هەبوو، بەڵام داوای لە حکومەتی فەڕەنسا کرد پابەند بێت بە بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤییەنا.

## کۆتایی فەرمانڕەوایی ناپلیۆنی سێیەم

ناپلیۆن بەردەوام بەدوای هاوپەیمانێکەوە بوو بۆ ڕوبەڕوبونەوی بەهێزبون و یەکگرتنی ئەڵمانیا بەڵام وڵاتێکی وا نەبوو کە یارمەتی بدات، ساڵی ١٨٧٠ جەنگ لە نێوان ئیمپڕاتۆریەتی دووەمی فەڕەنسا و یەکێتی باکوری ئەڵمانیا هەڵگیرسا سوپای فەڕەنسا لە شەڕی سیدان شکستی هێناو ناپلیۆنی سێیەم دەسگیرکرا لەلایەن ئەڵمانیاوە، پاش دوو ڕۆژ لە دەستگیرکردنی فەڕەنسا کۆماری سێیەمی فەڕانسایان ڕاگەیاند و کۆتاییان بە ڕژێمەکەی هێنا و دووبارە سیستەمی کۆماری دامەزرایەوە، ساڵی ١٨٧١ ناپلیۆن ئازادکرا و چوو بۆ بەڕیتانیا و ساڵی ١٨٧٣ هەر لەوێش مرد.

هەر لەساڵی ١٨٤٨ شۆرش چەند وڵاتێکی تری ئەوروپی گرتەوە و دەستی پێکرد لەوانە: (نەمسا ، ئیتاڵیا و ئەڵمانیا). لە نەمسا هەرچەند ڕاوێژکاری ئەم وڵاتە (مەترنیخ) هەوڵێکی زۆری دا بۆ دوورخستنەوەی وڵاتەکەی لە شۆڕشکردن وە هەوڵی زۆری دا بۆ پاراستنی ڕژێمی پاشایەتی ڕەها، بەڵام شۆرش گەیشتە ئەو وڵاتە دوای ئەوەی تەواو بوونی لە فەرەنسا. سەرەتا بە خۆپیشاندانی چینی ناوەند و قوتابیان و کرێکاران و رۆژنامەنوسان لە فییەنای پایتەخت دەستی پێکرد. داوای ئازادیان دەکرد، بەهۆی ئەوەی مەترنیخ بە توندی ڕووبەڕوی شۆڕشگێڕان بۆوە، بۆیە خوپیشاندان بڵاوبۆوە بە هەموو بەشەکانی نەمسا. وە داوای گۆڕانکاریان کرد لە دەزگاکانی حکومەت بە تایبەتی لابردنی مەترنیخ لە دەسەڵات، بەهۆی بڵابوونەوەی شۆرش بە هەموو نەمسا، بۆیە خێزانی دەسەڵاتداری (هابسبرگ) ئەم وڵاتە داوایان لە مەترنیخ کرد دەسەڵات بەجێبهێڵێت. بۆیە بەناچاری دەسەڵاتی بەجێهێشت و بەرەو بەریتانیا چوو.

لە کۆتایی دا شۆرش سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەوەبوو ڕژێمی پاشایەتی دەستوری لە ولات دامەزرا. وە ئازادی سەربەستی بۆ هاوڵاتیانی نەمسا فەراهەم کرا. کار کرا بۆ لابردنی زوڵم و زۆرداری چەند ساڵەی سەر جوتیاران. لەلایەکی تر دەسەڵاتی خانەدانەکان کەمکرایەوە. حکومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی (شــواتز نبرغ) لەگەڵ کۆمەڵێک وەزیری ئازادیخواز دامەزرا. هەروەها دەستورێکی نوێ و پەرلەمانێکی تازە هەڵبژێردراو بەرهەمی ئەم شۆرشە بوو لە نەمسا.

## یەکێتی ئیتاڵیا :

ئیتاڵیا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە مێژووی ئەوروپا لە کۆنەوە تا مێژووی نوێ چونکە :

١- ئیتاڵیا سەنتەری دەزگای کڵێسای مەسیحی کاپۆلیکی بوو، هەروەها شوێنی دانیشتنی پاپا بوو.

٢- ئیتاڵیا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەسەردەمی ڕێنساس.

٣- ئیتاڵیا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بازرگانی لە ئەوروپا.

بەلام ئیتاڵیا ئەم گرینگیەی خۆی لەدەست دا بەتایبەتی دوای دۆزینەوەی جوگرافی ڕۆڵی بازرگانی ئیتاڵیا کەم بۆوە، بۆیە توشی بارودۆخێکی ئابوری خراپ بوو، لە ئەنجامدا باری ڕامیاری و کۆمەلایەتی ئەم دەوڵەتە تێک چوو وە ئیتاڵیا لە کۆمەڵێک شاری گرنگ پێک دەهات بەلام دەوڵەتێکی یەکگرتوو نەبوو، لەگەڵ کۆتایەکانی سەدەی ١٨ز کاتێک کە ناپلیۆن لەگەڵ سەربازەکانی گەیشتە ئیتاڵیا، هەموو بیرو باوەڕەکانی شۆڕشی فەرەنسی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ئیتاڵیا وەک ئازادی و سەربەستی و دەست نیشان کردنی چارەنوسی، ئەم بیروباوەڕانە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە هاندانی ئیتاڵیەکان بۆ شۆڕش کردن بەلام بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەنا کە نەخشەیەکی تایبەتی دانا بۆ ئەوروپا بە پێی ئەم بڕیارانە بەشەکانی باکوری ئیتاڵیا ماوە لەژێر دەسەلاتی نەمسا.

سەبارەت بە بەشەکانی ئیتاڵیا لە سەردینیا کە شانشینێکی بچوکی سەربەخۆ بوو، لەو سەردەمە پاشای سەردینیا ناوی (ڤکتۆر عما نوئیلی دووەم) بوو، بەشی باکوری ئیتاڵیا لە دوو شاری گرنگ پێک دەهات (بوندقیە و لومبارديا) ئەم دوو شارە لەژێر دەسەلاتی داگیرکەری نەمسا بوو ناوەندی ئیتاڵیا لەژێر دەسەلاتی دەزگای پاپەوی بوو، لە کۆمەڵێک شار پێک دەهات وەک (پارما، ڕۆما، مۆدنیا، تۆسکانە، میلانۆ)، باشوری ئیتاڵیا بەناوبانگ بوو بە (صقلیتین) یاخود ناپۆلی

و، ناپۆلی لەژێر فەرمانڕەوایی خێزانی پۆربۆن بوو، لە ١٨٤٨ شۆڕشێکی گرنگ ڕووی دا لە ئیتاڵیا بەڵام ئەو شۆڕشە سەرکەوتوو نەبوو لە بەدەست هێنانی یەکێتی، بۆیە خەباتی ئیتاڵیەکان بەردەوام بوو بۆ بەدەستهێنانی یەکێتی.

بەڵام سەردینیا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەبەدەستهێنانی یەکێتی ئیتاڵیا، وە دوو کەسایەتی لە سەردینیا ئەم ڕۆڵەیان هەبوو یەکەمیان پاشای سەردینیا (ڤکتۆر عما نوئیلی دووەم)، کەسایەتی دووەم (کافور) سەرۆک وەزیرانی سەردینیا کە لە ساڵی ١٨٥٢ پۆستی سەرۆک وەزیرنی وەرگرت لە سەردینیا دەستی کرد بە خەبات کردن بۆ بەدەستهێنانی یەکێتی.

گرنگترین چاکسازیەکانی لە بواری سەربازی بوو، سوپایەکی بەهێزی ئامادەکرد لە سەردینیا بۆ شەڕکردن دواتر لەگەڵ نەمسا، هەروەها بایەخی دا بە بواری پەروەردەو فێرکردن، ئەنجامی چاکسازیەکانی کافور ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گۆڕینی سەردینیا لە شانشینێکی بچووک بۆ هێزێکی گەورە لە ئیتاڵیا، بەڵام کافور ئاگادار بوو کە لە توانای سەردینیا نیە بەدەست هێنانی یەکێتی بەبێ داواکردنی یارمەتی لە دەوڵەتێک لە دەوڵەتەکانی ئەوروپا، بۆیە بڕیاری دا بە داوای یارمەتی لە یەک لە دەوڵەتەکانی ئەوروپا.

سەبارەت بە ڕوسیا ئەم دەوڵەتە شوێنی جوگرافیەکەی دوور بوو لە ئیتاڵیا، هەروەها ڕوسیا هیچ بەرژەوەندیەکی نەبوو لە ئیتاڵیا، بۆیە کافور داوای یارمەتی نەکرد لە ڕوسیا، دەربارەی بەریتانیا ئەم دەوڵەتە سیاسەتێکی تایبەتی هەبوو لەم سەردەمەوە، سیاسەتی پاراستنی هێمنی و ئارامی لە ئەوروپا، هەروەها بریتانیا بەردەوام هەوڵی دەدا بە بەردەوام بوونی ئاشتی لە ئەوروپا، شاژن (ڤکتۆریا) سیاسەتی گۆشەگیری بەکارهێنا، بۆیە کافور داوای یارمەتی نەکرد لە بریتانیا. سەبارەت بە المانیا لەم سەردەمە دەوڵەتێکی یەکگرتوو نەبوو، بۆیە تەنها یەک دەوڵەت ماوە ئەویش فەرەنسا بوو بۆیە پەیوەندی کرد بە ناپلیۆنی سێ یەم ئیمپراتۆری فەرەنسا بۆ

یارمەتی دان بۆ بەدەست هێنانی یەکێتی ئیتاڵی، ناپلیۆنی سێ یەم ڕازی بوو بە یارمەتی دانی سەردینیا.

هۆیەکانی ڕازی بوونی ناپلیۆنی سێ یەم بۆ یارمەتی دانی گەلی ئیتاڵیا :

١- ناپلیۆنی سێ یەم ئامانجی سەرەکی لە یارمەتی دانی میللەتی ئیتاڵی بۆ گۆڕینی بارودۆخی ئەوروپا کە بە پێی کۆنگرەی ڤیەنا ئەم بارودۆخە دانرا.

٢- ناپلیۆنی سێ یەم بۆ ماوەیەک لە ژیانی لە ئیتاڵیا بوو، ئەندام بوو لە یەک لە کۆمەڵە نهێنییەکانی ئیتاڵیا بۆیە هەڵوێستی باش بوو بەرامبەر کێشەی ئیتاڵی.

٣- تەماحکاری ناپلیۆنی سێ یەم بۆ وەرگرتنی دوو هەرێمی گرنگ لە ئیتاڵیا کەوا شاری (نیس، ساڤۆی) بوون، بە پێی ڕێکەوتنامە لەنێوان کافورو ناپلیۆنی سێ یەم کافور بەڵێنی دا بە دانی ئەم دوو هەرێمە بە فەڕەنسا.

٤- ئارەزووی کەسایەتی ناپلیۆنی سێ یەم بۆ گەڕاندنەوەی گەورەیی و هێزی مامی ناپلیۆنی یەکەم.

کافور سەرکەوتووو بوو لە ڕازی کردنی فرنسا بۆ یارمەتی دانی، بە زیرەکایەتی خۆی توانی سەرنجی ئەوروپیەکان ڕابکێشێ بۆ سەردینیا کاتێک کە شەڕی (قرم) لە ١٨٥٤ز ڕووی دا لە نێوان ڕوسیا و عوسمانی کافور بڕیاری دا بە بەشداری کردن لەگەڵ فەرەنسا و بریتانیا و عوسمانی لەم شەڕە، هۆی بەشداری کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا دەوڵەتەکانی ئەوروپا ئاگاداربن بۆ کێشەی ئیتاڵیا، لە ١٨٥٨ز ڕێکەوتنامەیەکی گرنگ بە ناوی (بلومیر) (بلومیر شارێکە لە ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا) مۆرکرا لەنێوان کافورو ناپلیۆنی سێ یەم، بەپێی ئەم ڕێکەوتنامەیە ناپلیۆنی

سێ یەم بەڵێنی دا بەیارمەتی میللەتی ئیتاڵیا بەهێزی سەربازی بەرامبەر بەدانی دوو هەرێم (نیس، ساڤۆی).

شەڕ لە نێوان نەمسا و ئیتاڵیا، وە بڕیاردانی یەکێتی ئیتاڵیا :-

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕێکەوتنامەی بلومیر حکومەتی نەمسا لە ١٨٥٩ ئاگادار کردنەوەیەکی ئاراستە کرد بۆ حکومەتی سەردینیا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێکەوتنامەیە بەڵام کافور بڕیاری شەڕی دا دژی نەمسا، بەخێرایی ناپلیۆنی سێ یەم لەگەڵ هێزەکانی کە (١١٥) هەزار سەرباز دەبوون، بەڕێکەوت بەرەو ئیتاڵیا بۆ یارمەتی دانی هێزەکانی سەردینیا، وە لە ١٨٥٩ دوو شەڕی گرنگ ڕووی دا لەنێوان سوپای فەرنسا و نەمسا شەڕی (حاجنتا، سولڤرینو)، ئەنجامی ئەم دوو شەڕە سەرکەوتنی ناپلیۆنی سێ یەم، هێزەکانی فەرەنسا و سردینیا گەیشتنە شاری لۆمباردیا، وە توانیا ئەم شارە ڕزگار بکەن لە دەست هێزەکانی نەمسا.

ماوە تەنها بوندقیە وە لەناکاو ناپلیۆنی سێ یەم بڕیاری دا بە ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ نەمسا، پەیوەندی کرد لەگەڵ ئیمپراتۆری نەمسا، ڕێکەوتنامەیەکی گرنگ لەنێوان نەمسا و فرنسا مۆرکرا بەناوی ڕێکەوتنامەی (ڤیلافرانکا) بە پێی ئەم ڕێکەوتنامەیە کۆتایی هات بە شەڕ، لۆمباردیا گەڕاوە بۆ ئیتاڵیا، وە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ هۆیەکانی گۆڕینی هەڵوێستی ناپلیۆنی سێ یەم بەرامبەر یەکێتی ئیتاڵیا :

١- ژمارەیەک لە سەربازەکانی فەرەنسا ژیانیان لەدەست دا، هەروەها نەخۆشی بڵاوبۆوە لەنێو سوپای فەرەنسی، ئەمەش بووە هۆیەک بۆ نارەزایی فرنسیەکان لە بەشداری کردنی سوپای فەرەنسی لەم شەڕە.

٢- دەرکەوتنی هێزەکلانی بروسیا لە باکوری فرنسا بەتایبەتی لە ناوچەکانی ڕوباری ڕایش بۆیە ناپلیۆن زانی کەوا لە توانای نیە لە دوو بەرە شەڕ بکات.

٣- ناپلیۆن ئاگادار بوو کە کافور بەجێی هێشت کە بەتەنها شەڕ بکات لەگەڵ هێزەکانی نەمسا، خۆی خەریک بوو بەکاروباری روباری ئیتاڵیا بۆ بەدەست هێنانی.

٤- کەسایەتی ناپلیۆنی سێ یەم بەناوبانگە لە مێژوو بە کەسایەتیەکی ڕاڕا لە بڕیارەکانی.

لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە کافور بڕیاری دا بە وازهێنان لە سەرۆک وەزیرانی سەردینیا، بەڵام بەردەوام بوو لە خەبات کردنی بۆ بەدەستهێنانی یەکێتی ئیتاڵیا کافور لەم سەردەمە هانی هەرێمەکانی ناوەڕاستی ئیتاڵیای دا بۆ شۆڕش کردن، دانیشتوانی ئەم هەرێمانە وەک پارما و مۆدینا و ڕۆما و تۆسکانە شۆڕشیان کرد، وە بڕیاریان دا بەیەکگرتن لەگەڵ سەردینیا، لەم سەردەمە کافور توانای بۆ جاری دووەم پەیوەندی بکات لەگەڵ ناپلیۆنی سێ یەم، ئەم جارە بەڵێنی دا بە دانی نیس و ساڤۆی بە فەرەنسا، لە ١٨٦٠ ئەم دوو هەرێمە گرنگە درایە فەرەنسا.

کافور بەردەوام بوو لە قۆناغەکانی یەکێتی ئیتاڵیا، وە ١٨٦٠ کافور سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی یەکێتی ئیتاڵیا، وە بڕیاری ئەم یەکێتیە درا لە ١٨٦٠، وە ئیتاڵیا بە پێی ئەم بڕیارە لە لۆمباردیا و شارەکانی ناوەڕاستی ئیتالیا و سەردینیا پێک هات، تەنها ماوە ناوچەی صقلیتین واتە باشوری ئیتاڵیا، وە لێرە ڕۆڵی سەرکردەیەکی گرنگ دەست پێ دەکات بەناوی (غاریبالدی) وە دەستی کرد بە هێرش کردن بۆ سەر ناوچەی صقلیتین چونکە شاری ناپۆلی لە ژێر دەسەڵاتس بنەماڵەی بۆربۆن بوو، وە لەم سەردەمە پاشای ناپۆلی ناوی (فرانسوا) بوو، وە غاریبالدی لەگەڵ گەنجەکانی (کراس سور) (الشباب ذوات القمصان الحمر - گەنجەکانی کراس سور) بەسەرکردایەتی غاریبالدی هێرشیان کردە سەر شارەکانی باشووری ئیتاڵیا، وە توانیان کۆتایی بە دەسەڵاتی بنەماڵەی بۆربۆن بهێن لەم ناوچەیە، وە بەمەش باشوور بوو بە بەشێک لە یەکێتی ئیتاڵیا، وە لە ١٨٦٠ز ئیتاڵیا بوو بە دەوڵەتێکی یەکگرتوو، بەڵام تەنها ماوە شاری بوندقیە کە لە

ژێر دەسەڵاتی نەمسا، وە ڤگتۆر عما نوئیلی دووەم بوو بە یەکەم پاشا لە مێژووی ئیتاڵیای یەکگرتوو، بەڵام کافور ئەنجامی کارەکانی نەبینی بەهۆی کۆچی دوایی لە ١٨٦١ز.

ئیتاڵیا بوو بە دەوڵەتێکی یەکگرتوو لە ١٨٦٠ – ١٨٦١ز بەڵام بۆ تەواو بوونی ئەم یەکێتیە تەنها ماوە دوو شار (بوندقیە و ڕۆما)، سەبارەت بە بوندقیە ئیتاڵیەکان سوودیان وەرگرت لە کاتی شەڕ لەنێوان نەمسا و بڕوسیا لە ١٨٦٦ز، یارمەتی بروسیاسان دا لەم شەڕە، وە شەڕەکە ناوی (سادرا) بوو، وە ئەنجامی شەڕەکە سەرکەوتنی بروسیا وە گەڕانەوەی شاری بوندقیە بۆ ژێر دەسەڵاتی ئیتاڵیا.

دەربارەی شاری ڕۆما لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی فەڕەنسا بوو کاتێک کە ناپلیۆنی سێ یەم سوپای فەڕەنسی نارد بۆ یارمەتی دانی ئیتاڵیەکان بۆ بەدەست هێنانی یەکێتی، وە لە ساڵی ١٨٧٠ز لە کاتی شەڕ لەنێوان بڕوسیا و فەڕەنسا حکومەتی فەڕەنسی بڕیاری د بە کشانەوەی هێزەکانی لە ڕۆما، وە بەم شێوەیە لە هەمان ساڵدا (١٨٧٠) شاری ڕۆما گەڕاوە بۆ ئیتاڵیەکان، وە بوو بە پایتەختی ئەم دەوڵەتە.

سەبارەت بە هەڵوێستی پاپا واتە سەرۆکی دەزگای کڵێسەی مەسیحی کاپۆلیکی بەرامبەر یەکێتی ئیتاڵیا وادیارە پاپا ڕازی نەبوو، وە دانی نەنا بەم یەکێتیە لە مەترسی لەدەست دانی دەسەڵاتی لە ئیتاڵیا، وە ئەم هەڵوێستە ماوە تا سەرەتای سەدەی ٢٠، لە ١٩٢٩ دانی نا بە ئیتاڵیای یەکگرتوو، وە لەم ساڵە دەوڵەتێکی بچووک دامەزرا لە ڕۆما بەناوی (ڤاتیکان)، وە ئەمەش بچووکترین دەوڵەتە لە جیهان.

# یــەکێتی ئەڵمــانیــا

ئەڵمانیا لە چەند هەرێمێک پێک دەهات کە ژمارەیان (٣٧) هەرێم بوو، ئەم هەرێمانە لەژێر چاودێری نەمسا بوون، وە دوای کۆنگرەی ڤیەنا ئەنجومەنێکی لاواز دانرا لەلایەن ئەم کۆنگرەیە نوێنەری ٣٧ هەرێم بەشداریان دەکرد لەم ئەنجومەنە، هەروەها نەمساش نوێنەری تایبەتی هەبوو لە دایتی المانی (دایتی فرانکفۆرت)، وە نەمسا کەوتە ململانێ لەگەڵ بروسیا کە ئەمە دەوڵەتێک بوو لە نێو هەرێمەکانی المانیا، وە بەپێی کۆنگرەی ڤیەنا دەسەڵاتێکی فراوان درا بە نەمسا بۆ سەرپەرشتیکردنی سەر هەرێمەکانی المانیا.

سەبارەت بە هەڵوێستی بروسیا وادیارە ئامانجی ئەم دەوڵەتە لابردنی ئەم ئەنجومەنە لاواز بوو، وە دواتر بەدەست هێنانی یەکێتی المانیا، وە یەکەک خەبات کردنی لە مێژووی المانیا کاتێک کە شۆڕشی لە ١٨٤٨ ڕووی دا لەم دەوڵەتە بەڵام ئەم شۆڕشە سەرکەوتوونەبوو لە بەدەستهێنانی یەکێتی، وە شۆڕش بەردەوام بوو دوای ١٨٤٨، وە توانیان دواتر ئەم یەکێتیە بەدەست بهێنن پاش دەرکەوتنی کەسایەتیەکی گرنگ بەناوی (بسمارک).

ڕۆڵی بسمارک لە بەدەستهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا :

بسمارک کەسایەتیەکی بروسی زۆر گرنگ بوو لە مێژووی ئەڵمانیا لە خێزانێکی دەوڵەمەند پەروەردەکرا، هەروەها دبلوماسیەکی زۆر زیرەک و بەتوانا بوو، نوێنەری بروسیا بوو لە دایتی المانی، وە دواتر بوو بە باڵیۆزی بروسیا لە ڕوسیا، وە باڵیۆزی بروسیا لە فرنسا، لە ساڵی ١٨٦٢ گەڕاوە بۆ بروسیا، وە لە هەمان ساڵ بوو بە سەرۆک وەزیرانی بڕوسیا، دوای وەرگرتنی ئەم پۆستە دەستی بە بەدەستهێنانی کۆمەڵێک چاکسازی بەتایبەتی ڕێکخستنی سوپای بروسی، هەروەها بایەخدان بە بواری کارگێڕی، وە وادیارە چاکسازیەکانی ڕۆڵی هەبوو بۆ دەرکەوتنی

بڕوسیا وەک هێزێکی گەورە لەم سەردەمە، وە بسمارک بۆ بەدەست هێنانی یەکێتی المانیا پرۆگرامێکی تایبەتی دانا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یەکێتییە، وە بۆ بەدەستهێنانی ئەم یەکێتیە پێویستە دوو دوژمن لابورێ لە پێش المانیا (نەمسا، فرنسا).

شەڕ لەنێوان بڕوسیا و نەمسا و کێشەی هەرێمی شلزفیک و هۆڵشتاین :-

کێشەی ئەم دوو هەرێمە کێشەیەکی مێژوویی یە لەنێوان بڕوسیا و نەمسا هەرێمی هۆڵشتاین لەژێر دەسەڵاتی نەمسا، وە هەرێمی شلزفیک لەژێر دەسەڵاتی بڕوسیا بوو، وە بمسارکک هەوڵی دا بۆ دۆزینەوەی هەلێک بۆ شەڕکردن لەگەڵ نەمسا، بۆیە لە ١٨٦٦ داوای هەرێمی هۆڵشتاین کرد لە نەمسا، وە لە هەمان ساڵ کۆبونەوەیەکی گرنگ لەلایەن ئەنجومەنی بڕوس سازکرا باسی ئەو کۆبونەوەیەکرا، وە جەنەڕاڵ (فۆن مولتکە) ی بڕوسی پێشنیازی کرد لەم کۆبونەوەیە کە لە توانای بڕوسیا نیە بەتەنها شەڕ بکات لەگەڵ نەمسا، بۆیە پێویستە داوای یارمەتی بکات لە یەک لە دەوڵەتەکانی ئەوروپا.

وە پێشنیاز کرا کە ئەم دەوڵەتە ئیتاڵیا بێت، بۆیە لە هەمان ساڵ (١٨٦٦) ڕێک کەوتنامەیەکی گرنگ مۆرکرا لەنێوان بڕوسیا و ئیتاڵیا، بە پێی ئەم ڕێکەوتنامەیە ئیتاڵیا یارمەتی بڕوسیا دەدات بەهێزی سەربازی لەکاتی شەڕی لەگەڵ نەمسا بەرامبەر بە گەڕانەوەی شاری بوندقیە بۆ ئیتاڵیا، وە لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ (١٨٦٦) بڕیاری شەڕ درا لەلایەن بڕوسیا دژی نەمسا، وە شەڕ لە نێوان هەردوو لا دەستی پێکرد.

سەبارەت بە هەڵوێستی دەوڵەتەکانی ئەوروپا بەرامبەر ئەم ڕوداوە بەریتانیا بێلایەن بوو لەم ڕووداوانە چونکە سیاسەتی ئەم دەوڵەت لەم سەردەمە گۆشەگیری ڕامیاری بەکاردەهێنا، وە هەروەها سەبارەت بە ڕووسیا ئەم دەوڵەتە بەرژەوەندی نەبوو لەم ڕووداوە بۆیە دەست درێژی نەکرد لەکاتی شەڕ لە نێوان نەمسا و بڕوسیا. سەبارەت بە فەرەنسا هەر چەندە ناپلیۆنی سێ یەم

هەڵوێستی باش بوو بەرامبەر هەموو بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی و شۆڕشگێری، بەڵام پێی خۆش نەبوو دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو بەناوی المانیا لە باکوری فەرەنسا، بەڵام هەڵوێستی ناپلیۆن بێلایەن بوو دەربارەی ئەم شەڕە کە ڕووی دا لەنێوان بڕوسیا و نەمسا.

گرنگترین شەڕ لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتە شەڕی (سادوا) بوو لە مانگی حوزەیرانی ١٨٦٦ کە ئەنجامی ئەم شەڕە سەرکەوتنی هێزەکانی بروس بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵ (ڤۆن مولتکە) سەرکردەی هێزی بروس، وە گرنگترین ئەنجامەکانی شەڕی سادوا :

١- هەڵوەشاندنی دایتی ئەڵمانی کە بە لاوازی ناسرا بوو، وە لەلایەن کۆنگرەی ڤیەنا دانرا بوو، وە پشتگیری دەکرا لەلایەن نەمسا.

٢- دەرچوونی نەمسا لە دایتی المانی واتە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی نەمسا لە المانیا.

٣- دەرکەوتنی کەسایەتی بمسارک وەک کەسایەتیەکی بەهێز لە المانیا، وە لە ئەوروپا.

٤- گەڕاندنەوەی هەرێمی (هۆڵشتاین) بۆ المانیا.

٥- پاراستنی خاکی نەمسا ماوە وەکو خۆی تەنها شاری بوندقیە کە درا بە ئیتاڵیا دوای ئەم شەڕە.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لەنێوان بڕوسیا و نەمسا ڕێکەوتنامەیەکی گرنگ مۆرکرا لەنێوان حکومەتی نەمسا، وە بسمارک لە ١٨٦٧ بەپێی ئەم ڕێکەوتنامەیە کۆتایی هات بە دەسەڵاتی نەمسا لە هەرێمەکانی المانیا، وە بەم شێوەیە یەکەم قۆناغەکانی یەکێتی المانیا جێ بەجێ کرا لەلایەن بمسارک، وە بۆ تەواو کردنی ئەم یەکێتیە پێویست بوو شەڕ کردن لەگەڵ فەرەنسا.

شەڕ لەنێوان فەڕەنسا و بڕوسیا، وە ڕاگەیاندنی یەکێتی ئەڵمانیا :

دوای سەرکەوتنی بسمارک بەسەر هێزەکانی نەمسا دەستی کرد بە خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ لەگەڵ فەرەنسا چونکە ئەم دەوڵەتە ڕێگانادات بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەڵمانی یەکگرتوو لە باکوری فەرەنسا، وە بسمارک هەوڵێکی زۆری دا بۆ دۆزینەوەی هەلێک بۆ شەڕکردن لەگەڵ فەرەنسا، وە لە ١٨٦٨ هەلێکی باش هاتە پێش بسمارک بۆ بڕیاردان شەڕ دژی فەرەنسا، لەم ساڵە کێشەی تەختی پاشایەتی ئیسپانیا ڕووی دا لەم دەوڵەت (ایزابیلا) شاژنی ئیسپانیا تەختی پاشایەتی بەجێ هێشت، وە کەس نەبوو لە ئیسپانیا بۆ وەرگرتنی تەختی پاشایەتی بۆیە پێشنیاز کرا لەلایەن دەوڵەتەکانی ئەوروپا کە هەر دەوڵەتێک میرێک یان پاشایەک دابنێن بۆ تەختی پاشایەتی ئیسپانیا.

وە ئەم کێشەیە بووە هۆیەکی گرنگ بۆ دەست پێکردنی ناکۆکی لەنێوان بڕوسیا و فەرەنسا، وە لە ساڵی ١٨٧٠ بسمارک بڕیاری شەڕی ڕاگەیاند دژی فەرەنسا، وە جەنەڕاڵ (ڤۆن مۆلتکە) لە ١٨٧٠ پێش کەوت لەگەڵ هێزەکانی بڕوس بەرەو فەرەنسا وە ناپلیۆنی سێ یەم لەگەڵ جەنەڕاڵ (مکماهۆن) سەرکردایەتی سوپای فەرەنسایان کرد وە دەرچوون لە شاری پاریس بەرەو سنوری فەرەنسا لەگەڵ المانیا، وە لە ١٨٧٠ شەڕێکی گرنگ ڕووی دا لە نێوان هێزەکانی بڕوسی و هێزەکانی فەرەنسی بەناوی شەڕی (سیدان) ئەنجامی شەڕەکە سەرکەوتنی هێزەکانی بڕوس، وە (١٠٠) هەزار سەربازی فەڕەنسی لەگەڵ ئیمپراتۆر ناپلیۆنی سێ یەم و جەنەڕاڵ (مکماهۆن) خیان بەدەستەوە دا و بەدیل گیران لەلایەن هێزەکانی بروس.

دوای گەیشتنی هەواڵی بەدیل گرتنی ئیمپراتۆر ناپلیۆنی سێ یەم بۆ پاریس بڕیاردرا بە کۆتایی هێنان بە ڕژێمی ئیمپراتۆریەتی ناپلیۆنی سێ یەم، وە دامەزراندنی کۆماری فەڕەنسی سێ یەم، وە (تییر) بوو بە سەرۆکی کۆماری حکومەتەکانی فەڕەنسا، وە حکومەتی نوێ بڕیاری دا بە بەردەوام بوونی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی بڕوسیا، بەڵام وادیارە لە توانای سوپای فەرەنسی نەبوو

خۆڕاگرتن بەرامبەر هێزەکانی بروس بەسەرکردایەتی ڤۆن مولتکە، بۆیە هێزەکانی بڕوسیا پێش کەوتن بەرەو شاری پاریس، وە ئەم شارە کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی بڕوسیا.

وە بەم سەرکەوتنە گەورەیە ڕێگریەک نەما بۆ ڕاگەیاندنی یەکێتی المانیا، وە لە کۆشکی (ڤێرسای) لە ١٨ی کانونی دووەم ١٨٧١ بسمارک یەکێتی المانیا ڕاگەیاند، وە بەم شێوەیە المانیا بوو بە دەوڵەتێکی یەککگرتوو، وە پاشا (ولیەمی یەکەم) بوو بە یەکەم پاشای المانیا یەکگرتوو، وە بسمارک بوو بە ڕاوێژکاری المانیا، وە دوای ڕاگەیاندنی یەکێتی المانیا گفتوگۆ لەنێوان بسمارک وە تییر دەستی پێکرد بۆ مۆرکردنی ڕێکەوتنامە، وە لە هەمانساڵ (١٨٧١) ڕێکەوتنامەیەکی گرنگ بەناوی (فڕانکفۆڕت) مۆرکرا لەنێوان هەردوولا. گرنگترین خاڵەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە :

١- دانی سزایەکی دارایی نزیکەی (٥) ملیۆن فڕەنکی فەرەنسی بە المانیا.

٢- مانەوەی سوپای المانی لە خاکی فەرەنسا، وە بە تایبەتی لە باکوری فەرنسا تا سزای دارایی دەدرێ لەلایەن حکومەتی فەرەنسی بۆ المانیا.

وە ئاماژەکردنی فیشەر خاوەن کتێبی مێژووی ئەوروپای نوێ یەک لە هۆیەکانی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی مانەوەی هێزەکانی المانیا لە فەرەنسا بوو

## کێشەی ڕۆژهەڵات

دوای لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی پاشەکشەی لەو شوێنانەی کە دەستی بەسەرداگرتبوو، وولاتانی ئەوروپا دەستیان کرد بە دانانی پلان بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەو شوێنانەی کە پێشووتر لەژێر دەسەلاتی عوسمانیەکان دابوو، کە بریتی بوو لە پێکهاتەی فرە ئایین و نەتەوە ئەوەش بووە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی چەمک و کێشەیەکی نوێ جیهانی کە لە دواتر بە پرس یاخود کێشەی ڕۆژهەڵات ناسرا. گرنگی ئەم بابەتە لەوە خۆی دەبینێتەوە کە بابەتێکی فرە گرنگە و وابەستەیە بە کۆمەڵێک وولاتی زلهێزی ئەوروپا و ئاسیا، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێڕەوی ڕووداوە سیاسیەکان و گۆڕانکاریە مێژوویەکان هەیە.

بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە لە بارەی کێشەی ڕۆژهەڵات بە جۆرێک هەندێک پێیان وایە کێشەی ڕۆژهەڵات ئەڵقەیەکە لە ناکۆکی و ململانێ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکان وەکو هەڵمەتەکانی (یۆنان و فارس) وە شەڕەکانی (عەرەب و ڕۆمان و خاچ دروشمەکان)

لە هەمان کاتدا هەندێک پێیان وایە کێشەی رۆژهەڵات بریتیەلە چاوتێبڕین و هەوڵدانی وولاتە زلهێزەکانی ئەوروپا بۆ دابەش کردنی موڵکەکان و دەست بەسەر داگرتنی ئەو شوێنانەی لە ژێر دەستی وولاتی عوسمانی دابوون، هەروەها بریتیەلە کێشەی بوونی موسڵمانان لە ئەوروپا و وەدەرنانیان لەو وولاتانە

سەبارەت بە ناساندنی چەمکی کێشەی ڕۆژهەڵات لە لایەن مێژوو نووسانەوە پێناسەی جۆرا و جۆری بۆ کراوە هەریەکێکیان لە ڕوانگەی ڕوانین لە ڕووداوەکە پێناسەیان بۆ دارشتووە، بەجۆرێک وا ناساندوویانە کە کێشەی ڕۆژهەڵات ئەو ناکۆکیە بەهێزەیە کە لەنێوان وولاتە زلهێزە ئەوروپیەکاندا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم تاکو ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی (١٩٢٣) لە پێناو سەپاندنی دەسەلات پێشبرکێیان لەسەر دابەش کردنی موڵکەکانی عوسمانی دەکرد

لە لایەکی دیکەوە خوێندنەوەیەکی جیاوازتر لەوەی سەرەوە کە ئاماژەمان بۆ کرد بۆ کێشەی ڕۆژهەڵات کراوە، بە شێوەیەک وا پێناسە کراوە کە سەرجەم ئەو ناکۆکی و شەڕوشۆڕانە دەگرێتەوە لە نێوان وولاتی عوسمانی و زلهێزە ئەوروپیەکان ڕوویان داوە لەو کاتەی کە سوپای عوسمانی پێی ناوەتە خاکی ئەوروپا

پێناسەیەکی دیکەی کێشەی ڕۆژهەڵات بریتیەلە کێشەی ڕێککەوتنی وولاتی عوسمانی بەوەی کە ئەمە سەری جیهانی ئیسلامیە و بە ڕۆژهەڵات ناوی دەرکردووە، بەم جۆرە جیهانی ئیسلامی تێک دەچێ و دەکەوێتە ژێر چاوتێبرینەکانی ڕۆژئاوایی، لە لایەکی ترەوە وا باسی کێشەی ڕۆژهەڵات کراوە کە بریتیەلە چاوەڕوانی وولاتانی زلهێز بۆ دارمانی وولاتی عوسمانی و دابەش کردنی میراتەکەی

سەبارەت بە مێژوو نووس و لێکۆلەرە ئەوروپییەکانیش بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە (**هێنز گۆلویتزەر**) پێی وایە کێشەی ڕۆژهەڵات بریتیەلە هەوڵەکانی ڕووسیا وەکو ئەرکێکی خۆی لە پێناو پاراستن و ئازادکردنی کەمایەتیە ئاینییە سلاڤیەکانی ژێر دەسەڵاتی وولاتی عوسمانی

لەم سۆنگەیەوە دەردەکەوێت کێشەی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی گشتی سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم کێشە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای قۆناغەکانی لاوازی وولاتی عوسمانی و کەلەکە بوونی کێشەکان و چاوتێبڕینی وولاتانی ئەوروپی لە مولکەکانی وولاتی عوسمانی و ناساندنی بە (پیاوە نەخۆشەکە)

لە ئەنجامی ئەو پێناسە و باسکردنانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کێشەی ڕۆژهەڵات لە بنەڕەتدا چاوتێبڕین و تەماحگیری و ململانێی وولاتە باڵادەستەکانی ئەوروپایە لە سەدەی نۆزدەهەم تاکو دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ دابەش کردنی ئەو شوێنانەی کە وولاتی عوسمانی دەستی بەسەرداگرتبوو لە کاتی بەهێزیدا.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەی ڕۆژهەڵات

### هۆکارە ئابووریەکان :

هۆکاری ئابووری بە خاڵێکی سەرەکی دادەنرێت لە سەرهەڵدانی کێشەی ڕۆژهەڵات کە ئەمەش بێگومان خۆی لە بەرژەوەندی ئابووری وولاتە زلهێزەکان دەبینێتەوە، مەبەست لێرە دەست خستنی بەرژەوەندی و جیاوگی ئابوورییە لە لایەن وولاتانی زلهێزەوە، کە ئەمەش بەهۆی جیاوازی و ناکۆکی و چاوتێبڕینی وولاتانی ئەوروپی لە میراتی دەوڵەتی عوسمانی هاتە ئاراوە

بە تایبەت لە دوای شۆڕەشی پیشەسازی گرفتی زلهێزەکان بریتی بوو لە گەڕان بەدوای بازاڕ بۆ ساخ کردنەوەی بەرهەمەکانیان و بەدەست هێنانی کەرستەی خاوی پێویست و بەگەڕخستنی سەرمایەی کەلەکەبووی وولاتەکانیان ، ئەوەی هانی دان بۆ ئەوەی دەسەلات و پێگەی ئابووریان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا پەرە پێبدەن، کوردستانیش وەکو بەشێک لەم  ناوچەیە کە ساڵانێک بوو کۆششیان دەکرد بۆ دەست گرتن بەسەر سامانەکەی و بەستنەوەی بە بازاڕەکانیەوە

جێگای سەرنجە هەریەکە لە (ڕووسیا و بەریتانیا) چاویان لە بازرگانی ڕۆژهەڵات بوو ئەویش لە سۆنگەی ئەوەی ڕووسیا خۆی بە میراتگری ئیمپڕاتۆریەتی بیزنتی حیساب دەکرد، دەیویست ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پارچە پارچە بکات بە تایبەت دوای ئەوەی وولاتی عوسمانی توانای فراوانخوازی بەرەو ئەوروپا نەما، لێرەوە ڕووسیا چاوی تەماحگیری بڕیە مولکەکانی دەوڵەتی عوسمانی، هەرچی سەبارەت بە بەریتانیایە هەمیشە چاوی لە بازرگانی کردن بوو لە ڕۆژهەڵات بە تایبەت لە  (هندستان)

هەرچەندە وولاتی فەرەنسا لە ڕووی خزینی بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک بە تایبەتی بۆ نێو جەستەی وولاتی عوسمانی پێش زلهێزەکانی تر کەوتبوو، کە سەرەتای خزینی بۆ چارەکی دووەمی سەدەی شازدەهەم دەگەڕێتەوە بە تایبەتی لە ڕێی گرێدانی پەیماننامەکان لەگەڵ وولاتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی لە ساڵی (١٥٢٠ – ١٥٦٦)دا کە فەرەنسا چەندین چیاوکی لەناو خاکی عوسمانی بەدەست کەوت .

## هۆكارە سیاسییەكان :

ئەمەش خۆی لە لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی دەبینێتەوە كە ئەمەش بووە بنەماییێكی بەهێز بۆ دووبارە ڕێكخستنی هاوسەنگی تەرازووی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، چونكە لاوازبوونی وولاتی عوسمانی ئالۆزییێكی زۆری بەدوای خۆی دا هێنا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەمەوەش پرۆسەی دەست خستنە ناوەوەی ناوچەكانی ژێر دەسەلاتی وولاتی عوسانی لەلایەن وولاتانی ئەوروپاوە بەدەركەوت لەژێر بیانووی جیاواز وەک پاراستنی ئاسایشی ناوچەكە و دوورخستنەوەی مەترسی لەسەر ئەوروپا و دابین كردنی ئاشتی لە جیهان و هەروەها تەوەری سەرەكی كۆنگرە نێودەوڵەتییەكان كە دەوڵەتی عوسمانی بە **(پیاوە نەخۆشەكە)** ناوزەندكرا.

لێرەدا ئەوەی ڕووندەبێتەوە كە دیاریكردنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان وابەستەیە بە دوو فاكتەری زۆر گرنگ كە بەرجەستە دەبێت لە بەرژەوەندی سیاسی لەلایەک و وە پارێزگاری كردن لە بەرژەوەندیە ئابووریەكان لەلایەكی تر، بۆیە هەریەكە لە وولاتانی زلهێز بە تێروانین و نیگای خۆیان و دەیانڕوانیە پەیوەندیەكان، ئەگەر لەڕووی سیاسی وەری بگرین گردبوونەوەی كۆنگرەی **(ڤیەننا) لەساڵی (١٨١٥)** زیاتر پێ داگرتن لەسەر مانەوەی سیستەمی دەسەلاتی ڕەهای ئیپراتۆرەكان بوو وە هەموو هەولێكیان لەپێناو سەركووت كردنی هەر سیستەمێكی تر كە دژ بە سیستەمی دەسەلاتی ئەوكات بوایە بەتایبەتی شۆڕشی فەرەنسا و بنەماكانی شۆڕشەكە كە (میترنیخ) بە ئەندازیار و پارێزگار لەو سیستەمە هەژمار دەكرێت

هەروەها لەسەردەمی سوڵتان **(عبدالمجیدی یەكەم)** لەنێوان ساڵانی (١٨٣٩ - ١٨٦١) كێشەی ڕۆژهەلات و ململانێی سیاسی نێوان زلهێزەكان بوو لەسەر خاكی عوسمانی پەرەی سەند، بەتایبەتی لەماوەی **جەنگی (قرم) دا لەساڵی (١٨٥٣ - ١٨٥٦)** چونكە هەریەكێك لەم وولاتە زلهێزانە لەبەر دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندیەكانی دەدا، لەهەمان كاتیشدا دژی بەرژەوەندیەكانی وولاتە زلهێزەكانی تر كاری دەكرد بۆ نموونە كاتێک جەنگی (قرم) ڕووی دا لەنێوان ڕووسیا و وولاتی عوسمانی و زلهێزەكانی تر وەكو (بەریتانیا و فەرەنسا و نەمسا) لەترسی فراوانبوونی دەسەلات و نفووزی ڕووسیا لەناوچەكە شەڕیان ڕاگەیاند لەدژی ڕووسەكان پاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانیان دەكرد .

## هۆكاری ئایینی :

به یەكێك لە فاكتەرەكانی دیكەی سەرهەڵدانی كێشەی ڕۆژهەڵات دادەنرێت چونكە وولاتانی ئەورووپی بۆ جێگیركردنی دەسەلاتی خۆیان لەناوچەكە هەمیشە لایەنی ئاینیان وەكو خاڵێكی بەهێز بەكارهێناوە بۆ ئەم مەبەستەش لەڕێگای ناردنی مسیۆنەری دینی بوو، هەروەها پەرەپێدانی جولانەوەی مسیۆنەری چەندین دام و دەزگا و ڕێكخراو لەئەورووپا دامەزرابوون ئەم دامەزراوانە چاویان بڕیبووە مەسیحیەكان و هەوڵیان دەدا كەڵك لە هەلومەرجی نالەباری ژیانی ئەوان و چەوساندنەوەی (ئاینی و كۆمەلایەتی و ئابووری) یان وەربگرن و لەنێو ئەوان جێگای خۆیان بكەنەوە، چەندین جار نوێنەری خۆیان نارد بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی چالاكی خۆیان لەناوچە مەسیحیەكانی كوردستان دا، هەروەكو دەبینین **(گرانت)** كە پزیشكێكی مسیۆنەر بوو لەساڵی (١٨٣٩) سەردانی كوردستانی كرد و بنكەیەكی لە هەكاری دامەزراند .

بەدەر لەمە هۆكاری ئایینی لە هۆكارە هەرە سەرەكییەكانی سەرهەڵدانی كێشەی ڕۆژهەلاتە چونكە دەوڵەتی عوسمانی لە فراوانخوازیەكانی خۆی دەستی گرت بەسەر چەندین هەرێم لەوانە دەسەلاتداریەتی مەسیحی وە هەروەها چەندین هەرێمی ئیسلامی كە دەسەلاتی خۆیان سەپاندووە بەسەریان، بەلام زۆربەی میرنشینە نەسرانیەكانی ژێر دەسەلاتی وولاتی عوسمانی لەسەر ئاینی خۆیان بوونەوە بگرە زیاتر پەیوەست بوونە بە ئاینەكەیان، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە ئاین نەبۆتە هۆكار بۆ دروست كردنی كێشەكە بەڵكو ئاین وەكو ئامرازێك بەكارهاتووە، وە ڕێگا خۆشكەر بووە بۆ دەست تێوەردانی دەرەكی لەكاروباری نێو وولاتی عوسمانی بەتایبەتی لەڕوانگەی پشتگیری كردنی وولاتانی ئەورووپی لە داخوازیەكانی مەسیحی ژێر دەسەلاتی وولاتی عوسمانی لە ڕزگاربوون و سەربەخۆیی تەواو .

## وولاته زلهێزەكان و كێشەی ڕۆژهەلات :

هەڵوێستی وولاته گەورەكانی ئەوروپا و چاوتێبڕینیان له دەوڵەتی عوسمانی بریتیه لەو چوار وولات بەهێز و كاریگەرەی ئەوروپا وەک **(بەریتانیا و نەمسا و رووسیا و ئەلمانیا)** ئەم زلهێزانە چاوی تەماحگیریان بڕیبووە وولاته نەخۆشەكە دەیانوویست پەرە بە فراوانخوازی بدەن بە تایبەتی له سەدەی نۆزدەهەم ئەم بزوتنەوە داگیركاریە پەرەی سەند، لەسەرتادا وولاته ئەورووپیەكان ڕێک نەكەوتبوون لەسەر دابەش كردنی دەوڵەتی عوسمانی بەڵكو گەشتنە ڕێكەوتنێكی ڕانەگەیندراو بۆ ڕێگەگرتن و پاراستنی دەوڵەتی عوسمانی له هەرەس هێنانی، وولاته ئەورووپیەكان دەیانزانی بەڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی جەنگێكی گەورە بەرپا دەبێت بارودۆخی سیاسی تێک دەچێت له ئەوروپا هەروەها دەبێتە هۆی تێكچوونی پارسەنگی نێودەوڵەتی بۆیە پاراستنی دەوڵەتی عوسمانی لەبەرژەوەندی ئەوروپایە له هەمان كات دا ئەم وولاته زلهێزانە له هەلێک دەگەڕان تاكو دەسكەوتیان له ناو دەوڵەتی عوسمان زیاتربێت .

ململانێی وولاته ئەورووپیەكان مێژوویەكی دوور و درێژی هەیە بۆ شوێن كردنەوەی خۆیان بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندیە ئابووریەكان بە تایبەتی كەرەستەی خاو لەو شوێنانەی كە داگیركرابوون، بەلام بەریتانیا **له ڕێگای (كۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلات)** هەر زوو گرنگی ناوچەی ڕۆژهەلاتی زانی كە تاكە ڕێگابوو بۆ گەیشتن بە هندستان، بۆیە بەریتانیا ڕووبەڕووی هەر هێزێک دەبویەوە كە هەرەشەی لەسەر بەرژەوەندیەكانی هەبێ، بەریتانیا هەر زوو كەوتە بەربەست لەبەردەم فراوانخوازیەكانی ڕووسیا لەو هەرێمانەی كە دەوڵەتی عوسمانی لەژێر دەستی دابوو، بۆیە بەریتانیا گومانی زیاتری له ڕووسیا كرد دوای بەدەست هێنانی سەركەوتنەكانی بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی له سالی (١٨٢٩) كە **پەتروسی گەورەی** ڕووسیا ئەنجامی دا، بەریتانیا بۆ ڕێگە گرتن لەم نزیک بوونەوەیە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا داوای له بالوێزەكەی خۆیان كرد **(لۆرد سترانفۆرد)** بگەڕێتەوە شوێنی كارەكەی تاكو بەربەست دروست بكات لەبەردەم دانووساندنی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسی بە هەر جۆرێک بێت، فەرەنساش وەكو وولاتی بەریتانیا داوای له سەركردەی كەشتی گەلی دەریاوانی كرد بەناردنی هێزی سەربازی دەریاوانی له دەریای ناوەڕاست بۆ ئاوەكانی دەریای عوسمانی هەردوو ولاتی (فەرەنسا و بەریتانیا) كەوتنە ئامادەباشی چالاكی نواندن بۆ دابراندی ڕووسیابوو ناردنی نوێنەری ڕووسیا **(مینشكۆف)** بۆ دەوڵەتی عوسمانی بریتی بوو لەو گۆڕانكاریەیەی كە لەشوێنە پیرۆزەكان جیاوازی مەزهەبی بوو له نێوان

(کەنیسەی کاثۆلیکەکان و کەنیسەی ئەرسۆدۆکسی) ئەمەش کێشەیەکی سیاسی بوو کە دەبووە سوود مەندبوونی ڕووسیا لە دەست گرتن بەسەر دەوڵەتی عوسمانی و بەدەست هێنانی چیاوگی نویَ لە ناو دەوڵەتی عوسمانی دا .

بەریتانیا داوای لە سولتانی عوسمانی کرد ڕازی نەبیَ بە یاداشتەکەی نوێنەری ڕووسیا بە تایبەتی بەندی دووەم و سێیەم ڕێکەوتنی ئەم دوو وولاَت بەرژەوەندی بەریتانیای دەخستە مەترسیەوە لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر ئەرسۆدۆکسی لە دەوڵەتی عوسمانی دا هەبوون بە بەروارد بە ژمارەی کاثۆلیەکان، لە لایەکی ترەوە ڕازی بوونی دەوڵەتی عوسمانی بەسەرپەرشتی کردنی ڕووسیا لەسەر شوێنە پیرۆزەکان هاوسیَ بوونی لەگەل دەوڵەتی عوسمانی دژی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیابوو،

**چاوتێبڕینی فەرەنساش** لە دەوڵەتی عوسمانی مێژوویەکی کۆنی هەیە کاتێک پەیمانی دۆستایەتی لە نێوان (فرانسوای یەکەم) و دەوڵەتی عوسمانی مۆرکرا لە سالی (١٥٣٥) بە مەبەستی پاراستنی مافی تایبەتی فەرەنسیەکان بوو لە خۆرهەلاَتی ناوەڕاست لە سەدەی نۆزدەهەم دا بە مەبەستی پاراستنی ئاین و مافی ئازادی کەشتی گەلی پێدرا لە دەریای ناوەڕاست هەروەها جەزائیری داگیرکردو دەسکەوت و جیاوکی زۆری لە کەنالی سوێس دەسکەوت لە سالی (١٨٥٩) بەم جۆرە فەرەنسا پێی خستە ڕۆژهەلاَت و فراوانخوازی ئەنجامدا، کێبرکێی ڕووسیا و نەمسا بۆ میراتی دەوڵەتی عوسمانی سەری هەڵدا لەدوای **(جەنگی قرم)** نەمسا ڕووی لە ئەلمانیا وەرگێرا چاوی بڕییە هەرێمەکانی بەلقان هەر پێشکەوتنێک لە ناوچەکانی بەلقان ڕووی بدابایە ئیمپراتۆریەتی (نەمسا و مەجەر) ڕووبەڕووی دەبوونەوە.

بەلاَم لە ناوەڕاستی سەدەی نوزدەهەم بەریتانیا سیاسەتی گۆڕا بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی کە هەمووکات ئامادەبوو شەڕ دژی وولاَتی ڕووسیا بەرپا بکات ئەگەر ڕووسیا بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی هێلەسورەکانی ببەزاندبایە، بۆیە بەریتانیا لە پاراستن کەوتەداگیرکردنی چەند بەشێکی ئەم وولاَتە، هەلویێستی ئاشتی خوازی **(بسمارک)** پێی وابوو کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکان پەیوەندی بە دەوڵەتی عوسمانی و ڕۆژهەلاَت هەیە بۆیە (بسمارک) بینی کە وولاَتە ئەورووپیەکان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دووچاری شەڕی خوێناوی دەبن بۆیە دەیگوت وولاَتە ئەورووپیەکان دەیانەویَ ڕەچاوی پارسەنگی هێز بکەن با لەسەر حسابی دەوڵەتی عوسمانی بێت،

ئامانجی (بسمارک) بریتی بوو لەوەی ئاشتی لە ئەوروپا بچەسپێت پەیوەندی وولاتە زلهێزەکانیش وەک (بەریتانیا و فەرەنسا و ئەلمانیا) بە شێوەیەکی ئاشتیانە بێت .

## قۆناغەکانی کێشەی ڕۆژهەلات

هەندێک لە مێژوونووسان و پسپۆڕانی تایبەت بە کێشەی ڕۆژهەلات سەبارەت بە تێگەیشتن و توێژینەوە لە پەیوەندی و کاریگەری ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە پەنایان بردۆتە بەر دابەشکاری و قۆناغ بەندی جۆراوجۆر، هەر یەکێکیان لە ڕوانگەی تایبەت بەخۆیان مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆزە دەکەن بۆ نموونە (تکریتی) کێشەی ڕۆژهەلاتی بۆ چەند قۆناغێک دابەشکردووە :

### قۆناغی یەکەم :

ئەم قۆناغە لە پەیماننامەی (کچک کینارچی) لە ساڵی (١٧٧٤) دەست پێ دەکات تاوەکو (١٨٥٣ – ١٨٥٦) بەردەوام دەبێت، ئەم قۆناغەش کۆمەڵێک سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لە دەرکەوتنی ڕۆڵی ڕووسیا لە کێشەی ڕۆژهەلات کە ئەمەش پەیوەستە بە کۆمەڵێک جەنگەوە لەنێوان ڕووسیا و وولاتی عوسمانی، بەدەر لەمە یەکێکی تر لە سیماکانی ئەم قۆناغە خۆی لە ڕێککەوتننامەی **(کچک کینارچی) و پەیماننامەی (خونکار ئەسکەلەسی)** دەبینێتەوە کە لەنێوان هەردوو وولاتی ناوبراو مۆرکرا، تایبەتمەندییکی دیکەی ئەم قۆناغە بریتییەلە جەنگی (قرم) لە ساڵی (١٨٥٣ – ١٨٥٦) کە نموونەیەکی ئاشکرای ڕکابەرایەتی نێوان ڕووسیا لەلایەک و وولاتی عوسمانی لەلایەکی ترەوە بە پاڵپشتی هەریەک لە (بەریتانیا و فەرەنسا).

### قۆناغی دووەم :

سیمایێکی دیاری ئەم قۆناغە پاشەکشێی وولاتی زلهێزی ڕووسیابوو لە کێشەی ڕۆژهەلات بەهۆی تێکشکانی لە جەنگی (قرم) بەردەوامی ئەم قۆناغە لەدوایی کۆنگرەی (پاریس) لە ساڵی (١٨٥٦) تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە .

پەرەسەندنی ڕکابەری وولاتە ئەوروپییەکان لەوانە (بەریتانیا و فەرەنسا) بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوورییەکانیان و بەدەست هێنانی سەرمایەی زیاتر لەناو دەوڵەتی عوسمانی دا، بەتایبەتی لە مەسەلەی قەرزەکان دا لەم ڕووەوە چەکێکی کاریگەر بوو بەدەست ئەم وولاتانەوە

زیاتر دەست لە کاروباری وولاتی عوسمانە وەربدەن، لەدوای کۆنگرەی (پاریس) قەرزەکانی وولاتانی ئەوروپی بەسەر وولاتی عوسمانی ڕوویان لە هەڵکشان کرد.

سیمای دووەمی ئەم قۆناغە بریتییەلە شەڕی نێوان ڕووسیایی قەیسەری و وولاتی عوسمانی لەنێوان ساڵانی (١٨٧٧ - ١٨٧٨)، کە سەرئەنجام بە ڕێکەوتنی پەیماننامەی (سان ستیڤانوو) نێوان ڕووسیا و وولاتی عوسمانی هاتە ئاراوە، کە لە ڕێگای ئەم پەیماننامەیەوە دەسەڵاتی ڕووسیا لە ناوچەکانی (بەلقان) بەرەو فراوان بوون چوو.

**قۆناغی سێیەم :**

ئەم قۆناغە هەر لەگەڵ داگیرکردنی دوورگەی قبرس لەلایەن بەریتانیاوە دەست پێ دەکات واتا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەر هەڵدەدات تاوەکو هەڵوەشانەوەی وولاتی عوسمانی (١٩٢٣)، ئەم قۆناغەش بەکۆمەڵێک سیمای جیاواز جیادەکرێتەوە کە خۆیان دەنوێنن، لە وازهێنانی بەریتانیا لەو جۆرە سیاسەتەی کە بریتی بوو لە سیاسەتی هەوڵدان بۆ پارێزگاری کردن لە مولکەکانی وولاتی عوسمانی بەڵگە و گەواهیدەری ئەمەش داگیرکردنی دوورگەی (قبرس) بوو کە دواتریش (میسر)ی بەدوایی خۆیدا هێنا .

یەکێکی تر لە سیما گرنگەکانی ئەم قۆناغە بریتییەلە کەمبوونەوەی ڕۆڵ و کاریگەری کێشەی ڕۆژهەلات لە پەیوەندیە نێوەدەوڵەتیەکان و هەروەها گۆڕان و ئاراستەی کۆلونیالی ئەوروپی بەرەو (ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی) بوو، وە سەرهەڵدانی ئەڵمانیا و نزیک بوونەوەی لە وولاتی عوسمانی، هەروەها سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لەناو گەلانی ژێر دەسەلاتی وولاتانی عوسمانی کە بووە فاکتەرێکی کاریگەر لە سیاسەتی وولاتانی زلهێز لەبەرامبەر وولاتی عوسمانی .

یەکێکی تر لە سیماکانی ئەم قۆناغە دامەزراندنی **هێڵی ئاسنینی (بەرلین-بەغدا)** بوو لە ساڵی (١٨٩٩) کە لە پەیوەندییەکانی نێوان وولاتی ئەڵمانیا و وولاتی عوسمانی هاتە ئاراوە بێگومان ئەمەش ناکۆکی و ململانێیەکی زۆری لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دروست کرد .

## پەیوەندی عوسمانی ـ رووسی لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز:

لاوازبوونی دەولەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەدا بووە جێگەی چاوتێبرینی تەماعکارانەی دەوڵەتە ئەوروپیەکان لە نێوان خۆیاندا کەوتنە ملمڵانی لە سەر چۆنیەتی دەست بەسەر داگرتنی مولک و زەوی فراوانی ئەم دەولەتە، هەوڵدانی رووسیای قەیسەری بۆ کۆنترۆل کردنی هەرێمەکانی ژێر دەسەلاتی دەولەتی عوسمانی لە کاتێک دابوو کە لاوازی بەرۆکی دەولەتی عوسمانی گرتبوو، بۆیە لەسالی (١٨٥٣ز) پرۆژەیەکی دابەشکردنی مومتەلەکاتی دەولەتی عوسمانی خستە بەردەم وولاتە ئەوروپیەکان بەتایبەتی بەریتانیا، کە ناوەرۆکی بریتی بوو لە وەرگرتنی تەنگەبەری بۆسفۆرو داگیرکردنی ئەستانە لە لایەن رووسیای قەیسەری لە بەرامبەردا ئەگەر بەریتانیا رازی بێت ئەوا میسر و رودس و قوبرسی وەردەگرێت .

ئەو پرۆژەیەی رووسیای قەیسەری لە لایەن بەریتانیا رەتکرایەوە چونکە لەگەل سیاسەتی بەریتانیا نەدەگونجا، کە بریتی بوو لە پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی هێز لە ئەوروپا بەگشتی وناوچەکە بەتایبەتی، لەبەرامبەر رەتکردنەوەی پرۆژەکە لەلایەن بەریتانیا بووە هۆکارێک کە رووسیای قەیسەری بیر لە وە بکاتەوە کە پەیوەندی راستەوخۆ لە گەل دەولەتی عوسمانی دەست پێ بکات ئەویش لە رێگای فەرامۆشکردنی (استغلال) کێشەی شوێنە پیرۆزەکان لە فەلەستین، کە هۆکارەکەی بەروالەت ئەوەبوو کلێسای کاسۆلێکی یان ئەرسەدۆکسی کامیان دەسەلاتی شوێنە پیرۆزەکان لە فەلەستین بگرێتە دەست بەتایبەتی کلێسای خۆمالی لە ئۆرشەلیم، فەرەنسا لە بەرژەوەندی کاسۆلیکەکان وولات لە هەولێ ئەوەدابوون دەست رۆیشتووی خۆیان لە ناو دەولەتی عوسمانی بچەسپێنن بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە رەعیەتی خۆیان کە سەرەنجام دەولەتی عوسمانی جیاوگەی زیاتری دا بە کاسۆلیک لە سالی (١٨٥٢ز) کە گرنگترین جیاوگە بریتی بوو لە پێشکەش کردنی سێ کلیلی تایبەت بە دەرگای کلێساکانی عەزراو سەردایب ومەهدا.

لە (٩) ی ئازاری (١٨٥٣ز) شاندێکی گەورەی رووسی گەیشتە ئەستانە بەکەشتیەکی گەورەی جەنگی،بەیاوەری رووسەکان،گەورەی ئەم شاندە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر عوسمانیەکان دەبێت لە رووی سیاسی و سەربازی.

هاتنی ئەم شاندە زیاتر بۆ یەکلاکردنەوەی رۆلی رووسیا بوو لە شوێنە پیرۆزەکان لە لایەک هەروەها دووبارە نزیک بوونەوە لە بەریتانیاو سەر لەنوێ باس کردن لە پرۆژە کۆنەکە سەبارەت بە دابەش کردنی دەولەتی عوسمانی و دابڕاندنی فەرنسا لەم کێبەرکێە.

سەرەنجام ئەم شاندە لە هەوڵەکانی بۆ رازیکردنی دەولەتی عوسمانی لە سەر سەرپەرشتی کردنی شوێنە پیرۆزەکان لە لایەن رووسیا سەرکەوتوو نەبوو بۆیە بە ناچاری لە ئایاری (١٨٥٣ز) بەبێ هیچ دەستکەوت گەرایەوە رووسیا.

لە دوای هەرسهێنانی دانووستان لە نێوان هەردوو لایەنی عوسمانی ورووسی و رەتکردنەوەی دەولەتی عوسمانی بۆ داواکارییەکانی رووسیا پەیوەست بوو بە چاودێرێکردن و سەرپەرشتیاری شوێنە پیرۆزەکان، رووسیا بریاری جەنگی دا دژ بە دەولەتی عوسمانی .

بۆیە رووسیا بریاریدا بە داگیرکردنی هەردوو ولایەتی (ئەفلاق وبەغدان ) لە هەرێمی دانووب کە هەردووکیان سەر بە دەولەتی عوسمانی بوون، ئەمەش یەکەم هەنگاو دەبێت بۆ دەست پێکردنی جەنگی قەرم، لە دوای ئەم رووداوە ئاگاداركردنەوەیەک لە لایەن دەولەتی عوسمانی درا بە رووسیا بۆ چۆلکردنی هەردوو ولایەتەکە، بەرەتکردنەوەی قەیسەر بۆ ئاگادارکردنەوەکە دەولەتی عوسمانی بریاری هەلگیرسانی شەری دا دژ بە روسیا لە سالی (١٨٥٣ز). لە ئەنجامی هێرشکردنی کەشتیگەلی رووسی بۆ بەندەری صفیوبی عوسمانی و تێکشکاندی کەشتەکانی عوسمانی لە تشرینی دووەمی ١٨٥٣، بەریتانیا و فەرەنسا هاتنەبال دەولەتی عوسمانی جونکە هەردوو دەولەت وایان دەبینی کە بەرژەوەندیەکانیان لە وەدایە رێگە لە بەرەوبێش چوونی روسیا بگرن لەگەیشتن بە دەریای رەش .

لەدوای ئەمەدا هیزەکانی کەشتیگەلی بەریتانی و فەرەنسی هاتنە ناوەوەی دەردەنیل وبەمەبەستی بارێزکاری کردن لەعوسمانیەکان و دوا ئەویش گەیشتنە بەندەری فارنا لەدەریای بەلتیق بە مەبەست شکاندنی رووسیەکان وکشانەوەیان بو نیمجە دوورگەی قرم لەئەنجامدا هیزەکانی هاوپەیمان ئابلوقەی شاری (صیوا صتوبول) یان دا کە بنکەیەکی سەربازی دەریای گەورەی رووسیای تێدابوو، لەوکاتەدا نەمساش هاتەریز وولاتانی هاوپەیمان کەتوانیان بوماوەی یەک سال گەمارۆی شارەکەی بدەن و دواتریش لە (٩ کانوونی یەکەم ١٨٥٥) کەوتە دەست هاوپەیمانان.

لەدوای شکانی رووسیا لە صیواصتوبول بو ماوەیەکی کورت نیقولای یەکەم کۆچی دوای کرد ئەسکەندەری دووەم دەسەلاتی گرتەدەست لە(٢ ئازاری ١٨٥٥) کە بەکەسایەتیەکی ئاشتی خواز ناسرابوو بۆیە لە ئەنجامی خرابیوونی باری ئابووری و کومەلایەتی و دوای شکانی رووسیا لە جەنگی قەرم داوای ئاشتی لە وولاتانی هاوپەیمان کرد. بەمەش رێگە والابوو بو مەبەستی پەیماننامەی ئاشتی لەباریس لە ٣٠ ئازاری ١٨٥٦ کە کوتایی بە جەنگی قەرم هینا.

## دەولەتی عوسمانی دوای پەیماننامەی پاریس

یەکەم : کەوتنەوەی ئالۆزی لە بەلقان :

لەراستیدا یارمەتی دانی وولاتانی ئەوروپی بو دەولەتی عوسمانی دژ بە رووسیا لە جەنگی قەرم مەبەستی راستەقینەیان بریتی بوون لە لاوازکردنی رۆلی رووسیا لەناوچەی رۆژهەلاتی وە هەروەها دانانی دەولەتی عوسمانی وەک بەربەستیک لەبەردەم فراوانخوازیەکانی رووسیا لەرووی سیاسی و ئابووری، هەرچەندە پەیماننامەی پاریس لە بەرژەوەندی دەولەتی عوسمانی دابوو بەلام وولاتە ئەورووپیەکان بەردەوام لەژیرەوە کاریان دەکرد بۆ لاوازکردنی دەسەلاتی عوسمانی لەروژهەلات کە لەرووی ئاین و نەتەوە جیاوازی لەگەڵ وولاتانی ئەورووپی هەبووە، ئەویش لە رێگای هاندانی ولایەتەکان کەسەربەخۆیەکی ناوخۆییان وەرگرتبوو لەژیر شکۆی دەولەتی عوسمانی کە لەبەندەکانی پاریس هاتبوو. لە دوای راگەیاندنی (خەتی هەمایۆن) لە لایەن دەولەتی عوسمانی، نارەزای نەسرانیەکان لەناو دەولەتی عوسمانی رووی لەزیادی کرد چونکە پییان وابوو دەولەتی عوسمانی کەم تەرخەمی دەکات لە چاکسازیەکانی بۆیە هەرزوو هەرێمەکانی ( سربیا و چیای رەش ) بەیارمەتی وولاتانی زلهێز هەولیاندا بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆییەکی تەواو وەجیابونەوەیان بەشیوەیەکی یەکجاری لەدەولەتی عوسمانی وە هەروەها هەولیاندا بۆ چاندنی تۆی دووبەرەکی لە بۆسنەو هەرسک.

پەیرەو کردنی سیاسەتی کۆکردنەوەی باج لەلایەن دەولەتی عوسمانی رێگایەکی تر بوو بۆ زیاتر وورووژاندنی هەستی نارەزایی لەناو میللەتانی بەلقان، چونکە دەولەتی عوسمانی بۆ ئەم مەبەستە باجی ناوچەکەی لە کەسێک وەردەگرت دواتر ئەم کەسە هەلدەستا بە کۆکردنەوەی باج بە شیوەیەک زیاتر لە خەلکەکە ئەم کەسەش ناسراوە بە **(ملتزم)** کە سەر شانی خەلکی قورستر

دەکرد ئەمەش کاردانەوەی خراپی لەسەر سیستەمی دەسەلاتی عوسمانی دروست کرد بووە هۆکاریک بۆ بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی و یاخی بوون لە دەسەلاتی عوسمانی، هەرچی هەریمی (بۆسنە و هرسک) ە کە پێک دێت لە ناوچەیەکی شاخاوی دەکەوێتە سنوری باکوری رۆژئاوای دەولەتی عوسمانی لەگەل ئەوروپا کە نیوەی زیاتری موسلمان بوونە بەشەکەی تریش نەسرا بوونە لە هەردوو مەزهەبی کاسۆلیک و ئەرسۆدۆکس، ئەم هەرێمە راپەرینی لە دژی دەولەتی عوسمانی بەرپا کرد هەرچەندە دەسەلات دارانی هەرێمەکە کە سەر بە دەولەتی عوسمانی بوون رووبەرووی راپەرینەکە بوونەوە بۆیە ژمارەیەک لە سەرکردەکانی راپەرین روویان لە نەمسا کرد بۆ ئەوەی پالپشتیان بکات وە لە ئاکامدا نەمسا یاداشتێکی ئاراستەی بالوێزی دەولەتی عوسمانی کرد لە ڤیینا دواتر گەیاندرایە سولتان عبدالمجیدی یەکەم کە دەست نەخاتە ناو کاروباری هەرێمەکە بە پێی بەندەکانی پەیماننامەی پاریس .

خراپ بوونی بارودۆخی دەولەتی عوسمانی لە ئەنجامی دەستێوەردانەکانی وولاتانی ئەوروپا لەو کاتەی کە لە هەولی ئەوە دابوو کە سوپا بنێرێ بۆ بۆسنە و هرسک بەمەبەستی دامرکاندنەوەی راپەرینەکە بەلام هێزە دەریاییەکانی فەرەنسا و رووسیا لە سالی ١٨٥٨ گەیشتە (چیای رەش) بەمەبەستی رێگا گرتن لە چوونە ژوورەوەی هێزەکانی دەولەتی عوسمانی بۆ دامرکاندنەوەی راپەرینەکان .

دوای ئەوەی شۆرشگێران خێرا یارمەتیان پێگەیشت لەلایەن سربەوە پەنایان بۆ چەک برد، دەولەتی عوسمانی ناچار بوو کە شۆرشەکە سەرکوت بکات بەلام دوای ئەمە پاشگەزبۆوە ئەویش لەسەر داوای رووسیا کە داوای لە سولتان کرد کە هەندێ ئاسانکاری ئیداری و ئابووری بە دانیشتوان ببەخشێت بۆیە لە (تشرینی دووەمی ١٨٧٥) سولتان فەرمانێکی دەرکرد بەپێ ی ئەو فەرمانە باجەکان کەم کرانەوە ئازادی ئاینیان پێ بەخشرا و دامەزراندنی چەند قازیەک لە دانیشتوانی ناوچەکە و بەیەک کردنی یاسای باجەکان و یەکسانی لە نێوان مەسیحی و موسلمانەکاندا بەلام دانیشتوان ئەم ئاسانکاریەیان رەتکردەوە بە هاوکاری نەمسا درێژەیان بە شەڕدا.

سەرئەنجام دانیشوانی ناوچەکە سووربوون لەسەر چۆل کردنی ناوچەکانیان لەلایەن سوپای عوسمانیەوە، مانەوەی چەند بنکەیەکی سەربازی لە هەندێ شاردا وەسێیەکی زەوی و زار لە

دەستی مەسیحیەکاندا بێت ماوەی سالێکیش باجیان لێوەرنەگیرێت هەروەها دەولەتی عوسمانی هەموو ئەو زەویانە قەرە بوو بکاتەوە کە لێ یان کەوتووە.

دوای هەندێ گۆرانکاری ناوخۆیی دەولەت دانەوەی قەرزەکانی راگرت کە ئەمەش بەلابردنی سولتان عبدالعزیز (١٨٦١ – ١٨٧٦) کۆتایی هات و دانانی سولتان مورادی پێنجەم (١٨٧٦) لە شوێنی دوای لابردنی ئەویش و دانانی سولتان عبدالحمیدی دووەم.

سەبارەت بە (صربیا) ش کە دەولەتی عوسمانی لە سالی ١٨٢٩ دانپێدانی سەربەخۆی ناوخۆیی پێدا بوو، بەلام ئەم هەرێمەش دوای فەرمانی هەمایۆن بەتایبەتی لە رێگای هاندانی رووسیای قەیسەری هەلسان بە دروست کردنی رێکخراوێکی نهێنی چەکداری لە سالی (١٨٦٢) لە (بلغراد)دامەزرا ناسراو بە لیژنەی (سربی – بۆسنی) کە گرنکترین ئامانجیان کارکردن بوو بۆ دانانی رێو شوێنی گونجاو دژ بە دەولەتی عوسمانی هەروەها کارکردن بۆ راکێشانی بۆسنەو هرسک بۆ ناو سربیا. دانیشتوانی بلغراد دوژمنایەتی خۆیان دژی عوسمانیەکان راگەیاند، هێرشیان کردە سەر سەربازەکانی عوسمانی کە ئەوەش رقی سەربازەکانی هەلستاند، موسلمانەکانیش پەنایان بۆ قەلا برد بۆ رزگارکردنی گیانی خۆیان، دوای ئالۆزبوونی بارودۆخەکە سەربازانی عوسمانی ناچاربوون کە شارەکە تۆپباران بکەن. لەو کاتەدا فرنسا و رووسیا دەستیان خستە ناو کێشەکەوە و داوای داوای بەستنی کۆنگرەیەکیان کرد لە ئەستەمبۆل بە ئامادە بوونی نوێنەری ئەو وولاتانەی کە رێکەوتنی پاریسیان مۆر کرد بوو بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی سربیا کە کۆنگرەکە بەسترا بە زۆرینەی دەنگ ئەم بریارانە درا :

١- چۆل کردنی دوو قەلا و هێشتنەوەی چواریان کە بلغراد و سمندریە و فتح السلام و شباتس بوون.

٢- نابێ هێزەکانی عوسمانی و والی یەکان دەست لە کاروباری ناوخۆ وەربدەن.

٣- موسلمانانی دەرەوەی قەلاکان مولکەکانیان بفرۆشن و لەناو قەلاکان نیشتەجێ بن بەو مەرجەی حکومەتی سربیا قەرەبوویەکی گونجاویان بۆ بکاتەوە.

رووسیا بیرێکی باشی بۆ هاتبوو لەوکاتەدا بە مەبەستی پارچە پارچە کردنی دەولەتی عوسمانی و دەست بەسەر داگرتنی گەروە ئاوییەکانی ئەستەمبۆل، کە تێکەلی کردبوو لەگەل بیری نەتەوایەتی بەلقان و ئامانجی سەرەکی خۆی تێدا شاردبۆوە، ئەویش پەیرەو کردنی سیاسەتی

(گەلانـی سـلاڤی) بـوو کە لە سـالی (١٨٧٠) دا رووسـیا هەنگـاوێکی گرنـگ و بـوێرانەی نـا کاتێـک هەستیان کرد کە پلەی گەلانی سلاڤی بەرز دەکەنەوە لەناو دەولەتی عوسمانی دا ئەگەر بەتریکیکی سلاڤ دابنێن لە ئەستەمبۆل لە جیاتی پەتریکی یۆنانی کە تا ئەو کاتە وەکو سـەرۆکی روحـی گەلە جیاوازەکانی سـلاڤ لە بلقان وەکو بولگاریا و سـربەکان پەتریکی یۆنـانی بـوو، بۆ ئەم مەبەسـتە سـولتان عبـدالعزیز لە (٥ ی ئـازاری ١٨٧٠) فەرمـانێکی دەرکـرد بە پێـی ئەم فەرمـانە سـلاڤەکان سـەربەخۆیی ئـایینی خۆیـان دەبێـت وەکـو نەتەوەیەکـی سـەربەخۆ لە بـواری ئاییینیـدا هەروەهـا سەرۆکێکی ئایینی تایبەتیان دەبێت جیاواز لە پەتریکی یۆنـانی لە ئەسـتەمبۆل ئەو کەسـەش دەبێت بولگاری بێت و نازناوی **(ئەکسارک)** ی پێ بەخشرا.

دامەزرانـدنی ئەکسـاریەکەی سـلاڤی هەسـتی نەتەوایەتـی لەنـاو گەلانـی بەلقـان زینـدوو کـردەوە بولگاریەکانیش بەو دەستکەوتە ئایینیە لەخۆبایی بوون و بەهاندانی رووسـیا و نەمسـا و سـربیا لە دەولەتـی عوسـمانی یـاخی بـوون. شۆرشـگێران دەسـتیان کرد بە کوشـتنی موسـلمانەکان و ئـاگر تێبەردانـی هەریەک لە شـارەکانی (ئەدرنە و فلیـپەو بـازار جـق) لە چەنـد گونـدێکی موسلمانیشـدا کوشت و کوشتاریان ئەنجامدا، وێنەی رووداوەکان لە ئەوروپا بە شـێوەی شـانۆ نمـایش دەکرا بۆ ئەوەی سۆزی ئەوروپیەکـان بەدەسـت بهێنن تـا وای لێهـات چەکدارەکان لە ناوچەکـانی رۆژئـاوا و بـاکوری بولگاریـا خۆیـان پیشـاندەدا و هەلدەسـتان بە کۆکردنەوەی پیتـاک و بـۆ دروسـت کردنـی قەلای سەربازی و سەنگەر بۆ بەرەکانی سوپای عوسمانی.

بەلام سوپای عوسمانی کەوتە سەرکوت کردنی یاخیبوان و دەنگ سـەدایەکی گەورەی لە ئەوروپا بەرپا کرد بەجۆرێک حەماسەتی ئەوروپیەکانی هەلساند بۆیە رووسەکان داوایان کرد کۆنگرەیەکی نێو دەولەتـی ببەسـترێت بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی بولگاریـا، لە ئەنجـامی رقەبەری رووسـیا و بەریتانیـا لەسـەر کێشـەی رۆژهەلات و جیـاوازی بەرژەوەنـدی یەکـانی هەردوولا لەنـاو دەولەتـی عوسمانی، بەریتانیا دەست پێشخەری کرد نامەیەکی خێرایی بۆ دەولەتی عوسـمانی نـارد کە داوای کرد بوو:-

قەرەبوو کردنەوەی شۆرشگێران.
دروست کردنەوەی خانوو و کەنیسە رووخاوەکان.
یارمەتیدانی خێزانە هەژارەکان.
سزادانی ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرپرسی سەرکوتکردنی یاخیبوەکان بوون.

دانانی والیەکی دادپەروەر بۆ ئیدارەی وولات کە دەبێ مەسیحی بێت یان موسلمان بێت، کە ئەگەر موسلمان بێت دەبێ راوێژکارەکەی مەسیحی بێت.

## دووەم: جەنگی عوسمانی و رووسی ساڵی ١٨٧٧:

لە دوای وەرگرتنی دەسەلاتی عوسمانی لەلایەن سولتان عبدالحمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩) تووشی هەلویستێکی وورد و ئالۆز بوو کە ئەو کێشانە هەرەشەیان لە قەوارەی دەوڵەت دەکرد و فکرەی جیابوونەوە لە دەولەتی عوسمانی هەموو لایەکی گرتەوە کە رۆژ بە رۆژ بلاودەبۆوە و بەهێز دەبوو شۆرش جارێکی دیکە لە بۆسنەو هرسک سەری هەلدایەوە، کێشەی بولگاریا هەربەردەوام بوو لە هەمان کاتدا سربییەکان و چیای رەش لە قۆناغی شەردا بوون لەگەل سوپای عوسمانی، بەم شێوەیە بلقان ناوچەیەکی گەرم بوو لە کێشە و ئالۆزی و سەختی بارودۆخی ناوچەکە وایکرد وولاتانی ئەورووپی دەست لە کاروبارەکان وەربدەن و بەدوای بەرژەوەندییەکانیانەوە بن بە بیانووی جێگیر کردنی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

لە کاتێکدا بارودۆخ لە بلقان بەرەو خراپی دەرۆیشت، حکومەتی رووسیا هەولیدا تۆلەیەکی کوشندە لە دەولەتی عوسمانی بکاتەوە لە داخی کێشەی بولگار و بانگەواز کردنی بۆ پێکهێنانی گەلانی سلاڤی بە ئاشکرا دیار بوو، هەر بۆیە فشاری خستە سەر ئەستەمبۆل بۆ ئەوەی چاکسازیەکی بەرفراوان و ئۆتۆنۆمیەکی راستەقینە لەو ناوچانەدا بێنێتە ئارا کە دانیشتوانەکەی بولگارین هەرەشەی ئەوەشی کرد ئەگەر داواکارییەکانی جێ بەجێ نەکرێت ئەوا جەنگ دژی دەولەتی عوسمانی رادەگەیەنێت، بەلام ئەو داواکاریانەی رووسیا لەلایەن دەولەتی عوسمانی رەتکرایەوە بۆیە لە (٢٤ ی نیسان ١٨٧٧) رووسیا جەنگی دژی دەولەتی عوسمانی راگەیاند و یەکەم هەنگاوی دبلۆماسیش بەستنی پەیمانێک بوو لەگەل نەمسا لە رۆژی (١٥ی کانوونی دووەمی ١٨٧٧) دا هەردوو لا رێکەوتن لەسەر رێکخستنی کاروباری بەلقان بەجۆرێک رێگە درا بە نەمسا بۆسنە و هرسک بلکێنێت بە خاکی خۆیەوە لەبەرامبەر ئەوەدا نەمسا لەشەرەکە بێ لایەن بێت، دەولەتێکی سلاڤی گەورەش لە بەلقان دروست نەبێت لەکاتی رووخانی دەولەتی عوسمانی ئەستەمبۆل شارێکی ئازاد بێت.

ئەفسەرە گەورەکانی ناو سوپای رووسیای قەیسەری داوایان لە حکومەتی رووسیا کرد تاوەکو دەگەنە ناو خاکی عوسمانی پێویستە سوپاکەیان بەناو خاکی رۆمانیادا تێ پەرێ، بۆیە

ڕووسیا ناچاربوو کە پەیمانێک لەگەڵ ڕۆمانیا ببەستێت لە (١٦ نیسانی ١٨٧٧) ئەمەش پێچەوانەی ئەو پەیمانە بوو کە لەگەڵا نەمسا مۆری کردبوو کە ڕێگە بەهێزەکانی ڕووسیا بدات بەناو خاکی ڕۆمانیا تێپەڕن.

ڕۆمانیاش پەیمانیدا کە بەشداری شەڕ بکات لە بەرامبەر ڕیزگرتنی ڕووسیا بۆ سەربەخۆیی ڕۆمانیا لە کاتێکدا لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دا بوو. لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی **(پرۆتۆکۆڵی لەندن)*** لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی، هێزەکانی ڕووسیا لەخاکی ڕۆمانیاوە بەرەو ڕووباری دانوب بەڕێ کەوتن، دەوڵەتی عوسمانی ئەو کارەی بە یاخیبوون لە قەڵەمدا بۆیە فەرمانی دا بەهێزی دەریای لەڕووباری دانوب دا تۆپبارانی کەنارەکانی ڕۆمانیا بکات، ڕۆمانیاش لەکاردانەوەی ئەمەدا سەربەخۆیی خۆی لە (١٤ ئایاری ١٨٧٧)دا ڕاگەیاند و بەشداری شەڕی کرد لەگەڵ ڕووسیا دژی دەوڵەتی عوسمانی، ئەو هێزە هاوپەیمانانە ( لە ٢٧ حوزەیرانی ١٨٧٧) لە ڕووباری دانووب پەڕینەوە. هێزەکانی (چیای ڕەش) یش هاتنە ناو ئەو هاوپەیمانیە و کە پاڵی بە دەوڵەتی عوسمانی نا کە هەندێک لە هێزەکانی بکشێنێتەوە بۆ بەرەکانی چیای ڕەش بەمەش بەرەی دانوب بێ هێزبوو، سربەکانیش لە کۆتایدا هاتنە ناو شەڕەکە.

بەم شێوەیە دەوڵەتی عوسمانی بەتەنیا لەڕووی کۆمەڵی دەوڵەتانی مەسیحی ڕاوەستا کە بریتی بوو لە ڕووسیا و چیای ڕەش و سربیا سەرەڕای هاوڵاتیان مەسیحی لەناو خاکی بەلقان دا.

سوپای ڕووسیا سەرکەوتنی خێرای بەدەست هێنا کاتێک دەستی گرت بەسەر ترنوقو نیقو بولی و تەنگە ئاویەکانی بەلقان و بەیارمەتی سرب و ڕۆمانی دەربەندەکانی شبیکا گیرا کە ڕێڕەوێکی ئاوی گرنگ بوو لەناوەڕاستی بولگاریادا هەڵکەوتوو بوو، لە لایەکی تر شۆڕشگێڕان دەستیان بەسەر **(أنتیڤار)*** ی داگرت دواتریش سۆڤیا گیرا و سوپای ڕووسیا بەرەو ئەستەمبۆل کەوتە ڕێ سوپایەکی وانەبوو بەرگری بکات.

لە بەرەی ئاسیادا ڕووسیەکان بەدرێژایی ئەو بەرەویەشدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و قەڵا قایمەکان داگیرکران و (قارس و أردهان و ئەرزەروم) هەڵکەوتوو لە ئەرمینیا کەوتنە دەستی

---

* پرۆتۆکۆڵی لەندن:- وولاتانی بەشداربووی کۆنگرەی پاریس لە (٣١ ئازاری ١٨٧٧) لە لەندەن کۆبوونەوە و پەیمانێکیان دەرکرد بەناوی پرۆتۆکۆلی لەندن کە هۆشیارییەک بوو لە کۆمەڵی دەوڵەتانەوە بۆ (بابی عالی) کە داوایان کرد هەستێت بە گرتنەبەری ڕێ و شوێنی تازە بۆ باشکردنی ژیانی مەسیحیانی ناو خاکی عوسمانی
* انتیڤار: شارێکی هەڵکەوتوو بوو لەسەر دەریای ئەدریاتیکی .

ڕووسەکان. هێزەکانی ڕووسیا لە ئەستەمبۆڵ نزیک دەبوونەوە ئەمەش لە کاتێکدابوو دەوڵەتانی ئەوروپی هیچ هەڵوێستیان نەبوو بۆ وەستاندنی سوپای ڕووسیا بەتایبەت بەریتانیا کە چاوەڕواندەکرا ئەمجارەش لەشەڕی بەلقان لەدژی ڕووسیا پشتگیری لە دەوڵەتی عوسمانی بکات بەڵام باردۆخی و پارسەنگی نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەردا هاتبوو بۆیە دەوڵەتی عوسمانی داوای لە ڕووسیاکرد کە شەڕ ڕابگرێت ئاگربەست ڕابگەینرێت.

## سێیەم: ڕێکەوتننامەی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیا (سان ستیڤان) :

جێگای ئاماژە پێدانە کە سەرکەوتنەکانی ڕووسیا بەسەر سوپای عوسمانی وداگیرکردنی هەندێک مەڵبەندی گرنگ لە ڕۆژهەلاتی ئەندوَل، خوێندنەوەی ئەوەی بۆ دەکرا کە بەریتانیا وەکو شەڕی قرم هەڵوێست وەربگرێت و بچێتە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی دژی ڕووسیا، بەڵام بەریتانیا لەوکاتەدا هیچ هەڵوێستێک و جووڵەیەکی لەبەرامبەر کردەوەکانی ڕووسیا بۆ سەر خاکی عوسمانی نەنواند. بۆیە ئەم بارودۆخە وای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد کە بەناچاری داوای پەیماننامە بکات لەگەڵ ڕووسیای ڕکابەری.

لەڕێکەوتی ٣-٣- ١٨٧٨ دوای چەند دانوستانێک لە نێوان هەردوو دەوڵەت، ڕێکەوتننامەیەک بەسترا بە ناوی ڕێکەوتننامەی (سان سیتڤانۆ)، کە تێدا چەند بڕیارێک بەسەر دەوڵەتی عوسمانی سەپێندرا کە بریتی بوون لە :-

ڕووسیا دەست دەگرێت بەسەر هەندێ هەرێمی گرنگ لە ئاسیا وەکو فارس و ئەردهان باکۆم و بایەزید

هەریەک لە سربیا ورۆمانیا سەربەخۆییان پێدرا.

پێویستە لە نزیکترین کاتدا هەرچی مۆڵگەی سەربازی هەیە لەناوچە ئاوییەکانی رۆمانیا و سربیا و بولگاریا و ڕوباری دانوب هەڵبگیرێت .

پێدانی ئازادی و دابینکردنی ئارامی هاتوچۆ بە کەشتیەکانی رووسیا لەناوچە ئاوییەکاندا.

هەریەک لە بۆسنە و هرسک و بولگاریا ئۆتۆنۆمیان پێدرا، بەڵام سنوری ئۆتۆنۆمی بولگاریا لەهەموویان زیاتر فراونتر بوو بەشێوەیەک هەردوو دەریای (ئیجە و ڕەش)ی دەگرتەوە .

لەڕاستیدا دوای سەپاندنی ئەم بڕیارانەی بەسەر دەوڵەتی عوسمانی، چەند وولاتێکی ئەوروپا هەڵوێستی خۆیان دەربڕی، لەوانە بەریتانیا پێی وابوو دامەزارندنی بولگاریای گەورە داردەستێکی بەهێزە بەدەستی ڕووسیاوە کە بەهۆیەوە هەڕەشەی بەردەوام لەدەوڵەتی عوسمانی بکات.

لەلایەکی ترەوە بەریتانیا پێی وابوو ئەو پەیمانە دەسەڵاتی باشی داوە بەڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا کە لەگەڵ ڕێگای گەیاندنی بەریتانیا و هندستان نایەتەوە.

نەمسا هەمان هەڵوێستی بەریتانیای نواند و ڕەخنەی توندی لەو پەیماننامەیە گرت چونکە ئاماژەی بەداگیرکردنی بۆسنە و هرسک نەدەکرد لەلایەن نەمساوە هەروەها ئاسوودە نەبوو لەدامەزراندنی دەوڵەتی بولگاریای گەورە و فراوانبوونی بەرەو ڕۆژئاوا، سەرەڕای گەورەی نەمسا ئەو پەیماننامەی نێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی بە پێشێلکردنی ڕێکەوتننامەی ساڵی (١٨٧٧) نێوان نەمسا و ڕووسیا دەزانی. بۆیە نەمسا ئەوکارەی قەیسەری ڕووسیا بەقێزەون لەقەڵەمدا، چونکە دوای ئەوەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەو بەڵێنانەی دابووی بە نەمسا پێشێلیکرد، نەمسا بۆچوونی وابوو ئاشتی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیا مەسەلەیەکی ئەوروپی گشتییە دەبێ هەموو ئەوروپا لەسەری ڕێک بکەون، هەربۆیە داوای پێداچوونەوەی ناوەڕۆکەکەیانی کرد، لەم نێوەندەدا ڕووسیا هەستی بە گۆشەگیری کرد کە توانیان رازی بکەن بە پێشنیازی پەیمانێکی نێودەوڵەتی بەو مەرجەی بریارەکانی وانەبێت سەروەری ڕووسیا لەکەدار بکات .

## بزوتنەوەی ئیستعماری :-

گرنگترین سیماکانی سەدەی ١٩ز دەرکەوتنی بزوتنەوەی ئیستعماری نویَ، ئەم بزوتنەوەیە جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئیستعماری کۆن، مێژووی ئیستعماری کۆن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دۆزینەوەی جوگرافی لەلایەن ئیسپانیەکان و پورتوگالیەکان، دوای ئەم دۆزینەوەیە ڕاستەوخۆ بزوتنەوەی ئیستعماری کۆن دەرکەوت لەلایەن ئەم دوو دەوڵەتە، ئامانجی سەرەکی ئەم داگیرکردنە نیشتەجیَ کردن بوو، بەڵام بزوتنەوەی ئیستعماری نویَ مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای شۆڕشی پیشەسازی کە دەرکەوت لە ئەوروپا بەتایبەتی لە بەریتانیا، لەگەڵ دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا کۆمەڵێک لە وڵاتانی ئەوروپا هەوڵیاندا بۆ داگیرکردنی وڵاتانی جیهانی سیَ یەم لە ئاسیا و ئەفریقا، ئامانجی سەرەکی ئیستعماری نویَ بۆ سود وەرگرتن بوو لە ئابوری ئەم وڵاتانە، هەروەها بۆ ساغکردنی بەرهەمی پیشەسازی، لە هەمان کاتدا بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی بەردەوام بۆ کەرەسەی خاو.

بۆیە لە ئەنجامی دەرکەوتنی بزوتنەوەی ئیستعماری نویَ، ململانێیەکی بەهێز و توند لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوروپا دەرکەوت ، ئەم ململانێیە لەنێوانیان دا لەوپەڕی هێز دابوو لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز، کۆمەڵێک ناوچەی گرنگ داگیرکرا لە بەشەکانی جیهانی سیَ یەم بەتایبەتی لە ئاسیا و ئەفریقا، لە ئاماژەی سەرچاوەکان ململانیَ لەنێوان ساڵانی ١٨٧٠ –-١٩١٤ز هۆیەک بوو لە هۆیەکانی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

## گرنگترین هۆکارەکانی بزوتنەوەی ئیستعماری :-

**١- هۆکاری ئابووری :-**

هۆکاری ئابووری لە پێش هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئیستعماری نوێ بوو، ئەم وڵاتانە ئامانجیان قازانج کردن، بازرگانی کردن، ئیستغلال کردنی سەروەت و سامانی وڵاتانی تر بوو، لەگەڵ گەیشتنیان کۆمەڵێک کۆمپانیای بازرگانی دامەزرا بەمەبەستی سوود وەرگرتن بە پێی توانا خۆیان لەو وڵاتانە، لەسەرەتای ئەم کۆمپانیایانە (شركة الهند الشرقية) کە دامەزرا لەلایەن بەریتانیا لە هندستان.

٢- هۆکاری کۆمەڵایەتی :-

ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانە بڵاویان دەکردەوە کە ئامانجیان گەیاندنی شارستانیەتی خۆیان بۆ ئەم بەشانە، بەڵام لە ڕاستی دا ئامانجی ئیستعماری تەنها سوود وەرگرتن بوو لە ئابووری ئەم وڵاتانە، بە بەردەوامی دژایەتی خوێندن و پێش کەوتنیان دەکرد لە مستعمەراتی خۆیان.

٣- هۆکاری ڕامیاری :-

ئامانجی وڵاتەکانی ئەوروپا هەوڵدان بۆ داگیرکردنی چەند ناوچەیەک لە جیهان دا، سەرەتا یەکەم دەوڵەت کە دەستی کرد بە ئیستعماری نوێ بەریتانیا بوو بەهۆی دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لەم دەوڵەتە، بەشێکی زۆر لە ئاسیا و ئەفریقا کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە، دواتر فەڕەنسا دەستی پێکرد و بە ململانێ لەگەڵ بەریتانیا بۆ هەمان مەبەست، ئەم دەوڵەتەش سەرکەوتوو بوو لە داگیرکردنی چەند ناوچەیەک، لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ١٩ز ژمارەی دەوڵەتە ئیستعماریەکان زیادی کرد وەک (بەریتانیا، فەڕەنسا، ڕوسیا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، بەلجیکا).

بۆیە لەگەڵ کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ ئەم ململانێیە لەوپەڕی هێزدا بوو، بۆیە ئەم دەوڵەتانە بڕیاریان دا بە بەستنی کۆنگرەیەکی گرنگ لە شاری (بەرلین) لە ئەڵمانیا ١٨٨٤ – ١٨٨٥ز بە سەرپەرشتیکردنی بسمارک ئامانجی ئەم کۆنگرەیە دابەشکردنی وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا لەنێوان خۆیان بەتایبەتی ئەفریقا، نوێنەری کۆمەڵێک لە وڵاتانی ئەوروپا بەشداریان کرد لەم کۆنگرەیە وەک (بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ڕوسیا و هۆڵندا و بەلجیکا و ئیسپانیا و پورتوگال)، وە دوای گفتوگۆیەکی زۆر دوو بڕیاری گرنگ دەرچوو لەم کۆنگرەیە :

١- دابەشکردنی ئەفریقا لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکان.

٢- ڕێگا درا بە وڵاتانی ئەوروپا بۆ داگیرکردنی، بەڵام بە مەرجێک ئاگادارکردنەوەی وڵاتانی تر.

دوای ئەم کۆنگرەیە بزوتنەوەی ئیستعماری نوێ چالاکتر بوو لە ئەوروپا، هەموو دەوڵەتەکان هەوڵیان دا بۆ داگیرکردنی چەند ناوچەیەک لە جیهاندا، ئەم بارودۆخە هۆیەک بوو لە هۆیەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

## باروودۆخی ئەوروپا لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز تا جەنگی یەکەمی جیهانی :

### ١/ باروودۆخی فەڕەنسا (١٨٧٠ – ١٩١٤ز) :-

دوای سەرکەوتنی گەلی ئیتالی و ئەڵمانی لە بەدەستهێنانی یەکێتی وڵاتیان، زیانێکی گەورە توشی دوو دەوڵەت بوو لە ئەنجامی ئەم دوو یەکێتیە، کە ئەوانیش نەمسا و فەڕەنسا بوون، ئەمە بووە هۆیەک بۆ دەرکەوتنی ئەڵمانیا وەک دەوڵەتێکی بەهێز لە ئەوروپا لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز، لە هەمان کات دا فەڕەنسا توشی لاوازیەکی کاتی بوو لە ئەنجامی لە شەڕی (١٨٧٠).

سەبارەت بە باروودۆخی فەڕەنسا لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز، پێش جەنگی یەکەمی جیهانی دوای شکستی ئەم وڵاتە لە جەنگی ساڵی (١٨٧٠ز) ڕژێمی کۆماری فەڕەنسا، سەرکردایەتی حکومەتەکەی درا بە (تییر) تا هەڵبژاردن دەستی پێ دەکات بۆ هەڵبژاردنی سیستەمێکی نوێ بۆ فەرمانڕەوایی ئەم دەوڵەتە، وە یەکەم بڕیارەکانی حکومەتی کاتی دامەزراندنی (کۆمەڵەی نیشتیمانی)، ئەندامەکانی دەستیان کرد بە کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی فەڕەنسا.

لە پێشەکی ئەو کێشانە مانەوەی هێزی بێگانە (ئەڵمانی) لەسەر خاکی فەڕەنسا تا سزای دارایی دەدرێت لەلایەن ئەم دەوڵەتە، سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی ئەوروپا ئاماژە دەکەن کە تییر هەوڵدانی بۆ دانی سزای دارایی بەخێرایی بۆ ماوەی (٣) ساڵ تا فەرەنسا ڕزگاربێت لە سوپای ئەڵمانی، هەرچەندە تییر سەرکەوتوو بوو لە دانی سزانی دارایی بە ئەڵمانیا لە ماوەی (٣) ساڵ، بەڵام باروودۆخی فەڕەنسا لەم سەردەمە تێک چوو، بۆیە پێویست بوو هەڵبژاردنی شێوازی فەرمانڕەوایی بەردەوام بۆ ئەم وڵاتە.

بەڵام وادیارە هەڵوێستی فەرەنسی جیاواز بوو دەربارەی شێوازی حکومەتی بەردەوام، دوو کۆمەڵەی گرنگ هەبوو، یەکەمیان بەناوی کۆمەڵەی (بۆربۆن)، وە دووەمیان کۆمەڵەی (اورلیان) ئەو دوو کۆمەڵەیە هەوڵیان دەدا بۆ گەڕاندنەوەی ڕژێمی پاشایەتی بۆ فەرەنسا، بەڵام

وادیاره هەڵوێستی زۆربەی فەرەنسیەکان لەگەڵ رژێمی کۆماری بوون، بۆیە بڕیاردرا بە دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری سێیەمی فەڕەنسی  لە ساڵی ١٨٧٣ز، جەنەڕاڵ (مەکماهۆن) بوو بە سەرۆک کۆماری فەڕەنسا بۆ ماوەی (٧) ساڵ.

دوای وەرگرتنی دەسەلأت لەلایەن مەکماهۆن بڕیاریدا بە دەرکردنی دەستورێکی نوێ بۆ ئەم سەردەمە، ئەم دەستوورە لە ١٨٧٥ دەستوری کۆماری سێ یەم بوو، سەبارەت بە ڕژێمی کۆماری فەرەنسی سێ یەم لە ١٨٧٣ بەردەوام بوو تا ١٩٤٠، لەم ساڵە پاریس پایتەختی فەرەنسا ڕووخا بەدەستی ئەڵمانیەکان دەستوری ساڵی ١٨٧٥ز کە دانرا لەلایەن مەکماهۆن حکومەتێکی مام ناوەندی دامەزرا لە فەرەنسا لە سەرۆکێک پێک دەهات کە بۆ ماوەی (٧) ساڵ دەمێنێ لە دەسەلأت وە بڕیاردرا بە دامەزراندنی دوو ئەنجومەن، یەکەمیان ئەنجومەنی پیران (مجلس شیوخ)، و دووەمیان ئەنجومەنی نوێنەران (مجلس النواب)، وە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا لەلایەن ئەم دوو ئەنجومەنە دەبێت.

## سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا پاش ١٨٧٠ :

پاش ساڵی ١٨٧٠ هەموو حکومەتەکانی ئەو وڵاتە هەولیان دەدا بۆ بەهێزکردنی سوپای فەرەنسی بەرێگای زیادکردنی ژمارەی سەربازەکانی، هەروەها بایەخدان بە چەکدارکردنیان، ئەمەشق کردنیان، هۆی بایەخدانی فەرەنسا بەهێزی سەربازی بۆ شەرکردن لەگەڵ ئەڵمانیا، مەسەلەی شەڕ لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە باوبوو لە ئەوروپا، بەڵام بەریتانیا هەوڵێکی زۆری دا بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە لە نێوانیان بەشێوەیەکی دبلۆماسی توانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، لەم ماوەیەدا هیچ شەڕێک لە نێوان فەڕەنسا و ئەڵمانیا ڕووی نەدا تا ١٩١٤.

بایەخدانی فەرەنسا لەم سەردەمە لە دوو بوار بوو، بواری پیشەسازی و بواری مستعمرات، بۆیە لە ئەنجامدا فەرەنسا بوو بەدووەم دەوڵەت دوای بەریتانیا لە بواری مستعمرات،

چونکە ئەم وڵاتە سەرکەوتوو بوو لە داگیرکردنی کۆمەڵێک ناوچەی گرنگ لە باکور و ناوەڕاستی ئەفریقا، کێشەی سەرەکی فەرەنسا لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز مەسەلەی تۆڵە سەندنەوە بوو لە ئەڵمانیا، بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەم بوارە سیاسەتێکی تایبەتی بەکاردەهێنا، ئەم سیاسەتە لە دوو خاڵی گرنگ پێک دێت :

١- کۆتاییهێنان بە هاوپەیمانیەکانی ئەڵمانیا کە لە دژی فەرەنسا پێک هات.

٢- هەوڵدان بۆ بەستنی چەند هاوپەیمانیەک لەگەڵ چەند هێزێک لە ئەوروپا، وە بە تایبەتی لەگەڵ بەریتانیا وە ڕوسیا، یەک لە هۆکارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەستنی ئەم هاوپەیمانیانە بوو لەنێوان دەوڵەتەکانی ئەوروپا.

دەربارەی سیاسەتی بسمارک ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، هەولێکی زۆری دا بۆ ڕاکێشانی فەرەنسا بۆ بارودۆخی ڕامیاری تا ڕێگای پێ نەدات بۆ بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەوروپیەکان، هەروەها لە هەمان کاتدا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ڕاکێشانی دوو دەوڵەت بۆ لای خۆی، ئەم دوو دەوڵەتە ڕوسیا و نەمسا بوون، سیاسەتی فەرەنسا دوای وەرگرتنی مەکماهۆن بۆ دەسەڵات گۆڕا بەرامبەر ئەڵمانیا، چونکە مەکماهۆن ڕقێکی زۆری هەبوو بەرامبەر ئەم وڵاتە، بۆیە بسمارک دەستی کرد بە بەستنی هاوپەیمانی، یەکەم هاوپەیمانی لە مێژووی ئەڵمانیای یەکگرتوو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧٣ کە مۆرکرا لەنێوان ئەڵمانیا و ڕوسیا و نەمسا، ئەم هاوپەیمانیە ناسراوە بە (هاوپەیمانی ئیمپراتۆرەکانی سێ قۆڵی (عصبە الاباگرە الپلاپە)، دواتر بسمارک بڕیاری دا بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ یەک دوو دەوڵەتە، دوای گفتوگۆیەکی زۆر بڕیاری دا بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ نەمسا، لە ١٨٧٩ (هاوپەیمانی دوو قۆڵی) لەنێوان ئەڵمانیا و نەمسا مۆرکرا، هۆی هەڵبژاردنی نەمسا بۆ بەستنی ئەم هاوپەیمانیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ :

١- هەردوو دەوڵەت هەمان ڕەگەزن (جەرمانی).

٢- شوێنی جوگرافی چونکە نەمسا نزیک بوو لە ئەڵمانیا.

٣- ڕقی نەمسا لە فەرەنسا، مێژووی ئەم پەیوەندییە ناکۆکە لەنێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێشتر.

مێژوونوس (فیشر) خاوەن کتێبی (اوروبا الحدیث) ئاماژە دەکات یەک لە هۆیەکانی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەستنی ئەم هاوپەیمانیە بوو, چونکە نەمسا دوای ئەم هاوپەیمانیە هەستی کرد کە دەوڵەتێکی بەهێزە، بۆیە نەمسا بوو بە هۆکاری ڕاستەوخۆ بۆ دروست کردنی کێشەیەک لەناوچەی بەڵقان لە ساڵی ١٩١٤ز کە ئەم کێشەیە بووە هۆیەک بۆ دەست پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی.

## ٢/ بارودۆخی بەریتانیا لەنێوان ١٨٧٠ – ١٩١٤ :

بەریتانیا ڕۆلێکی گەورەی هەبوو لە مێژووی ئەوروپا، ئەم ڕۆڵە زیادیکرد لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز بەتایبەتی لە بواری مستعمرات، هۆی ڕووتێکردنی ئەم دەوڵەتە بۆ

داگیرکاری دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی پیشەسازی، چونکە پیشەسازی هۆیەک بوو بۆ زیادبوونی بەرهەمی، ئەمەش بووە هۆیەک بۆ کۆبونەوەی سەرمایەکی زۆر، بۆ ساغکردنەوەی ئەم سەرمایە بەریتانیا ڕووی کردە بواری مستعمرات و سەرکەوتوو بوو لە داگیرکردنی ناوچەکی زۆر فراوان لە جیهان دا، ئەم ناوچەیە لە ئوستراليا وە بۆ ئاسیا، وە لە ئاسیا توانی هندستان کۆنترۆڵ بکات وە یەمەن وە لە ئەفریقا توانی میسرِ و سودان داگیر بکات، هەروەها ناوچەی (کاب) لە باشوری ئەفریقا، هەروەها هەندێک لە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقا، لە گەڵ چەند ناوچەیەک لە ئەمریکای ناوەڕاست.

بۆیە دەتوانین بڵێین یەکەم دەوڵەت لە ئەوروپا لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز لە بواری مستعمەرات بەریتانیا بوو، چالاکی ئیستعماری بەریتانی زیادی کرد لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ١٩ز، لەو سەردەمە فەرەنسا دەستیکرد بە ململانێ لەگەڵ بەریتانیا لە بواری مستعمرات، هەرچەندە فەرەنسا زۆربەی مستعمراتی خۆی لەدەست دا بە کاتی شەڕەکانی ناپلیۆن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا دەوڵەتی دووەم لە ئەوروپا لە بواری مستعمرات فەرەنسا بوو، دوای ساڵی ١٨٧٠ سەرکەوتوو بوو فەرەنسا لە داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی فراوان لە باکور و ناوەڕاستی ئەفریقا، ململانێی توندوتیژ دەرکەوت لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا لەو سەردەمە، لە پاڵ ئەم دوو دەوڵەتە لەناکاو دەوڵەتی سێیەم دەرکەوت لە ئەوروپا کە ئەلمانیا بوو هەوڵێکی زۆریدا بۆ داگیرکردنی چەند ناوچەیەک لە جیهان دا، کەوتە ململانێ لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا لە بواری مستعمرات.

**سەبارەت بە شێوازی فەرمانڕەوایی :** پێشتر ئاماژەمان کردوە کە ئەم دەوڵەتە شێوازی فەرمانڕەوایی پاشایەتی سنورداره، دوو پارتی گرنگ هەبوو (پارێزگاران) و (ئازادیخوازەکان)، وە هەرجارەی یەک لەم پارتانە دەگەیشتە دەسەڵات، وە لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز ئەم دەوڵەتە سیاسەتی گۆشەگیری بەکاردەهێنا لەلایەن شاژن ڤکتۆریا واتا بەریتانیا بەهیچ شێوەیەک دەستی

درێژ نەکرد بۆ کاروباری ئەوروپا، وە ئەمەش بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بوو، وە ئەم وڵاتە ماوە لە بارودۆخی هێمنی و ئارامی دا، وە پڕۆگرامی ئەم دوو پارتە جیاواز بوو، پارتی پارێزگاران ئامانجی سەرەکی فراوانخوازی و داگیرکردن بوو، بەڵام پارتی ئازادیخوازەکان ئامانجی سەرەکی دابین کردنی چاکسازی بوو، بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٦٨ وەزارەت لە ئازادیخوازەکان بوو (گلادستۆن) کە سەرۆک وەزیران بوو، ئەم سەرۆک وەزیرە لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆی کۆمەڵێک چاکسازی کرد لە بەریتانیا، گرنگترینیان :

١- بڕیاردرا کە دەنگ دان بە نهێنی بێت.

٢- بڕیاردرا بە بەکارهێنانی فێرکردن بە خۆڕایی.

٣- هەوڵدان بۆ گەشەکردنی ئابووری بەریتانیا.

لەگەڵ ئەم چاکسازیانە پارتی ئازادیخوازەکان دژایەتی دەکرا لەلایەن پارتی پارێزگاران، وە لە کاتی وەرگرتنیان بۆ دەسەڵات بایەخدانیان بە پلەی یەکەم بە داگیرکردن بوو، بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٧٦ – ١٨٨٢ (دزرائیلی) لە پارتی پارێزگاران بوو، لە سەردەمی ئەم وەزارەتە بەریتانیا چالاک بوو لە بواری مستعمەرات، بۆیە لە ١٨٨٢ز میسر داگیرکرا لەلایەن بەریتانیا، وە بەم شێوەیە وەزارەتەکان بەردەوام بوون لەم وڵاتە تا جەنگی یەکەمی جیهانی.

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا :

تا کۆتایی سەدەی ١٩ز ئەم وڵاتە سیاسەتی گۆشەگیری بەکاردەهێنا، بەڵام وادیارە ئەم سیاسەتە دەرئەنجامێکی خراپی بەجێهێشت بۆ دواڕۆژی بەریتانیا چونکە زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەوروپا هاوپەیمانیان بەست لەگەڵ یەک، چونکە زۆربەی دەوڵەتەکان هەوڵی بەستنی هاوپەیمانیان دەدا، بۆیە تەنیا بەریتانیا ماوە، بۆیە لە سەرەتای سەدەی ٢٠ز، وە دوای کۆچی دوایی ڤکتۆریا لە

١٩٠١ پاشا (ادواردی حەوتەم) گەیشتە دەسەلات هەولی دا بۆ دۆزینەوەی چەند دەولەتێک بۆ بەستنی هاوپەیمانی چەند احتمالاتێک هەبوو :

١- هەولدان بۆ بەستنی هاوپەیمانی لەگەل ئەلمانیا.

٢- هاوپەیمانی کردن لەگەل چەند هێزێک لە دەرەوەی ئەوروپا وەکو یابان.

٣- خۆ نزیک کردنەوە لە فەرەنسا وە ڕووسیا بە مەبەستی بەستنی هاوپەیمانی لەگەلیان.

سەرەتا حکومەتی بەریتانیا هەولی دا بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە ئەلمانیا، بەلام دوای هەولدانی ئەلمانیا لە بواری مستعمەرات، هەروەها هەول دانی بۆ گەیشتن بەو دەولەتی عوسمانی، وە دەستی کرد بە جێ بەجێ کردنی پرۆژەی هێلی ئاسنی لە نێوان بەرلین و بەغدا، ئەمە بووە هۆیەک بۆ دوورکەوتنەوەی بەریتانیا لە ئەلمانیا وە کەوتە ململانێ و ناکۆکی لەگەلی لە بواری مستعمەرات، وە لە ئەنجام دا بەریتانیا لە سەرەتای سەدەی ٢٠ز زیاتر هەلوێستی بەرەو فەرەنسا ڕۆیشت، چونکە ئاگادار بوو بە مەسەلەی تۆلەسەندنەوەی فەرەنسا لە ئەلمنیا، لە ١٩٠٢ بەریتانیا کۆتایی هێنا بە سیاسەتی گۆشەگیری، وە لە هەمان سال هاوپەیمانی دوو قۆلی لەنێوان بەریتانیا و یابان مۆکرا.

وە لە سالی ١٩٠٤ هاوپەیمانی دوو قۆلی لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا مۆرکرا، وە لە ١٩٠٧ هاوپەیمانی دوو قۆلی لەنێوان بەریتانیا و ڕوسیا مۆرکرا، وە بەپێی هاوپەیمانی ١٩٠٧ کە لە نێوان بەریتانیا و ڕوسیا بوو، باکوری ئێران درا بە ڕوسیا، وە باشوری درا بە بەریتانیا، وە بەشی ناوەڕاستی ماوە لەدەست شای قاجاری، بەم شێوەیە سەرەتای سەدەی بیست بەریتانیا هاوپەیمانی کرد لەگەل یابان بۆ بەرگری کردن لە هندستان وە هاوپەیمانی کرد لەگەل فەرەنسا کە بەهێزترین هێزی دەریایی هەبوو لە دەریای ناوەڕاست، وە بوو بە هاوپەیمانی ڕوسیا کە خاوەن گەورەترین سوپا بوو هەرچەندە مەشق کردنی باش نەبوو، وە بەرەیەکی گرنگ دامەزرا بەناوی

(دول العلقاء) دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی، کە لە (بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیا) پێک هات بوو، وە یابانیش دواتر چووە پاڵیان.

## بارودۆخی ئەڵمانیا لەنێوان ساڵانی ١٨٧٠ – ١٩١٤ :

دوای ڕاگەیاندنی یەکێتی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٧١ز ولیەمی یەکەم یەکەم پاشا بوو لە مێژووی ئەڵمانیای یەکگرتوو، بسمارک بوو بە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، لە ماوەی فەرمانڕەوایی بسمارک ڕۆڵێکی یەکجار زۆر گەورەی هەبوو لە مێژووی ئەڵمانیا دوای ڕاگەیاندنی ئەم یەکێتیە، وە ئەم کەسایەتیە ماوە لە دەسەڵات تا ساڵی ١٨٨٨ز، وە دوای وەرگرتنی دەسەڵات هەوڵێکی زۆری دا بۆ بەرقەرارکردنی هێمنی و ئارامی لەهەموو بەشەکانی ئەم وڵاتە، هەروەها هەوڵی دا بۆ دوورخستنی ئەڵمانیا لە شەڕێکی دەرەکی لەم قۆناغەدا، لە ساڵی ١٨٧٣ز بڕیاری دا بە دەرکردنی دەستورێکی نوێ، وە ئەمەش یەکەم دەستور بوو لە مێژووی ئەڵمانیای یەکگرتوو، بەپێی دەستوری نوێ شێوازی فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتە لە ڕژێمی پاشایەتی پێک دێت لەگەڵ پۆستی ڕاوێژکاری وە هەروەها دامەزراندنی دوو ئەنجومەن :

١- ئەنجومەنی باڵا : بەزمانی ئەڵمانی پێی دەڵێن (بوندسرات)، وە دەسەڵاتی یاسادانان درا بەم ئەنجومەنە، واتا دەرکردنی کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە دەوڵەت.

٢- ئەنجومەنی گەل (المجلس الشعبی) : بە ئەڵمانی (ریخشتاغ)ی پێ دەڵێن، وە ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لەدەستی بوو، وە لە کۆمەڵێک ئەندام پێک دەهات.

سەبارەت بە چالاکی ئەڵمانیا لە بواری مستعمەرات تا ساڵی ١٨٧٣ز ئەم دەوڵەتە بەهیچ شێوەیەک ڕۆڵی نەبوو لەم بوارە، لەم ساڵە بسمارک بڕیاری دا بە دامەزراندنی گەشتی گەلی دەریایی بە مەبەستی دەست پێکرد بە چالاکی ئیستعماری لە دەرەوەی ئەوروپا، وە لەم بوارە ئەم چالاکیە گەشەی کرد لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەی زاینی، وە چاکە دەگەڕێتەوە بۆ بسمارک لە

دەرکەوتنی ئەڵمانیا لە بواری مستعمەرات، وەهەروەها ڕۆڵی هەبوو لە بواری فێرکردن، هەروەها گەشەکردنی پیشەسازی، بەڵام لە بواری پەروەردە و فێرکردن توشی کێشەیەکی گرنگ بوو لەگەڵ دەزگای کڵێسای مەسیحی، چونکە بسمارک سیاسەتی عەلمانیەتی بەکاردەهێنا، واتا جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەتی دەوڵەت و فێرکردن.

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا : لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز وادیارە بسمارک بیری کرد کە باشترین ڕێگا بۆ پاراستنی ئەڵمانیا، وە دورخستنی لەشەڕ هەوڵدان بە خەریک کردنی فەرەنسا، وە دوورخستنی لە تۆڵە سەندنەوە، وە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئامانجە کۆمەڵێک هاوپەیمانی نهێنی و ئاشکرای بەست لەگەڵ کۆمەڵێک لە دەوڵەتەکانی ئەوروپا وەک :

١- هاوپەیمانی سێ قۆڵی (ئەڵمانیا، نەمسا، ڕوسیا) لە ساڵی ١٨٧٣، وە ئەم هاوپەیمانیە لەسەر بناغەی هاوبەشی مۆرکرا، وە گرنگترین هۆکار کە هانی بسمارکی دا بۆ بەستنی ئەم هاوپەیمانیە مەترسی لە توشبوونی ئەڵمانیا بە شەڕێک لە دوو بەرە، بۆیە هەوڵی دا بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە ڕوسیا، وە هەرچەندە ئەم هاوپەیمانیە مۆرکرا، بەڵام بسمارک دڵنیا نەبوو لە هەڵوێستی ڕوسیا، بۆیە بڕیاری دا.

أ- بەستنی هاوپەیمانی دوو قۆڵی لەگەڵ ڕوسیا.

ب- بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ نەمسا.

٢- هاوپەیمانی دوو قۆڵی لەنێوان ئەڵمانیا و نەمسا لە ساڵی ١٨٧٩ دوای بڕیاردانی بسمارک بە بەستنی ئەم هاوپەیمانیە لەگەڵ نەمسا، دواتر لە ١٨٨٢ ئیتاڵیاش بەشداری کرد لەم هاوپەیمانیە، وە هۆی سەرەکی کە هانی ئیتالیای دا بۆ بەشداریکردنی لەم هاوپەیمانیە، چونکە ئیتاڵیا لە بارودۆخی ململانێ دابوو لەگەڵ فەرەنسا لە بواری مستعمەرات لە باکوری ئەفریقا، وە فەرەنسا سەرکەوتوو بوو لەم ملمانێیە لەدوورخستنی ئیتالیا لە باکوری ئەفریقا، وە بەپێی سەرچاوەکان وادیارە

بسمارک پێی خۆش بوو بەشداری کردنی ئیتالیا لەم هاوپەیمانیە، چونکە فەرەنسا توشی مەترسی دەبێت لە یەک بەرەی زیاتر بەهۆی ئەوەی کە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا هاوسنورن لەگەڵ فەرەنسا.

پەیوەندی لەنێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا :-

ئاماژەمان کرد کە ئەڵمانیا تاساڵی ١٨٧٣ز کەشتی گەلی دەریایی نەبوو، بۆیە لە سەرەتادا بسمارک هەوڵێکی زۆری دا بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە بەریتانیا، بەڵام دواتر پاش دروست کردنی کەشتی گەلی دەریایی، وە دەست پێکردنی چالاکی ئەڵمانیا لە بواری مستعمەرات ئەم دوو دەوڵەتە کەوتنە ململانێیەکی زۆر بەهێز لە بواری فراوانخوازی، بۆیە بسمارک لەم قۆناغەدا دەستی پێکرد بە بەهێز کردنی سوپای ئەڵمانیا بە رێگای زیادکردنی ژمارەی سەربازەکانی، وە بایەخدان بە مەشق کردنیان، وە بە بەردەوامی داوای سەرفکردنی پارەی لە دەزگای پەرلەمان بە مەبەستی بەهێزکردنی سوپا، وە لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی بسمارک لە زیادکردنی ژمارەی سوپای ئەڵمانی، بەڵام لە ساڵی ١٨٨٨ز توشی کێشەیەک بوو لەگەڵ پاشای ئەڵمانیا (ولیەمی دووەم)، بۆیە لەم ساڵە بسمارک بڕیاری دا بە وازهێنان لە دەسەڵات، وە ولیەمی دووەم بوو بە خاوەن دەسەڵاتی تەواو لەناو دەوڵەت.

وە بەم شێوەیە مێژووی بسمارک تەواو دەبێت لە ئەڵمانیا کە ماوە بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ لە دەسەڵات (١٨٢٦ – ١٨٨٨)، دوای تەواو بوونی ڕۆڵی بسمارک پاشای نوێ کەوتە ململانێ لەگەڵ بەریتانیا، وە هەوڵەکانی ولیەمی دووەم دەستی پێکرد لە بواری مستعمەرات، وە چەند پەیمانێکی بەست لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، وەهەروەها پڕۆژەی هێڵی ئاسنی نێوان بەرلین – بەغدا لەم سەردەمە باسکراوە، بەم شێوەیە ئەڵمانیا دوورکەوت لە بەریتانیا، وە فەڕەنسا و ڕوسیا وە بوون بەیەک بەرە دژی ئەڵمانیا وە نەمسا و دەوڵەتی عوسمانی.

بارودۆخی ڕوسیا لەنێوان ساڵانی ١٨٧٠ – ١٩١٤ز :

ڕوسیا جیاوازی هەبوو لەگەڵ هەموو دەوڵەتەکانی تری ئەوروپا ئەم دەوڵەتە روبەرێکی زۆر فراوانی هەبوو، وە ئەم ڕووبەرە فراوانە لەدوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا درێژ دەبێتەوە، بۆیە لە ئەنجام دا ئەم وڵاتە خاوەن هێزێکی سەربازی وشکانی گەورە بوو، وە ئەم وڵاتە ڕۆڵێکی باشی بینی لە سەدەی ١٨ و ١٩ز، وە هۆی کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتی ناپلیۆن پۆناپارت دەگەڕێتەوە بۆ ڕوسیا، چونکە ناپلیۆن تووشی شکستێکی گەورە بوو، دواتر ئەمە بووە هۆیەک لۆ ڕووخانی هەروەها ڕوسیا دەوری هەبوو لە کۆنگرەی ڤیەنا لە ١٨١٥ز، وە قەیسەری ڕوسیا (ئەسکندری یەکەم ١٨٠١ – ١٨٢٥) ئامانجی یەک بوو لەگەڵ ئامانجی نەمسا بەتایبەتی هەوڵدانی هەردوولا بۆ پاراستنی ڕژێمە کۆنە پەرستەکانی ئەوروپا.

لە ١٨٢٥ز ئەسکەندەری یەکەم کۆچی دوایی کرد، وە براکەی بەناوی (نیقۆلای یەکەم ١٨٢٥ – ١٨٥٥) بوو بە پاشای ڕوسیا، وە ئەم پاشایە گرنگ بوو لە مێژووی ڕوسیا لە سەدەی ١٩ز، بەهۆی سیاسەتی چەوسانەوە و کۆنەپەرستی کە بەکاری دەهێنا لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆی لەم دەوڵەتە، وە میللەتی ڕوسی توشی بارودۆخێکی زۆر خراپ بوو لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە، بنەماڵەی (ڕۆمانۆڤ) فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتەیان دەکرد، وە شێوازی حوکمیان پاشایەتی ڕەها بوو، وە ئەم وڵاتە دەستوری نەبوو.

وە نیقۆلای یەکەم ماوە لە دەسەڵات تا ساڵی ١٨٥٥، وە دژایەتی هەموو هەڵوێستێکی شۆڕشگێری و نەتەوەیی کرد لە هەموو بەشەکانی ڕوسیا وە ڕقێکی زۆری هەبوو لە خاوەن بیری ئازاد و سەربەست، وە بە هیچ شێوەیەک ڕێگای نەدا بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش، یاخود گەشەکردنی هەڵوێستی ئازادی لە ڕوسیا، وە نیقۆلای یەکەم بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی پشتی بەست بە دوو دەزگای گرنگ.

١- هەواڵگری ڕوسی کە بەناوبانگ بوو بە هێزی، وە ئامانجی پاشا لە پشت بەستن بەم دەزگایە بۆ ڕێگانەدان بۆ شۆڕش کردن دژی پاشا.

٢- سوپای ڕووسی، ئەم سوپایە بەناوبانگ بوو بە زۆری سەربازەکانی هەروەها هێزی دەسەڵاتی لەناو هەموو بەشەکانی وڵات، وە بە ڕێگای ئەم دوو دەزگایە نیقۆلای یەکەم سەرکەوتوو بوو لە نەهێشتنی هەموو هەڵوێستێکی شۆڕشگێری لەناو وڵات.

هەرچەندە سیاسەتی نیقۆلای یەکەم زۆر توندوتیژ بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا هەوڵی دا کۆمەڵێک چاکسازی بکات بۆ چاککردنی باری ناوەخۆی ڕوسیا بەتایبەتی لە بواری بەڕێوەبردن و ئابووری و دادگەیی، هەروەها بەیاخدان بە سیستەمی فێرکردن، وە هەولێکی زۆری دا بۆ پێش کەوتنی ڕوسیا لە ئەنجامی هەوڵەکانی پیشەسازی گەیشتە ئەم وڵاتە، وە دەرکەوت ڕوسیا لە بواری پیشەسازی بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز، وە نیقۆلای یەکەم هەوڵی دا بۆ یارمەتی وەرگرتن لە پسپۆڕانی ئەوروپا.

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا هەروەکو پێشتر ئاماژە کراوە، بەپێی کۆنگرەی ڤیەنا پۆڵندا کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕوسیا، وە حکومەتی ڕوسی دژایەتی میللەتی پۆڵندایان کرد، وە ڕێگایان نەدا بە ئازادی و سەربەخۆیی ئەم وڵاتە، وە چەند شۆڕشێک ڕووی دا لە پۆڵندا دژی داگیرکەری ڕوسی، وە لە گرنگترین ئەم شۆڕشانە لە ١٨٣٠ بەڵام سەرکەوتوونەبوون لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، چونکە شۆڕشگێرەکانی پۆڵندا سەرکوتکران لەلایەن سوپای ڕوسی لەسەر شەقامەکانی وارشۆ پایتەختی ئەم وڵاتە، بۆیە کۆتایی هات بە شۆڕشی ١٨٣٠ز.

وە کێشەی پۆڵندا هەر ماوە، لە ١٨٤٨ز شۆڕشێکی تر ڕووی دا بەڵام بەهەمان شێوە سەرکەوتوونەبوون، وە بۆجاری سێ یەم لە ١٨٦٣ شۆڕش ڕووی دا وەک جارانی پێشوو سەرکەوتوونەبوون لەبەدەستهێنانی سەربەخۆیی، وە خەباتی پۆلندیەکان بەردەوام بوو تا

ڕووخانی ڕژێمی قەیسەری لە ڕوسیا لە ١٩١٧ لەگەڵ کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم وڵاتە ڕزگار بوو لەژێر دەسەڵاتی ڕوسیا، وە بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

سیاسەتی ڕووسیا لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئەوروپا لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز :

ڕوسیا سیاسەتێکی تایبەتی بەکارهێنا لەناوچەی بەلقان، وە ئەم ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان بوو، پەیوەندی لەنێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا، چونکە باش بوونی پەیوەندی ڕوسیا و عوسمانی زیانی زۆری هەبوو بۆ بەریتانیا، لەبەر ئەوەی ئەم ململانێیە بووە هۆیەک بۆ دەست پێکردنی جەنگی قرم لە ١٨٥٤، بەریتانیا و فەرەنسا بوون بە لایەنگری عوسمانی دژی ڕوسیا، وە توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەسەر هێزەکانی ڕوسیا لە کۆتایی ئەم شەڕە لە ١٨٥٦.

هەرچەندە ڕوسیا سەرکەوتوونەبوو لە جەنگی قرم، بەڵام لەهەوڵەکانی بەردەوام بوو لەناوچەی بەلقان، وە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها گەیشتن بۆ ئاوە گەرمەکان وە دوای گەیشتنی بۆ دەسەڵات لەلایەن (ئەسکندەری دووەم ١٨٥٥ – ١٨٨١) کە هاتە سەر دەسەڵات دوای براکەی نیقۆلای یەکەم، هەوڵێکی زۆری دا بۆ گەیشتن بۆ ئاوە گەرمەکان بۆیە توشی ململانێ بوو لەگەڵ بەریتانیا بۆیە سیاسەتی ڕوسیا لەو سەردەمە هەوڵدان بوو بۆ هاندانی دانیشتوانی بەڵقان بۆ شۆڕش کردن دژی دەوڵەتی عوسمانی، وە عوسمانیەکان توشی لاوازی بوون لەگەڵ کۆتایی سەدەی ١٩ز، بۆیە ئەمە فرسەتێکی باش بوو بۆ ڕوسیا بۆ دەست درێژی کردن بۆ کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی.

سەبارەت بە هاوپەیمانەکانی ڕوسیا لە سەدەی ١٩ز :-

لە ساڵی ١٨٧٣ز هاوپەیمانی سێقۆڵی مۆرکرا لەنێوان ئەڵمانیا و نەمسا و ڕوسیا، بەڵام وادیارە بەرژەوەندیەکانی ڕوسیا نەدەگونجا لەگەڵ ئەڵمانیا و نەمسا بەتایبەتی لەناوچەی بڵقان،

بۆیە لە ئەنجام دا بڕیاری دا حکومەتی ڕوسی بە بەجێهێشتنی ئەم دوو دەوڵەتە،وە لەم سەردەمە حکومەتی بەریتانی هەوڵێکی زۆری دەدا بۆ ڕاکێشانی ڕوسیا بۆ لای خۆی، وە لەگەڵ سەرەتای سەدەی (٢٠)، وە لە ساڵی ١٩٠٧ هاوپەیمانی دوو قۆڵی مۆرکرا لەنێوان بەریتانیا و ڕوسیا، وە لەگەڵ نزیک بوونەوەی ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوسیا کەوتە لای بەرەی هاوپەیمانان کە لە بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیا پێک دەهات.

دەربارەی بارودۆخی ناوخۆی ڕوسیا ئەم وڵاتە لە چەند نەتەوەیەک پێک دەهات وە ئەم نەتەوانە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی قەیسەری ڕوسیا بوون، وە سیاسەتی زوڵم و زۆرداری و توندوتیژی بەکارهات لەگەڵ نەتەوەکانی ئەو وڵاتە، بەڵام وادیارە بیروباوەڕەکانی ئازادی و سەربەستی دەستی پێکرد بە بڵاوبوونەوە لە بەشەکانی ڕوسیا لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز، هەرچەندە سیاسەتی چەوسانەوە بەکار دەهات، بەڵام داواکاری زۆر بوو بۆ ڕزگار بوون لەم ڕژێمە.

وە لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیست لە ساڵی ١٩٠٥ز یەکەم شۆڕش دەستی پێکرد لە ڕوسیا لەلایەن چینی ناوەند، وە کرێکاران دژی دەسەڵاتی قەیسەر، بەڵام سەرکەوتوونەبوو، شۆڕشی دووەم لە ساڵی ١٩١١ ڕووی دا لەم وڵاتە بۆ هەمان ئامانج بەهەمان شێوە سەرکەوتوونەبوو تا ڕودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر (بلاشفە) لە ١٩١٧ لەلایەن چینی ناوەند وەچینی کرێکاران وە چینی جوتیاران بە سەرکردایەتی (ترۆتسکی، لینین)، وە لەئەنجام دا میللەتی ڕوسی سەرکەوتوو بوون لە کۆتایی هێنان بە ڕژێمی قەیسەریەت، وە کۆتایی هات بە دەسەڵاتی خێزانی ڕۆمانۆڤ، وە ڕژێمی الاشتراکیەت دەستی پێکرد لەم وڵاتە.

وە ئەم شۆڕشە لە دەرەنجامی گەشەکردنی چینی ناوەند بوو لە ڕوسیا، وە ئەندامەکانی ئەم چینە لەگەڵ کرێکاران داوای چاکسازی وە ئازادیان دەکرد، وە دوای ئەم شۆڕشە لە ڕوسیا

کاریگەری گەیشتە پۆڵندا، وە پۆڵندیەکان دەستیان کرد بە شۆڕش کردن دژی داگیرکەری ڕوسی، وە لە ١٩١٨ پۆڵندیەکان سەرکەوتووبوون لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەروەها یەک لە ئەنجامەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا ڕزگار بوونی میللەتی فنلندا بوو لە دەسەڵاتی ڕوسیا لە ١٩١٧، وە دوو دەوڵەتی گرنگ دامەزرا لە ئەوروپا کە کۆماری (پۆلندا و کۆماری فنلندا) بوو، وە کۆماری یەکێتی سۆڤیەت دانی نا بە سەربەخۆیی ئەم دوو دەوڵەتە، بەم شێوەیە ڕوسیا دوای ڕودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەرچوو لە جەنگی یەکەمی جیهانی.